# خاکی بێ خاوەن

# زمانی چیا، خۆڵەمێش

سێ شانۆنامە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

هارۆڵد پینتەر

# خاکی بێ خاوەن

# زمانی چیا ، خۆڵەمێش

سێ شانۆنامە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
عەلی عوسمان یاقووب

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

هارۆڵد پینتەر
"خاکی بێ خاوەن. زمانی چیا. خۆڵەمێش" سێ شانۆنامە
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٤
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-88-1

# خاكى بێ خاوەن

## NO MAN’S LAND

پێشكێشه به جيمى واكس

No Man’s Land
Grove Weindefeld
New York, 1975

# نهێنیی دیالۆگەکان لە شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن"دا

عەلی عوسمان یاقووب

"هارۆڵد پینتەر" لە ساڵی ١٩٧٤ شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن"ی نووسی. ڕووداوەکان لە ژوورێکی گەورەی ناو خانوویەکی زۆر خۆش و نایاب لە "هامپستێد"، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای لەندەن بەڕێوە دەچێت. "هێرست" نووسەرێکی سەر بەچینی ئەرستۆکراتە. خولیای مەیخواردنەوەیە و لەگەڵ "فۆستەر"، کە لەوە دەچێت سکرتێری بێت یاخۆ کەسێک بێت شتەکانی بە دەست بۆ بنووسێتەوە، هەروەها "بریگز"، کە ڕەنگە خزمەتکاری یاخۆ پاسەوانی کەسێنی بێت، لەناو ئەم خانووە گەورەیەدا دەژین. کارەکتەری چوارەم "سپوونەر"ە، کە شاعیرێکی فاشیل و پەڕپووتە. "هێرست" بە ڕێککەوت لە مەیخانەی "جاک سترۆ" لە "هامپستێد" چاوی پێ دەکەوێت و ئاشنایەتیی لەگەڵدا پەیدا دەکات. ئیتر بۆ خواردنەوە بانگهێشتنی ماڵەوەی دەکات و شەوێک دەبێت بە میوانی ئەو. "هێرست"، کە ماوەیەکە هیچی نەنووسیوە یا بڵاو نەکردووەتەوە، ناتوانێت توانا داهێنەکانی خۆی دەربخات. بۆیە دەکەوێتە دۆخێکی ئاڵۆزەوە. دەشێت ناونیشانی شانۆنامەکەش لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت. "فۆستەر" و "بریگز"، کە جار جار دەردەکەون و لەوە دەچێت دەسەڵاتیان بەسەر گەورەکەیان، واتە "هێرست"، زیاتر بێت لە دەسەڵاتی ئەو بەسەر ئەمانەوە. "سپوونەر"، ئەو پیاوە داماوەی، کە پێویستی بەپەناگەیەکە، هەوڵ

دەدات توانا داهێنەکانی "هێرست" بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی لە دۆخە ئاڵۆزەکە ڕزگار بێت. ئەم شانۆنامەیە، کە تێدا مەیخواردنەوە لە ئێوارەدا ڕێگە بۆ بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانی خۆش دەکات، "هێرست" دەخاتە دۆخێکی بێئاگایی و "سپوونەر"یش شەوێک بەر لە کۆتایی بەشی یەکەمی شانۆنامەکە دەخاتە ژوورێکی داخراو. بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر، "هێرست"، کە ڕووداوەکانی شەوی پێشتری بیر چووەتەوە، بەناوێکی جیاواز سڵاو لە "سپوونەر" دەکات و یادی ڕۆژگارە کۆنەکانیان لە "ئۆکسفۆرد" دەکاتەوە. لە ئەنجامدا، "سپوونەر"یش لەگەڵ "هێرست" بەشداری لە یادکردنەوەکە دەکات و خۆی دەکات بە بەشێک لەو ڕابردووە و بۆنەکە دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەرە بەرە داوای لێ بکات بیکات بە سکرتێری خۆی. بیرەوەرییەکان بە ڕادەیەک "هێرست" مەست دەکەن، کە ناتوانێت بایەخ بە داواکەی "سپوونەر" بدات. شانۆنامەکە زیاتر پرسیار لەبارەی مەرگ، یادگاری، هونەر، هەروەها پیری، ئەو تەمەنەی مرۆڤ ناچارە پێیدا تێپەڕێت، دەورووژێنێت لەوەی وەڵامی پرسیارەکان بخاتە ڕوو. کارەکتەرەکان، لە چوارچێوەی گەڕان بەدوای پێوەندییەکان، بواریان پێ دەدرێت قسە لەسەر پشێوییە کەسێنییەکانی خۆیان بکەن بێ ئەوەی کەس قسەکەیان پێ ببڕێت. "سپوونەر"ی کڵۆڵ و داماو هەموو کارێکی ناخۆش دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرامبەر ئەو دۆخە ئاڵۆزەدا خۆی بگرێت، کە بێهوودە هەوڵ دەدات خۆی لێ دەرباز بکات. "فۆستەر" و "بریگز" لە ڕۆڵە هەڕەشە ئامێزەکانیاندا پاڵەپەستۆیەکی ترسێنەر بەسەر "سپوونەر"دا جێبەجێ دەکەن لە کاتێکدا ئەو خەریکی بەگەڕخستنی توانا داهێنەکانی "هێرست"ە. تێکستی ڕێنوێنییەکان، کە هەڵکەوتەی کەرەسە شانۆییەکان، هەروەها شێواز و جووڵەی

کارەکتەرەکان ڕوون دەکاتەوە، ڕەنگدانەوەی بابەتە گرینگەکانی شانۆنامەکەن و گوزارشت لە ماڵی "هێرست" دەکەن وەکو شوێنێکی چەقبەستوو، کە کۆنە دۆلابێکی تێدا هەیە، سەرەکەی تەختەبەردێکی مەڕمەڕە، تەختەی پشتەکەی مسە و ڕەفکەکانی کراوەن. لەسەر ڕەفکەکان چەندان بوتڵی جۆرەوجۆر دانراون.

دەکرێت هەموو شانۆنامەکانی " پینتەر" لەژێر ناونیشانی "گۆڕانی مەتەڵەکان" کۆ بکەینەوە، چونکە هەر لە سەرەتای هەوڵەکانییەوە بیرۆکەی "بێدەنگیی هەڕەشەئامێز"، نائاسوودەییەکی لێڵ و نادیاری زاڵ، پەڕاندنی وشەیەک یا چەند وشەیەک لە هەندێ لە دیالۆگەکان وەکو خەسڵەتێکی بەرچاو لە شانۆنامەکانیدا دەکەونە بەرچاو.

بەڵام، دواجار، ئەمە دنیای پینتەرە و شتەکان بەو شێوەیە نین، کە مرۆڤ لە یەکەم سەیرکردندا یا دووەم سەیرکردندا دەیانبینێت. "هێرست" زۆر ئێش و ئازاری چەشتووە. مرۆڤێکی بەدمەستە و بەحاڵ دەتوانێت سێ دەقیقە دوور لە بوتڵەکە خۆی بگرێت. لە ڕواڵەتدا زاکیرەی هەرەسی هێناوە. بە ئاستەم شێوەی "سپوونەر"ی دێتەوە یاد، کە پێی وایە ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەو کاتە هاوپۆلی بووە لە "ئۆکسفۆرد"، یان تۆ بڵێی وا بێت؟ دەشێت زۆر خواردنەوەکە ئەو شتەی لە خەیاڵدا دروست کردبێت. لەوانەیە "سپوونەر"یش هەر وا خۆی پێشان بدات، کە پێشتر لە ئۆکسفۆرد بووە بەو هیوایەی بتوانێت نەختێکی تر خواردنەوەی دەست کەوێت. هەرچەندە "هێرست" کەسێکی قسەڕۆیە و دەسەڵاتی هەیە، بەڵام هێشتا لەژێر دەسەڵاتی خزمەتکارەکانیدایە. "فۆستەر" بەردەستێکە، کە سەری لە هەموو شتێک دەردەچێت. هەموو شتێکی لێ دەدزێت. "بریگز" گەورە بەردەستێکی بەهەڕەشەیە، بەدەنگی بەرزەوە فەرمان دەردەکات و

"هێـرست"یش بـە ملکەچیـیـەوە جـێـبـەجـێی دەکـات. لەوە دەچێت "سـپـوونەر"یش بیـەوێت بچێتـە ریزی ئەو دوو شـەقـاوەیەوە بۆ ئەوەی بە ئەسـپـاییـیـەوە خـۆی ببـاتە پێـشـەوە، بەو هیـوایەی ئەویش بتـوانێت لە سـامـان و سـەرمـایەی "هـێرسـت" بدزێت. خـۆبردنەپێـشـەوەکـەی لەوە دەردەکـەوێت، کـە خـۆی وەکـو هـاوڕێیـەکی خـەمـخـۆر پێشـان دەدات و بە "هێـرست" دەڵێت: "باسی ئەلبـوومی وێنەکـانت کرد. دەتوانم لەگـەڵ تۆ

سـەیری بکەم. دەتوانم نـاوی دەمـوچاوەکـان دیاری بکەم.

ئەمـەیش ئاشکراکـردنێکی ڕاست و بێ هەڵەیە. بەڵێ من

دڵنیام دەتوانم لەم بوارەدا ببم بەهاوکارێکی زۆر باش"

حـاڵەتە تـەمـومـژاوییـەکـان، هـاوکـات لەگـەڵ گـاڵتـەچیـیـەتیـیـە ڕاسـتـەقـینەکـان، کـە جار جار دێنە پێشـەوە، درێژە بەئێوارەکە دەدەن. بەرچاوترین چرکـەسـات ئەو کاتـە دێتە پێشـەوە، کە هـەردووکـیان، واتە "سپوونـەر" و "هێرست" ڕۆژگاری هەڕەتی گەنجییەتی و سـەرکـەوتن و جێبەجێکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان بیر دەکەوێتەوە. "سـپوونـەر" شـەرمن و بەحـەیایە. "هێـرست" لەمـەدا خـۆهەڵکێش و فـشـەکـەرە. لە سـەرەتـادا چاوڕوونـیی لێ دەکـات، کـە بە درێژاییی ژیانـی هـەوڵـی جـوانکردنی فـۆرمی لەشی داوە و ئینجـا بـاسی جـۆران پێـشـبـڕکێ دەکـات، کـە "سـپـوونەر" بـەشـداریی تێـدا کـردووە لە کـاتێکدا ئەو، واتە "هێرست" خەریکی تەفرەدانی ژنەکەی ئەو ـ ئێمیلی ـ بووە بەمەبەستی جووتبوون. "سـپوونەر" هێندە بەم ئاشکراکردنە دڵتەنگ نابێت. پاشـان، ئاخـۆ بەڕاسـتی بڕوا بە قـسـەکـانی "هێـرست" دەکـات؟ یان پێی وایە خـەیاڵکردنی خـڵـەفـاوێکی بەسـاڵاداچـووە؟ بەدیوێکی تردا، تۆ بڵـێی "سپوونەر" لەوە ڕاست بکات، کە "ئێمیلی" بەڕاستی ژنی ئەو بووە؟ یان تۆ بڵێی هـەر لە بنـچینەدا ژنی هێنابێت؟ ئەمە ڕوون نییە. مەسـەلەکانی

تریش هـەر وان. خـودی نـاونیـشـانـەکە چەندین لێکدانەوەی جـیـاجـیـا هـەڵدەگرێت.

"مـایکڵ بیـلـینگتن"[١] پێی وایە ئـەم شـانۆنامـەیە لە بنچینەدا لەبارەی هەلومـەرجی کـەسێنیی "هارۆڵد پینتـەر"ەوە خـۆیەتی. "پینتـەر" ترس و نیگەرانییەکانی خۆی دەخاتە پاڵ "هێرست" و "سپوونەر". "پیتەر هۆڵ"، کـە بۆ یەکـەم جار شـانۆنامـەکـەی خـسـتـە سـەر شـانۆ، سـەبارەت بە شـانـۆنامـەکـە، دەڵێت: "لەبارەی سـروشـتی هـونەرمـەندەوە". تـەنانەت "ئەنتـۆنیـا فـراسـەر"ی هـاوسـەری "پینتـەر"یش دەیبـەسـتـێـتـەوە بە هەلومـەرجی کـەسـێنیی "پینتـەر"ەوە. "فـراسـەر"، بەپێی قـسـەکـانی "بیـلـینگتن"، پێی وایە شـانۆنامـەکـە سـەردەمـێک لە نائاسـوودەیی و بەدبەخـتـیی "پینتـەر"ی تێـدا بەرجـەسـتـە دەبێت، کـە هاوسـەرگـیـریی یەکـەمی لە هەرەسـهـێناندا بـوو و زۆر لە بەهرە سـیـاسـیـیـەکـانی ئەو دامرکێنرانەوە. بۆیە شانۆنامـەکە دڵپەستکەرە و بەرهەمی یەکێک نییە دروشـمـێکی هەڵگرتبێت و ناڕەزاییی بەرامـبەر بەبارودۆخی جیـهـان دەربڕێت.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەم شـانۆنامـەیەش، وەکـو شـانـۆنامـەکـانی تری "پینتـەر" ڕەهەندێکی گشـتی لەخـۆ دەگـرێت ئەگـەرچی لە کرۆکـەوە لە نیگەرانییـەکی کەسێنییەوە سەرچاوە دەگرێت. ترس و نیگەرانییـەکانی "پینتـەر" دەبێت بە هی ئێمـە. کاتێک ئەم شـانۆنـامـەیە لە سـاڵی ١٩٩٢ لەسەر شانۆی "ئەلمێیدا" لە لەندەن پێشکێش کرا و "پینتەر" خۆی ڕۆڵی "هێرست"ی تێدا بینی، "جۆن پیتـەر" لە ڕۆژنامـەی "سـەندای تایمز"دا خەسڵەتە سـەیر و وڕێنەئاساکانی لە هەموو کەسێک باشتر خستە پاڵ

---

١. بڕوانە لاپەڕەکانی (٢٤٤-٢٥٠) لە

Billington, michael,Harold Pinter, faber and faber 1996.

ئەم شانۆنامەیە: "شانۆنامەکە بەردەوام لە مێشکتدایە و پەستت دەکات، چونکە قسە لەبارەی نەستەوە دەکات و لەگەڵ نەست دەدوێت. "سپوونەر" نەک هەر شاعیرێکی پەرپووتە، بگرە خودی دووەمی "هێرست"ە، دەروونییەتی، بیرخەرەوەیەکی بێنەزاکەتی یادگارەکانییەتی... بۆیە هەریەکەیان خەسڵەتەکانی ژیانی خۆی لە ئەوی تردا دەناسێتەوە. "هێرست" لەنێو مێشکدا پاشایە، پاشایەکی لووتبەرز و رووخێنەر. "سپوونەر" لەنێو پانتاییی ئەو مێشکەدا، ئاوارەیە، بێئارامە بەڵام کۆڵنەدەرە. شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن" شیکردنەوەی ژیانێکە تێدا نوشووستییەکی ناپەسند لە کۆڵ سەرکەوتن و بەختەوەرییەکی رێکوپێک نابێتەوە، خەم و خەفەتێکی کەسێنی لە هەناوی بارودۆخێکی گشتیدایە"

دیارە هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکان ئەم بەیەکتربەستنەوەیەی "هێرست" و "سپوونەر" لە دیوی ناوەوەدا بەهێزتر دەکات. هەر چوار ناوەکە ناوی یاریزانەکانی کریکێتن، کە پێش ١٩١٤ بەناوبانگ بوون. "جۆرج هێرست" یاریزانێکی دڕ و شەڕانیی کریکێت بوو لە"یۆرکشایەر" و "ئار. ئێچ. سپوونەر"یش یاریزانێکی کریکێت بوو لە "لانکشایەر". لە "پێشبڕکێی گوڵەکان"، کە بریتی بوو لە یارییەکانی کریکێت لە نێوان یانەی "یۆرکشایەر"، کە دروشمیان گوڵێکی سپی و یانەی "لانکشایەر"، کە دروشمیان گوڵێکی سوور بوو، دوو نەیاری یەکتر بوون و ناوەکانیان بەیەکتر بەسترابووەوە. لە کاتێکدا "پینتەر" دەڵێت، ئەو نەیویستووە کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە دەقاودەق

هاوشـێوەی هـاوتاكـانیـان بن، بەڵام هـەڵبژاردنـی ناوەكـانیـان لەخـۆڕا نەبووە. یادگـارەكـانی "سـەردەمی زێڕیـن"، كـە بە جـەنگی جیـهـانیی یەكـەمـەوە كـۆتایی پێ هات، دەوروووژێنێت، هـەروەها ئەو پێـوەنـدییـە شاراوەیەی نێوان "سپوونەر" و "هێرست" دووپات دەكاتەوە.

ئەم وێنـەیەی "هێـرست" و "سـپـوونەر"، كـە لـەلایەكـەوە جـیـاوازن و لـەلایەكی ترەوە لـەســەر یـەک بەنـدن، كلیلێكی گــرینگە بـۆ مــانـا و پێكهاتەی شـانۆنامـەكە. خاڵی سەرنج ڕاكێش لە شـانۆنامـەكەدا دیوە پێچەوانەكـانیەتی. لە سـەرێكەوە شـانۆنامەیەكی وشكە و مرۆڤ پەست دەكـات، لە سـەرێكی تریشـەوە پانتـاییـیـەک لە قـۆشـمـەچێتـیی لەخـۆ دەگرێت. لە سەرێكەوە هەست و سـۆزێكی لەریكئـامێز لەخۆ دەگرێت و لە ســـەرێكی تریشـــەوە پێكەنین دەوروووژێنێت. "پـیـتـــەر هـۆڵ"، كـــە شــانۆنـامــەكـەی دەرهێنا، ددان بـەوەدا دەنێت، كـە هـەســتی كـردووە شـانۆنامـەكە بەڕاسـتی لەبارەی جـەمسـەرە جیاوازەكانە: بلیمـەتیی لە بەرامـبـەر كـەمـوكـورتی لە بەهرە، سـەركـەوتن لە بەرامـبـەر نوشـوسـتی، سـەرخـۆشـی لە بەرامبەر هـێمنی و هـۆش لەسـەرخـۆبوون، ڕێكوپێكیی لە بەرامبەر پەڕپووتی، توندوتیژی لە بەرامـبەر نەرمونیانی، بێنەزاكەتی لە بەرامـبـەر زمـانـلـووسـی، چەقـبـەسـتن لە بـەرامـبـەر گـۆڕان، ڕابردوو لە بەرامــبــەر ئێــســتــا، بیــرەوەری لە بـەرامــبــەر واقـیـع... تاد. بـەڵام ئەم جەمسـەرە جیـاوازانە بەردەوام لەسـەر یەكتر دەژین وەک ئەوەی "پینتەر" بیەوێت بڵێت كاتێ ئێمـە بەرەبەرە بەرەو مەرگ دای دەكێشین، هـاوكات باشـتر لەوە دەگـەین، كە ژیان چۆن بووە و چۆن دەبێت. "جـۆن بوش" لە نووسـینێكدا لە كـۆواری "درامـای مـۆدێرن ـ Modern Drama" مـشـتـومـڕ لەسـەر ئەوە دەكات، كـە شـانۆنامـەكە لەبارەی دۆخـێكی چەقبـەسـتووەوە وەک دواین باری لـە جـووڵە خـسـتن: كـاتـێ "سـپـوونەر" هیـچ گـۆڕانێک

ناهێنێتـه دی، کـاتێ هیچ بەرەوپێـشـەوەچوونێک لە کـارەکـتـەر و لە دۆخـەکەدا جێبەجێ نابێت. خۆ ئەگەر ئەمـە ڕاست بێت، دیارە "خـاکی بێ خـاوەن" بە شـانۆنامـەیەکی وشک و مـردوو وەسف دەکرێت، بەڵام ئەوەی وزە و تین و تەکـان دەبەخـشـێـتـە شـانۆنامـەکـە ئەو گـۆڕینە بەردەوامـەی نێـوان جـەمـسـەرە دژەکـانی پەککەوتن و چالاکبـوون، هەروەها خـۆڕاگری و خـۆبەدەسـتـەوەدانە. هـەوڵەکانـی "سـپـوونەر" بۆ بەگـەڕخستنەوەی خـەیاڵی داهـێنەرانەی "هێـرست" لە دوا سـاتەکـانی ژیانیدا ناکۆکە لەگەڵ ئەو زانیارییەی، کە ئێمـە لە خاکێکی بێ خاوەن یا دۆخێکی ئاڵۆزداین، کە بە تاریکی ئابڵووقە دراوە. ئەمـەیە گوڕ و تین دەدات بە شـانۆنامـەکە. کلیلی ئەم شـانۆنامـەیەی "پینتـەر" جـەمـسـەرە دژەکان و هێڵە هاوتەریبەکانە. مرۆڤ هەر لە سـەرەتای شانۆنامـەکەدا تێـبـینیی ئەوە دەکـات. "هێـرست" زۆر پۆشـتـەیە، زرنگە، نەبزۆکـە. "سـپوونـەر" دەستـەجلێکی زۆر شڕ و پەڕپووتی پۆشـیوە، زۆربلێـیـە، بێ ئۆقـرە و بێ ئارامـە، بەڵام لە پشت ئەم جیـاوازییـانەدا هەندێک خـاڵی هـاوبەش هەن. "سـپـوونەر" لە "هێرست" دەپرسێت: "ئاخـۆ تۆ هەردەم کاتی خۆت لە "هامـپستێد گیث" بەسـەر دەبەیت؟" پاشـان "هێرست" پرسـیـار لە "سـپـوونەر" دەکـات: "پێم بڵـێ... تۆ جـاروبـار بە دەوروبەری کـۆشکی جـاک سـتـرۆدا[2] دەچیت؟" "هێـرسـت"، کـە زۆر لـە دۆخــە کـوشندەکـە بەئاگـایە، لە دەروونەوە هەست دەکـات زۆر پێـویسـتـی بە هـاوڕێیـەتیـیـەک هەیە، کـە مـایەی دڵدانـەوە بێت: دوو کـووپ لەسـەر ڕەفکەکە دانراون و "هێرست" خۆی بانگهێشتنی "سپوونەر" دەکات بۆ مـاڵەوە. لە هەمـان کـاتدا "سـپـوونـەر"، کـە پەرێشـانە بەرانبـەر بە

٢. "کـۆشـکی جـاک سـتـرۆ"یەکـێکە لە مـەیخـانـە مـێـژوویی و_ بەناوبـانگەکـان لە "هـامپستێد هیث" لە لەندەن.

خواردنەوەکەی "هێرست" ، بە دەستەپاچەیی خۆی و یادگارەکانی لەگەڵ ژنەکەی، ئەوە پێشان دەدات، کە بەڕادەیەکی زۆر پێویستی بە هاوڕێیەتی هەیە. بۆیە، "سپوونەر" لە یەک کاتدا بۆ "هێرست" دەبێت بە "خودی دووەم" هەروەها بەو توانا شاراوەیەی، کە لە دۆخە ئاڵۆزەکە ڕزگاری دەکات. بۆیە پێی دەڵێت: "ڕێگەم پێ بدە با ببم بە بەلەمەوانت، چونکە ئێمە هەر کاتێک، کە باسی ڕووبار دەکەین، ئەوا باسی شوێنێکی سارد و شێدار دەکەین. بەواتایەکی تر، هەرگیز بە سووکییەوە لەو دەستە مەڕوانە بۆ یارمەتیدانی تۆ درێژ دەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر سروشتێکی دەگمەن و نایابی هەبوو "

"بیلینگتن" پێی وایە "پینتەر" لێرەدا ئاماژە بە "چارۆن" واتە بەلەمەوانەکەی شاعیری ڕۆمانی کۆن "ڤێرگیل" دەکات، کە لە داستانە شیعرییەکەی "Aeneid "، کە بە عەرەبی "الانیاذە"ی پێ دەڵێن، هاتووە. ئەو بەلەمەوانە، پاڵەوانە کوڕ و کچەکان، بە بەلەمەکەی خۆی دەگوازێتەوە بۆ "ئەلیسیەم"، کە بەپێی میتۆلۆجیای گریکی دواین ئارامگەی ڕۆحی پاڵەوانەکانە.

وەکو گوتمان، شانۆنامەکە لەسەر بنچینەی دیوە هاوتەریبەکان و پێچەوانەکان داڕێژراوە. "پینتەر" هەر لەگەڵ دەرکەوتنی "فۆستەر" و "بریگز" جۆرێک لە ململانێ لە نێوان دنیای ئەم دوو کەسە و دنیای "سپوونەر" پێشان دەدات. "سپوونەر" سەیر دەکات "هێرست" بە سکەخشکێ بەرەو دەرگەکە دەچێت. دەیکاتەوە و هەر بە سکەخشکێوە دەڕواتە دەرەوە". دوای کەمێک بێدەنگی دەڵێت: "من پێشتر ئەمەم زانیوە، لەسەر سک و عەرزەکەوە، لە دەرگە بچیتە دەرەوە". "فۆستەر" هەر لەگەڵ هاتنەژوورەوەیدا شێوازێکی سەرکێشانە لە ئاخاوتن پێشان دەدات و دەڵێت:

"ئەوە چی دەخۆیتەوە؟ بەخوا من تینوومە. چۆنیت؟ لە تینوویێتییدا وشک هەڵگەڕاوم"

"سپوونەر" شاعیرێکی تەڵەکەباز و پەڕپووتە و خەسڵەتێکی لاوازی تایبەت بە ئەدەبی گەڕەکێکی لەندەن، هەروەها هەڕەتی گەنجێتیی سالانی چلەکان و پەنجاکانی ئەو گەڕەکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. دوو خزمەتکارەکە، دەسەڵات و روونی لە هەڵوێست و شارەزاییەکی کاڵفامانەی تازە پیاکەوتووەک دەورووژێنن، کە دڵی بە دنیای ئەو زەوق و سەلیقەیە خۆشە، کە وەکو میرات بۆی ماوەتەوە. "فۆستەر" لە یەکێک لە حیوارە هەرە سەیر و قۆشمەکانیدا دەڵێت: "دنیای جلوبەرگی ئاوریشمە، دنیای مۆزلینە*. دنیای ڕێکخستنی گوڵەکانە، دنیای کتێبەکانی هونەری چێشت لێنانە لە سەدەی هەژدەم. هیچ پێوەندییەکی بە چپس و نوقڵەسێوەوە** نییە. دنیای شیری ناو بانیۆی خۆشتنە. دنیای زەنگی پەتدار***. دنیای ڕێکخستنی شتەکانە"

ڕاستی، شەڕی نێوان "سپوونەر" و دوو خزمەتکارەکە، واتە "فۆستەر" و "بریگز" لە پێناوی دەسەڵاتدا بە درێژاییی شانۆنامەکە شتێکی ڕوونە، بەڵام "پینتەر"، بەپێچەوانەی شانۆنامەکانی پێشتری،

---

* مۆزلین یان ئۆرگاندی وەک لە تێکستەکەدا هاتووە، بریتییە لە قوماشێکی لۆکەی تەنکی گرانبەها.

** مەبەست لە نوقڵەسێو، کە بە ئینگلیزییەکە toffeeaple یان candied apple ئەو سێوەیە، کە بە نوقڵ و شیرینی دادەپۆشرێت و دارێکی بچووکی تێ دەئاخنرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانی بیخوات.

*** مەبەست لە زەنگی پەتدار، ئەو زەنگەیە، کە بە پەتێکەوە بەستراوە و بە ڕاکێشانییەوە زەنگەکە لێ دەدرا. جاران لە ماڵە گەورەکان بۆ کۆکردنەوەی خزمەتکارەکان بەکار دەهات.

خەسڵەتێکی دڕندەیی ناخاتە پاڵ ئەم ململانێیە، بگرە بەشێوەیەک بەڕێوەی دەبات، کە تا ڕادەیەک شاراوەیە و بە ئاستەم هەستی پێ دەکرێت. لە کۆتاییی بەشی یەکەمدا، دوای ئەوەی "بریگز" "هێرست" دەبات بۆ لای دەرگەکە و لەوێشەوە بۆ دەرەوە، "فۆستەر" لە ڕەفتارێکی هێمنی سادییانەدا دەورەوبەرەکە دەخاتە ژێر بارێکی تەواو تاریکەوە و گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە. بەشی دووەمی شانۆنامەکە، کە بەیانیی ڕۆژی دواترە، بە شەڕی مشک و پشیلەئاسای نێوان "سپوونەر" و "بریگز" دەست پێ دەکات. "سپوونەر" خۆی وەکو کەسێکی بێباک و لووتبەرز دەردەخات کاتێ دەڵێت: "خواردن؟ دەستم پێی نەکەوتووە". دوای ئەوەی "بریگز" ڕای دەگەیەنێت، کە ڕاوێژکاری دارایی دەرنەکەوتووە، چونکە کەوتووەتە ناو تەنگژەیەکی داراییی گەورە، ئیتر دەست بە قسەکردن دەکات لەبارەی سیستەمێکی ئاڵۆزی شەقامەکانی یەکسەرە، کە بۆ مرۆڤ ئاسان بوو بچێتە ناوی. بەڵام تەنیا کێشەکەی ئەوە بوو، کاتێک دەچوویتە ناو سیستەمەکە، نەتدەتوانی لێی بێیتە دەرەوە. "بریگز" بەوردی باسی ئاڵۆزیی ئەو سیستەمە دەکات هەر بۆ ئەوەی بۆ "سپوونەر" بیسەلمێنێت، کە سەرەڕای کاڵفامیی خۆیەوە، مرۆڤێکە لە نهێنییە ئاڵۆزەکانی ژیان دەگات. لە ڕوانگەی پراکتیکیی تایبەت بە تەکنیکی شانۆیی دەشێت باسکردنەکە هەوڵێک بێت بۆ بەسەربردنی کاتی سەر شانۆ، لە ماوەی خەریکبوونی "سپوونەر" بە خواردنی بەیانی.

خەیاڵی داهێنەرانەی "پینتەر" لە بنچینەدا لەسەر دوو جەمسەریی داڕێژراوە بەو پێیەی ناوەڕۆکی گشت بەرهەمەکانی "پینتەر" جەمسەرێکی خۆنواندنە و ئەوەکەی تریشی ریالیزمە، جەمسەرێکی پێکەنینە و ئەوەی تریشی جیدییەتە. ئەم بەیەکداکردن و تێکەڵاوبوونە

لەم شانۆنامەیەدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت. کاتێ "هێرست" لە بەیانییە درەوشاوە و خۆرەتاوەکەی ڕۆژی دواتر بە گورجوگۆڵییەوە بە ناوی "چارڵز"ەوە سڵاو لە "سپوونەر" دەکات: "چارڵز، کارێکی چاکت کرد سەردانت کردین." ئیتر دەکەوێتە ناو گەمەی یادگارییەکان لەبارەی ڕۆژگاری دڵداری و جووتبوونەوە لە "ئۆکسفۆرد". گەمەکەیش ڕەهەندێکی کێبەرکێ لەخۆ دەگرێت تێدا ناوە ڕاستەقینەکان وەکو بەڵگەیەک بۆ بردنەوە بەکار دێن و "سپوونەر" ناپاکییە سێکسییە گومان لێکراوەکانی "هێرست" یەک یەک دەخاتە ڕوو: " ئەوەیشت بیر بێنمەوە، کە "مۆریاڵ بلاکوود" و "دوورێن بوسبی" تا ئێستاش لەو زوڵم و زۆرلێکردنە سێکسییە نابەجێ و فەوتێنەرە بەهۆش نەهاتوونەتەوە و خۆیان نەگرتووەتەوە؟ ئەدی ئەوەیشت بیر بێنمەوە، کە هاوڕێیەتی و بەڕەفتاریت لەگەڵ "جیۆفری ڕامسدێن" لە ئۆکسفۆرد بوو بەبابەتی قسەوباس لە کۆلێجی "بالیۆل" و "کریست چێرچ"؟

گەمەکە ئەوەیش پێشان دەدات، کە "سپوونەر" زۆر زیرەکانە چرکەساتەکان دەدۆزێتەوە، چونکە لە چوارچێوەی ئەم کێبەرکێیە لەبارەی ئەو ڕابردووە خەیاڵییەدا هەوڵ دەدات شوێنپێی خۆی لە ئێستای "هێرست" مسۆگەر بکات و لە بەرانبەر ژیاندا وریای بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی فراوانتری جیهانیدا، ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە یادگارییەکانی ڕابردوومان بە ئاراستەیەکدا دەبەین وەکو "هۆ"یەک بۆ خۆپاراستن لە نیگەرانی و نائاسوودەییەکانمان.

لە سەرێکی ترەوە، لە نێوان نەیارەکانیشدا جۆرێک لە هاوتەریبی هەیە: "سپوونەر" باسی ئەزموونی خۆی دەکات لە "ئەمستردام". ئەو کاتەی لە دەرەوەی کافتریایەکی کەنار ڕووبارێکدا دانیشتبوو و بڕیاری دا وێنەی ئەو شتانە بکێشێت، کە دەیانبینێت لە "ڕووبارەکە، منداڵەکە،

شاگردەکە، ماسیگرەکە، عاشقەکان، ماسییەکە، پشتی دیمەنەکە، سێبەرەکە، هەروەها پیاوەکەی بەر مێزەکەی تر" و ناوی بنێت "فیکەکێش". "سپوونەر" لە ڕێگەی باسکردنی ئەم ئەزموونەوە دەیەوێت بیسەلمێنێت، کە مرۆڤێکی شارەزا و دنیادیدە و کولتوورێکی ئەوروپاییانەی هەیە. ئەمەیش بکات بە چەکێک بۆ خۆسەپاندن بەسەر خزمەتکارەکاندا. لە بەرامبەر ئەمەیشدا، هەر کەمێک دوای ئەمە، "فۆستەر" باسی ئەزموونی خۆی دەکات لە ڕۆهەلات کاتێ "پیرەمێردێکی سوالکەری پیس و پەلۆخ و ڕووت و قووت" ئەو پارە ئاسنەی گرتەوە، کە "فۆستەر" بۆی هەلدابوو، ئینجا هەلی دایەوە و "فۆستەر"یش بێ بیرکردنەوە ویستی بیگرێتەوە، بەلام پارە لەعنەتییەکە لە هەوادا ون بوو. ئەگەرچی "سپوونەر" هێندە بایەخ بەم ڕووداوە نادات و بە "نموونەی ساختەچێتییەکی ڕۆهەلات"ی دەزانێت، بەلام وەک باسکردنی ڕووداوەکەی "ئەمستردام"، ئەمەیش بۆ ساتێک بزاوتە گشتییەکە دەوەستێنێت. دیارە مرۆڤ بە درێژایی شانۆنامەکە هەست دەکات، کە ڕابردوو لە ڕێگەی زنجیرەیەک وێنەی کورت و کەمخایەن یان هەندێک چرکەساتی سەرنج ڕاکێش ئامادەبوونی هەیە و بزاوتی گشتیی ڕووداوە سەرەکییەکە دەوەستێنێت. "هێرست" خۆیشی ئەو کاتەی "سپوونەر" پێی دەلێت دەیەوێت ببێت بەهاوڕێی، لە وەلامدا دەلێت: "هاوڕێ ڕاستەقینەکانم لە ئەلبوومەکەمەوە سەیری من دەکەن.

من دنیای خۆمم هەبوو. دنیای خۆمم هەیە. وا تێ مەگە، ئێستا لە دەستم چووە، بۆیە گالتەم پێی دێت. لێی بەگومانم. گومان لە ڕاستێتیبوونی دەکەم. نا، ئێمە لەبارەی گەنجێتیی منەوە قسە دەکەین، کە جێم ناهێلێت. نەخێر... دنیایەکی بێ کەموکوڕی بوو، خەلکەکەی ناویشی توندوتۆل

و بەهێز بوون، لە کاتێکدا... بە ڕووناکی دەگۆڕا، لە کاتێکدا هەستیار بوو... بەرانبەر بەهەموو گۆڕانێک لە ڕووناکی".

لە کاتێکدا هەریەک لە "سپوونەر" و "هێرست" چرکەساتی سەرنج ڕاکێش لە ڕابردوو دێننە پێشەوە، "هێرست" لە ڕێگەی دەموچاو و ڕەفتارەکانەوە، کە بە کامێرا گیراوە، ئەم کارە دەکات. بەلآم سەرەڕای جیاوازیی شێواز و روخسارەکان، هەر سێ کارەکتەرەکان تینووی ڕابردوویەکی ئاسوودە و دیاریکراون وەک فۆرمێک بۆ خۆپاراستن لە پەرتەوازەیی و پچڕپچڕیی زەمەنی ئێستا.

ئەم شانۆنامەیە یەکەم جار لە ٤/٢٣/ ١٩٧٥ لە هۆڵی شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن نەمایش کراوە بە بەشداریی ئەم ئەکتەرە ناسراوانە: رۆڵف ریچاردسن هێرست

جۆن گیلگود سپوونەر

مایکڵ فیست فۆستەر

تێرێس ریگبی بریگز

دیزاین: جۆن بێری

ڕێژیسۆر: پیتەر هۆڵ

سەرنجێک لەبارەی ناونیشانی ئەم شانۆنامەیەوە: No' man's' land

ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە بە ئینگلیزی. ئەم ناونیشانە لە باری زمانەوە دەستەواژەیەکی سەربەخۆیە و بەپێی فەرهەنگی Cambridge Dictionary of American English ماناکەی بریتییە لە دۆخێک یا بوارێک لە چالاکی، کە هیچ پرەنسیپێکی یاسایی نییە و هیچ کەسێک تێی ناگات یا کۆنترۆڵی ناکات، چونکە تایبەت نییە بە هیچ لایەک.

فەرهەنگی Webster's New World Dictionary مانای ئەم دەستەواژەیەی بەم شێوەیە لێک داوەتەوە: *پارچە خاکێک، کە چۆڵەوانییە و هیچ کەس و لایەنێک تاپۆی یاسایی بەسەردا نییە. (واتە خاوەنەکەی دیار نییە)

* ئەو پارچە خاکەیە لە گۆڕەپانی جەنگ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرەی شەڕکەرەوە.

* بریتییە لە بوارێکی نادیاری کارکردن، دەسەڵاتداری، کاروباری ئاڵۆز... تاد.

"پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا ئەم دەستەواژەیە بە مانای پارچە خاکەکە بەکار دێنێت بەڵام بە کینایە وەک ئاماژەیەک بۆ دۆخێکی ئاڵۆز. بۆیە منیش ناونیشانی "خاکی بێ خاوەن"م هەڵبژارد.

"وەرگێڕ"

کارەکتەرەکان: هێرست        پیاوێکە تەمەنی لە شەستەکانە
سپوونەر        پیاوێکە تەمەنی لە شەستەکانە
فۆستەر        پیاوێکە تەمەنی لە سییەکانە
بریگز        پیاوێکە تەمەنی لە چلەکانە

ژوورێکی گەورە لە خانوویەک لە باکوری رۆئاوای لەندەن. هەموو کەلوپەلێکی تێدایە بە زیادەوە. کورسییەکی تۆکمە و رەحەت و پشتراست، "هێرست" لەسەری دانیشتووە. لەناو دیوارێک، چەند دەلاقەیەک دروست کراوە بۆ پەرتووک و جۆران دانە گۆزە و دیزەی تێدایە، پەرتووکەکانی راگرتووە. لەناویاندا دوو کوپی قورس و گەورە هەیە. وێنەی دەموچاویان لەسەر کراوە.

پەنجەرەکان بە پەردەی ئەستوور داپۆشراون.

لە ناوەڕاستی ژوورەکە کۆنە دۆلابێک هەیە، سەرەکەی تەختەبەردێکی مەرمەڕە، تەختەی پشتەکەی مسە و رەفکەکانی کراوەن. لەسەر رەفکەکان چەندان بوتڵی جۆرەوجۆر دانراوە: بیرە، ئارەق، شەراب... تاد.

## بەشی یەکەم

"هاوینە. شەوە"

**سپوونەر:** "لە ناوەڕاستی ژوورەکە لەسەر پێ وەستاوە. دەستەجلێکی زۆر شڕ و پەڕپووتی پۆشیوە لەگەڵ کراسێکی رەش، کە رەنگی کاڵ بووەتەوە. بۆینباغێکی لۆچاویی خاڵخاڵی بەستووە"

**هێرست:** "لە دۆلابەکەوە ویسکی تێ دەکات. زۆر پۆشتەیە. چاکەتێکی خاکیی سپۆرت و پانتۆڵێکی رێکوپێکی لەبەردایە"

وەک چۆنە، هەر ئاوا بێت؟

**سپوونەر:** بەڵێ، بەئەرک نەبێت، با هەروا بێت، رێک وەک چۆنە، هەر ئاوا بێت؟

**هێرست:** "پێکە ویسکییەکەی بۆ دێنێت"

**سپوونەر:** سوپاستان دەکەم. دەستتان خۆش. بەڕاستی لوتفتان هەیە.

**هێرست:** "ڤۆدکا بۆ خۆی تێ دەکات"

نۆشتان بێت.

**سپوونەر:** نۆشی گیانت بێت.

"دەخۆنەوە. سپوونەر فڕ لێ دەدات"

"هێرست ڤۆدگاکە بە یەکجار هەڵدەقوڕتێنێت. پەرداخەکە پڕ دەکاتەوە. دەچێتە لای کورسییەکە و دادەنیشێت. سپوونەر پەرداخەکەی خۆی بەتاڵ دەکات"

**هێرست:** تکایە، فەرموو بیخۆرەوە.

**سپوونەر:** لوتفێکی زۆرتان هەیە.

"دەچێتە لای دۆلابەکە و تێ دەکات. دەگەڕێتەوە"

بەهیوای تەندروستییەکی باش.

"دەخواتەوە"

ئەو کاتەی گەیشتمە بەردەرگە، باسی چیم دەکرد؟

**هێرست:** ئەها... با بیرم بکەوێتەوە.

**سپوونەر:** ئا! باسی هێزم دەکرد. بیرت هاتەوە؟

**هێرست:** بەڵێ، هێز.

**سپوونەر:** بەڵێ، بزانە، من ویستم بڵێم، هەندێک خەڵک هەن لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەون، کە بەهێزن. بیرۆکەکەیان سەبارەت بەوەی هێز لە چی پێک دێت، بیرۆکەیەکی بەهێزە، بەڵام ئەوانە تەنیا بیرۆکەکەیان هەیە نەک هەقیقەتەکە. ئەوەی ئەوان هەیانە هێز نییە، بگرە شارەزاییە. ئەوان برەو بە شتێک دەدەن و لەسەریدا بەردەوام دەبن، کە لە بنچینەدا بە پۆزلێدان دادەنرێت و جارجار سەر دەگرێت. ئەم پۆزلێدانە بەسەر مرۆڤی زیرەک و تێگەیشتوو نابوورێت و خێرا هەست بەبێهێزیی هەڵوێستەکە دەکات. من پیاوێکی ئاوام.

**هێرست:** مەبەستت ئەوەی دواییە؟

**سپوونەر:** بەڵێ یەکێک لەوانەی دوایی، پیاوێکی هۆشیار و تێگەیشتوو. نەک یەکێک لەوانەی پێشتر، نا، نەخێر، بە هیچ شێوەیەک، لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا یەکێک نیم لەوان.

"وچانێکی کورت"

رێگەم پێ بدەن بڵێم، ئێوە ئەوپەڕی لوتفتان هەبوو، کە بانگتان کردم بۆ ژوورەوە. بەڕاستی ئێوە یەک پارچە مەرحەمەت و لوتفن. رەنگە ئێوە هەردەم لە ئینگلتەرا و لە "هامپستێد" ئەو لوتف و مەرحەمەتەتان هەبێت، بۆ هەتاهەتایە.

"چاوێک بەملا و بەولای ژوورەکەدا دەگێڕێت"

ژوورێکی چەندە قەشەنگ و سەرنج ڕاکێشە. من لێرەدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەم. لە هەموو مەترسییەکەوە دوورم. بەڵام تکات لێ دەکەم مەترسە. زۆر نامێنمەوە. من هەرگیز لەگەڵ خەڵک زۆر نامێنمەوە. ئەوان حەز ناکەن. ئەمەیش بۆ من مەسەلەیەکی دڵخۆشکەرە. با پێت بڵێم، تەنیا ئاسوودەیی من، حەسانەوە و دڵدانەوەی راستەقینەی من، لەو پاڵپشتیکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە هەموو جۆرە خەڵکێکەوە بەدەستی دێنم، ئەوانەی لەباری ئاساییەوە کەمتەرخەم و بێ دەربەستن و ئەوانەیش، کە بە پێچەوانەن. ئەمە دڵنیام دەکات، کە من، وەک چۆن خۆیشم هەر ئاوا خۆم دەبینم، کەسێکی قایم و واقیعیم. ئەوەی پێشانی بدات، کە منی بە دڵە و هەوەسی پێم دێت یان بەرانبەر بە من هاوسۆز و بەخشندە بێت، هەر شتێک بەڕاستی ئامانجی مەیل و خۆشەویستی من بێت، ئەوپەڕی مەترسی لە دەروونمدا دروست دەکات. خۆشبەختانە ئەم مەترسییە دوورە.

"وچانێک"

من بەبێ سڵەمینەوە، بەوپەڕی راستگۆیی قسەتان لەگەڵ دەکەم، چونکە بە ئاشکرا دیارە، ئێوە پیاوێکی کەمدوون.

ئەمـەیش شـتـێکی چاکـە، سـەبارەت بەوەی بۆ من کـەسـێکی نەناسـن و هـەروەها لەبەرئـەوەی ئێـوە خـۆتان بەڕاسـتـی خـودی مەرحەمەت و لوتفن.

"وچانێکی کورت"

پێم بڵێ، تۆ هەردەم کاتی خۆت لـە "هامپسـتێد گیث" بەسـەر دەبەیت؟

**هێرست:** نەخێر.

**سپوونەر:** بەڵام لە گـەشتـەکانتـدا بەمسـەر و بەوسـەردا... ئەگـەرچی کـەمن... لە گەشتەکانتدا... بە دەگمـەن پێشبینیی ئەوە دەکەیت، تووشـی کەسێکی وەک من بێیت. دەشێت تووش بێیت؟

**هێرست:** زۆر کەم.

**سـپـوونەر:** من، خـۆم، هـەردەم لە"هامـپـسـتـێـد گـیث" دەگـەڕێم و دەسـوورێمەوە، چاوەڕوانی هیچ شتێک ناکـەم. زۆر پیر بوومـە و بەکـەڵکی هیـچ جـۆرە چاوەڕوانیـیـەک نایـەم. رایەکـەم پەسـند دەکەیت؟

**هێرست:** بەڵێ.

**سپوونەر:** ئەگـەر یەکێک هەبووبێت، تـەڵە و داو بووە، بەڵام هەڵبـەت من زۆرجـار بە دزییـەوە لە پشت چڵ و چێـودا خـۆم مـەڵاس داوە و سـەیرم کـردووە. جـارێکیـان کـابرایـەکی قـسـەخـۆش ناوی نام چاوحیزی ناو چڵ و چێوان. وابزانم قۆڕترین قسە بوو.

**هێرست:** زۆر بێمانایە.

**سپوونەر:** بە خوا راست دەکەیت.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** جێگەی سەرسامییە.

**سپوونەر:** قسەکەی زۆر زۆر راستە. هەر زمانە ئینگلیزییەکەمان ماوە. ئەی نابێ بیپارێزین؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە.

**هێرست:** مەبەستت ئەوەیە بپرسیت، رزگارکردنەکە دەوەستێتە سەر چی؟

**سپوونەر:** کەم یا زۆر.

**هێرست:** رزگارکردنەکە پێویستە بکەوێتە سەر تۆ.

**سپوونەر:** ئەم قسەیەی تۆ لوتفێکی یەکجار دەگمەن و بێوێنەیە. رەنگە لەسەر تۆش بێت هەرچەندە من هێشتا بەڵگەی تەواوم لا نییە قسەی لەسەر بکەم.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** مەبەستت ئەوەیە لەبەرئەوەی من کەم قسەم کردووە؟

**سپوونەر:** تۆ مرۆڤێکی بێدەنگیت. ئەمە شتێکی ئاسوودەگەیێنە. دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوت، دوو کەس لە ئێمە وەکو من چەنەبازی بکەن؟ کەس لەگەڵیاندا هەڵناکات.

"وچانێکی کورت"

بە راست، سەبارەت بەدزی سەیرکردنەوە، من بە راستی هەست دەکەم، ئەرکی سەرشانمە شتێک روون بکەمەوە. من بە دزییەوە سەیری دەستبازی و جووتبوونی خەڵک ناکەم. ئەمە شتێکە و بەسەر چووە. تێ گەیشتیت؟ هەر کاتێک، با بڵێم بە رێککەوت، نیگای چاوەکانم، بچەقێتە سەر جووتبوونێکی هەوەسبزوێن، ماوەکەی چەندە درێژیش بێت، دەزانم تەنیا سپێنەی چاوەکانم هێندە لە یەکتر نزیک دەبنەوە، نەوسنم دەکەن. دوورییەکە

گونجاو نییە. کاتێ تۆش ناتوانیت دوورییەکی گونجاو لە نێوان خۆت و خەڵکی تر رابگریت، کاتێ چیی تر ناتوانیت پێوەندییەکی تەواو، پێوەست بە مەسەلەکەوە، بە چاکی رابگریت، گەمەکە ئەوەندە ناهێنێت تا بیکەیت. بۆیە لە بیری بکە و بیرت نەچێت، کە ئەوەی ناچار دەبیت لە مەودای بینایییتدا رای بگریت، بۆشاییە، بۆشایی مانگەشەو، بۆشاییەکی زۆر و دوور و درێژ.

**هێرست:** تۆ پشتئەستوور بەئەزموونێکی زۆرەوە ئەم قسانە دەکەیت.

**سپوونەر:** بۆ من بایەخی نییە. ئەزموون شتێکی بێ بایەخە. هەموو کەسێک هەیەتی و درۆودەلەسەی تێدا دەکات. من مەسەلەی ئەزموون بۆ راڤەکەرە سایکۆلۆجییەکان، بۆ دنیای شەیتانیبوون بەجێ دێڵم. من خۆم دەتوانم هەر قسەوقسەڵۆکێک، کە تۆ مەبەستت بێت لە ئەزموونددا بیکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ حەز و ئارەزووی تۆ یا هی من بگونجێت. گەمەی منداڵانە. لەم رۆژگارەدا ویژدان نەماوە. من شاعیرم. حەز لەو شوێنە دەکەم، کە هەمیشە تێیدا ئامادەم و چالاکم.

**هێرست:** "هەڵدەستێتە سەرپێ. دەچێتە لای دۆڵابەکە و ڤۆدکا تێ دەکات"

**سپوونەر:** پێت وایە من زیادەڕۆییم کردووە؟

**هێرست:** من پێشبینی دەکەم تۆ لەوە زیاتر زیادەڕۆیی بکەیت.

**سپوونەر:** بەڕاست؟ تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە حەز لە من ناکەیت؟ هیوادارم وا نەبێت.

**هێرست:** نا، نەخێر، هەرگیز.

**سپوونەر:** سوپاسی جوامێری و ڕەوشتبەرزیتان دەکەم. دڵم بۆ ساتێک داخورپا.

**هێرست:** "پەردەی پەنجەرەکان لادەدات. سەیرێکی دەرەوە دەکات. ئینجا پەردەکان بەر دەدات. هەر لەسەر پێ وەستاوە"

**سپوونەر:** بەڵام سەرەڕای ئەمەیش تۆ ڕاست دەڵێیت. سەلیقەیەکی ڕاست و دروستت هەیە. ڕەنگە من بە زیاتر لە ڕێگەیەک، زیادەڕۆیی بکەم. دەتوانم پێش بکەوم، خۆم بپارێزم و بەرگری لە خۆم بکەم، بە پەلە بەرگی یەدەگ بپۆشم، هێزی سەربازی بانگ بکەم، کرۆکی پاشەکشەکەی "ڤۆن کلایست"[1] جێبەجێ بکەم (کە زیرەکانەترین و وردترین پاشەکشە بوو لە ڕووی ڕێکوپێکییەوە تا ئێستا مرۆڤ زانیبێتی) یان دەست لە هەموو شتێک هەڵگرم بەپێی ئەو زانیارییەی، کە دەڵێت ئەگەر دڵ بە ڕادەیەک پڕ بێت لە خۆشی، کە لەسەری بڕژێت، ئیتر خۆشی تێدا هەڵناگیرێت. ئەو شتەی من دەمەوێ پێداگریی لەسەر بکەم، ئەگەر گوێت لێ نەبووە، ئەوەیە، کە من مرۆڤێکی ئازادم.

**هێرست:** "پێکێکی تر ڤۆدگا بۆ خۆی تێ دەکات و دەیخواتەوە. پەرداخەکە دادەنێتەوە و لەسەرەخۆ بۆ لای کورسییەکەی دەچێت و دادەنیشێت"

ماوەیەکی زۆرە کەسێکی ئازادمان لەمماڵە نەبینیوە؟

**سپوونەر:** ئێمە؟

**هێرست:** من.

**سپوونەر:** بۆ یەکێکی تر هەیە؟

---

١. "ڤۆن کلایست"(١٨٨١–١٩٤٥) فەرماندەیەکی ئەڵمانی بوو لە جەنگی جیهانیی دووەم. لە بواری سەربازی و تاکتیکی جەنگدا زۆر لێهاتوو بووە.

**هێرست:** یەکێکی تری چی؟

**سپوونەر:** خەڵک، کەسێک.

**هێرست:** چ کەسێک؟

**سپوونەر:** دوو کوپی گەورە لەسەر ڕەفکەکە هەیە.

**هێرست:** هی دووەم بۆ تۆیە.

**سپوونەر:** ئەدی هی یەکەم؟

**هێرست:** حەز دەکەیت بەکاری بێنیت؟ حەز لە هەندێک خواردنەوەی سووک دەکەیت؟

**سپوونەر:** ئەوە شتێکی بڤەیە. من هەر لەسەر ویسکییەکەی تۆ بەردەوام دەبم.

**هێرست:** فەرموو.

**سپوونەر:** سوپاس.

"دەچێتە لای دۆڵابەکە"

**هێرست:** ئەگەر حەز بکەیت، لەگەڵ تۆ ویسکی دەخۆمەوە.

**سپوونەر:** بەخۆشحاڵییەوە. ئەدی تۆ ڤۆدگات نەدەخواردەوە؟

**هێرست:** خۆشحاڵ دەبم ئەگەر لەگەڵ تۆ ویسکی بخۆمەوە.

**سپوونەر:** "ویسکی تێ دەکات"

چۆن دەیڵێیت، با هەر وا بێت، وا نییە؟

**هێرست:** ئۆه، زۆر ڕاستە. با وا بێت.

**سپوونەر:** "پێکەکە بۆ هێرست دێنێت"

نۆشتان بێت.

**هێرست:** ئێوەش.

"دەخۆنەوە"

پێم بڵێ... تۆ جاروبار بەلای کۆشکی جاک سترۆدا[٢] دەچیت؟

**سپوونەر:** کە گەنج بووم، شارەزای ئەوێ بووم.

**هێرست:** پێت وایە ئێستاش وەکو رۆژگاری چەتەکان، مەیخانەیەکی خۆش و سەرنج ڕاکێشە، ئەو کاتەی چەتەکان هامشۆیان دەکرد؟ بە تایبەتی جاک سترۆ. جاک سترۆی بەناوبانگ. پێت وایە زۆر گۆڕاوە؟

**سپوونەر:** ژیانی منی گۆڕی.

**هێرست:** تو خوا، بەڕاستی گۆڕی؟

**سپوونەر:** من مەبەستم لە شەوی "چلەی هاوین"ە*، ئەو کاتەی لەگەڵ پەنابەرێکی هەنگاری، کە تازە لە پاریس گەڕابووەوە، بەیەکەوە خواردمانەوە.

**هێرست:** هەمان شتتان خواردەوە؟

**سپوونەر:** نەخێر، بە هیچ شێوەیەک. تۆ زانیت. وا بزانم پێشتر یەکێک بوو لە ئەریستۆکراتە هەنگارییەکان.

**هێرست:** بەڵێ، بە راستی زانیم.

**سپوونەر:** لە ئێوارەی ئەو رۆژەی هاویندا، کە لەگەڵ ئەو چووم، یەکەم جار هەستم کرد دەشێت لە گەرمەی ئەو هەراوهۆریا و بەزمورەزمەدا، ژیان ئاسوودە بێت. کاریگەرێتییەکی زۆر بێوێنە و... ئاسوودەگەیێنی بەسەر مندا جێبەجێ کرد ، بێ ئەوەی زۆرم

---

٢. "کۆشکی جاک سترۆ" یەکێکە لە مەیخانە مێژوویی و بەناوبانگەکان لە "هامپستێد هیث" لە لەندەن.

* وشەی "چلەی هاوین"م بۆ "midsummer" داناوە، کە ئاماژەیە بۆ رۆژی ٢٤ی حوزەیران، کە درێژترین رۆژی ساڵە. ئەوروپاییەکان بە گشتی لە ئێوارەی بەر لەم رۆژە ئاهەنگ دەگێڕن و پێیان وایە خەون بەداهاتووی خۆیانەوە دەبینن.

لێ بکات، بێ ئەوەی هیچ... ئارەزووی کارتێکردنی هەبێت. ئەو زۆر لە من بەتەمەنتر بوو. من دانی پێدا دەنێم، کە کۆمەڵێک پێشبینیم هەبوون لەو ڕۆژگارەدا و ئەو لە چوارچێوەی ئەو پێشبینییانەی مندا نەبوو. من بەناو "هامپستێد هیث"دا بەپێچاوپێچ دەسووڕامەوە، دیلی ئەو بیرەوەرییانە بووم، کە ترسناکتر بوون لەوەی، کە هەمیشە دەردەبڕدرێن، ئیتر بێ ئەوەی بۆ من هێندە مایەی سەرسوڕمان بێت، خۆم لە مەیخانەکەی جاک سترۆ دۆزییەوە، داوای بوتڵێک خواردنەوەم کرد. پێیان دام. کە بەڕێرەوێکی ناخۆشدا ڕۆیشتم، بەناو کۆمەڵێک ڕۆشنبیری بۆگەن، کە زۆر لێمەوە نزیک بوون، لەترم دا. بەرچاوی خۆمم نەبینی، بوتڵەکەم بەر سەرە ڕووتەکەی ئەو کەوت، پێستەی خۆشکراو بوو، مێزێکی چەقیو بوو. کەللەسەرێکی ڕووت بوو.

"وچانێکی کورت"

وا بزانم، دوای ئەوەی نیوەی بوتڵەکەم بە تەواوی بەتاڵ بوو، ئیتر هەرگیز تامم نەکردەوە، لە پڕێکدا قسەم کرد، لە پڕێکدا قسەم کرد و ئیتر... وەڵام درامەوە. هیچ قسەیەکی تر، هیچ وەڵامدانەوەیەک سوودی نییە، شتی ئاوا...

**هێرست:** ئەو چی دەخواردەوە؟

**سپوونەر:** چی؟

**هێرست:** ئەو چی دەخواردەوە؟

**سپوونەر:** پێرنۆد*.

---

* جۆرە خواردنەوەیەکی فرەنسی بۆنخۆشە لە تۆوی ڕازیانە دروست دەکرێت.

"وچانێکی کورت"

من ، ئەو شتە، ئەو سەلیقەیەی ئەو هەیبوو، هێمنی و بێدەنگییەکەی زۆر کاری تێ کردم. لە ژیانمدا شتی وەک ئەمەم نەبینیوە.

**هێرست:** چی گوت؟

**سپوونەر:** "لە هێرست ڕادەمێنێت"

تۆ پێت وایە، من بیرم دێت چی گوت؟

**هێرست:** نەخێر.

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** ئەوەی ئەو گوتی... لە هەموو ئەو ساڵانەی ڕابردوو... نە لێرەیە و نە لەوێش. شتەکە ئەوە نەبوو چی گوت، بگرە ڕەنگە شێوەی دانیشتنی بوو بە درێژاییی ژیانم لام ماوەتەوە و بە تەواوی دڵنیاشم، منی کردە ئەو کەسەی ئێستا.

"وچانێکی کورت"

ئینجا من ئەمشەو تۆم لە هەمان مەیخانە دۆزییەوە ئەگەرچی مێزەکە جیاواز بوو.

"وچانێکی کورت"

من ئێستا سەرم لە تۆ سوڕ ماوە وەک چۆن جارێکیان سەرم لە ئەو سوڕما، بەڵام، دەپرسم، ئاخۆ بەیانی سەرم لە تۆ سوڕ دەمێنێت، وەک چۆن تا ئەمڕۆش سەرم لە ئەو سوڕ دەمێنێت؟

**هێرست:** ناتوانم ئەوە بڵێم.

**سپوونەر:** ناگوترێت.

"وچانێکی کورت"

پرسیارێکی ترت لێ دەکەم. تۆ دەزانیت من هێزی خۆمم لە کوێ وەرگرتووە؟ هیچ بیرۆکەیەکت سەبارەت بەمەوە هەیە؟

**هێرست:** هێز؟ نەخێر.

**سپوونەر:** من هەرگیز خۆش نەویستراوم. لەمەوە هێزم وەرگرتووە. ئەی تۆ؟ هیچ کاتێک خۆشیان ویستوویت.

**هێرست:** ئۆه، من باوەڕ ناکەم.

**سپوونەر:** جارێکیان سەیری دەموچاوی دایکمم کرد. ئەوەی من لەوێ بینیم شتێکی کەمتر نەبوو لە بەدخوازییەکی ڕووت. من بەختەوەر بووم، کە ڕزگار بووم. هەڵبەت دەتەوێت بزانیت، من چیم کرد تا ئەو ڕقە لای دایکم بوروژێنم.

**هێرست:** میزت کرد بەخۆتدا.

**سپوونەر:** زۆر ڕاستە. پێت وایە ئەو کاتە تەمەنم چەند بوو؟

**هێرست:** بیست و هەشت.

**سپوونەر:** زۆر ڕاستە. بەهەرحاڵ، من هەر دوای ئەمە ماڵەوەم جێ هێشت.

"وچانێکی کورت"

دەبێ ئەوەیشت پێ بڵێم، کە دایکم لە زۆر لاوە ژنێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. کێکەکانی ئەو باشترین کێک بوون.

**هێرست:** "سەیرێکی دەکات"

**سپوونەر:** کێکە بە کشمیشەکانی. خۆشترین بوون.

**هێرست:** بە یارمەتیی خۆت، دەتوانیت پێکێکی تر ویسکیم بۆ تێ بکەیت؟

**سپوونەر:** هەڵبەت.

"پەرداخەکە هەڵدەگرێت، ویسکی تێ دەکات و دەیدات بە هێرست"

لەوانەیە دەبوو زووتر خۆم بناسێنم. من ناوم سپوونەرە.

**هێرست:** ئەها.

**سپوونەر:** من دۆستێکی دڵسۆزی شیعرم، هەروەها ڕابەری گەنجانم. دەرگەی ماڵەکەم کراوەیە. شاعیرە گەنجەکان دێن بۆ لام. شیعرەکانی خۆیان بۆ من دەخوێننەوە. من تێبینیی خۆمیان پێ دەڵێم. قاوەیان پێ دەدەم. هێرشیان ناکەمە سەر. ژنانیش بۆیان هەیە بێن. ژمارەیەک لە ژنەکان شاعیرن. ئەوانی تر شاعیر نین. بەشی هەرە زۆری پیاوەکان شاعیر نین. پەنجەرەکە بەسەر باخەکەوە دەکرایەوە. بۆیە، ئێوارانی هاوین، ژنەکەم هەر بەپەرداخی گەورە گەورە شەربەتی تێ دەکرد لەگەڵ بەفر. جار جار چەند دەنگێکی بەهێز، کە گۆرانییەکی بێ مۆسیقایان دەگوت، بەرز دەبوونەوە. هەندێک گەنج لە ڕووناکییەکی کزدا پاڵ کەوتبوون. ژنەکەم بە کراسە درێژەکەی شەوانەوە لە تاریک و لێڵدا دەجووڵایەوە. ئیتر دەکرێت چی بکرێت؟ مەبەستم ئەوەیە کێ دەتوانێت شتێکی تر بڵێت؟ چ ناکۆکییەک لە دۆخی ئاوادا سەر هەڵدەدات، کە لە بنچینەدا بەشداریکردنێکی کەمە بۆ پاراستن و بەردەوامبوونی هونەر و لە ڕێگەی هونەریشەوە بۆ کردەوەی باش؟

**هێرست:** لە ڕێگەی هونەرەوە بۆ کردەوەی باش.

"پێکەکە بەرز دەکاتەوە"

بەهیوای بەردەوامیی تەندروستیی باش.

**سپوونەر:** "بۆ یەکەم جار دادەنیشێت"

ئەو کاتەی کوختێکمان هەبوو... ئەو کاتەی کوختێکی* خۆمانمان هەبوو... لەناو چیمەنەکە چامان دەدا بەمیوانەکان.

**هێرست:** منیش هەر وام کرد.

**سپوونەر:** لەناو چیمەنەکە؟

**هێرست:** منیش هەر وام کرد.

**سپوونەر:** تۆ کوختت هەبوو؟

**هێرست:** چا لەناو چیمەن.

**سپوونەر:** چییان بەسەر هات؟ کوختەکانمان چییان بەسەر هات؟ چیمەنەکانمان چییان بەسەر هات؟

"وچانێکی کورت"

بەراستی پێم بڵێ، تۆ هەندێک شتت ئاشکرا کرد. تۆ بە ڕوونی ئاماژەت بۆ ڕابردووی خۆت کرد. پاشگەز مەبەرەوە. ئێمە شتێکی هاوبەشمان هەیە. یادگاریی تایبەت بە ژیانی لادێ. هەردووکمان ئینگلیزین.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** لە کڵێسای لادێکە، پەڕی درێژی باڵی داڵ و هەڵۆ لەگەڵ چەپکە گوڵ و گەڵا شۆڕ کرابووەوە بۆ ڕێزگرتن لەو ئافرەتە گەنجانەی، لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتیی کڵێساکەدا، بە کچێنی مردبوون.

"وچانێکی کورت"

---

* مەبەست لە "کوخت"، خانووی بچووکە.

بەهەرحاڵ، چەپکە گەڵا و گوڵەکان تەنیا بۆ کچەکان تەرخان نەکرابوو، بگرە بۆ هەموو ئەوانەیش، کە بەر لەوەی ژن بێنن، مردبوون، بێ ئەوەی گوناهێکیان هەبووبێت.

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** تۆ مەبەستت ئەوەیە نەک هەر ئافرەتەکانی ژێر فەرمانڕەوایەتیی کڵێساکە، بگرە پیاوەکانیش ڕێزیان لێ نرا؟

**هێرست:** ئا.

**سپوونەر:** ئەو پیاوە پیرانەیش، کە سەر بەناوچەی فەرمانڕەوایەتیی ئەو کڵێسایە بوون و مردن بێ ئەوەی ژن بێنن، ئاوا بە چەپکە گوڵ ڕێزیان لێ نرا؟

**هێرست:** هەڵبەت.

**سپوونەر:** من دڵم زۆر خۆش بوو. شتی زیاترم پێ بڵێ. شتی زیاترم لەبارەی بەدرەفتارییە سەیر و دەگمەنەکانی ژیانی خۆت و سەردەمەکەتەوە پێ بڵێ. هەموو توانا و زیرەکیی خۆت کۆ بکەرەوە و شتی زیاترم پێ بڵێ لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی ئەو دەوروبەرەی، کە تۆ تێیدا گەیشتی بە تەمەنێک توانای بیرکردنەوەت هەبوو. شتی زیاترم پێ بڵێ.

**هێرست:** شتی زیاتر نییە.

**سپوونەر:** کەواتە باسی ژنەکەتم بۆ بکە.

**هێرست:** ژنی چی؟

**سپوونەر:** چەندە جوان و ناسک و ڕووخۆش و دڵسۆز بوو. بە چ خێراییەک دەست و قاچی دەجووڵاندەوە لە ڕۆیشتندا، لە یاریی کریکێتدا چەندە خێرا خۆی دەگەیاندە دارەکانی گۆڵ، ئاخۆ

پەنجەکانت بۆ تۆپ گرتن گونجاو بوون*، دەتتوانی تۆپەکەی ڕاستەوخۆ بۆ هەڵدەیت، ڕاستەوخۆ تۆپەکەی دەگرتەوە یان تۆ بڵێی تۆپەکەی ڕێک دەهاویشت یان بە لاری. بەواتایەکی تر، بە یەک جار بۆ یاریزانەکەی دەهاویشت؟

"بێدەنگی"

خۆ نالێیت، پاشان پێت دەڵێم... کە ژنەکەم... هەموو شتێکی هەبوو. چاو، دەم، قژ، ددان، کەفەڵ، مەمک، هەر هەموو شتێک، هەروەها قاچیش.

**هێرست:** کە ئەویان دەگواستەوە.

**سپوونەر:** کێیان دەگواستەوە؟ هی من یا هی تۆ؟

"وچانێکی کورت"

بۆ ئەو لێرەیە، ژنەکەت؟ ڕەنگە لە ژوورێکی داخراودا خۆی گرمۆڵە کردبێت.

"وچانێکی کورت"

قەت لێرە بووە؟ ئەدی قەت لەوێ بووە، لەناو کوختەکەت؟ ئەرکی سەر شانمە پێت بڵێم تۆ نەتتوانی بیسەلمێنیت. من مرۆڤێکی دڵسۆز و ڕۆشنبیرم. تۆ کەمتر لە مافی خۆمم پێ دەدەیت. ئاخۆ تۆ دادپەروەرێکی یەکسان بوویت لەگەڵ ئەو خاتوونە؟ من خەریکە لەوە بەگومان دەبم، کە پێناسەی ڕاستەقینە و دروست و لە بنچینەدا ڕەوا، هیچ مانایەکی هەبێت لای تۆ. خەریکە گومان پەیدا بکەم لەوەی ئاخۆ تۆ بەڕاستی بیری ئەو دەکەیت یان نا، لە دڵەوە خۆشت ویستووە، بەڕاستی دەستت پیا هێناوە

* ئەم حیوارە لەبارەی یاریی کریکێتە، کە بە تۆپ و ڕاکێت دەکرێت.

و ماچت کردووە، بە دڵ لە باوەشت گرتووە، بە ڕاستی مێردی ئەو بوویت، بەدرۆ خەونت پێوە دەبینی یان بەڕاستی شەیدای بوویت. من بەڕاستی گومانم لە هەموو ئەو مەسەلانە کردووە و پێم وایە هەمووی شتی کۆن و سواون.

"بێدەنگی"

چاوەکانی، وا بزانم، قاوەییی سوورباو بوون؟

**هێرست:** "بە وریایییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ، کەمێک بە لارەولار دەچێتە لای دۆلابەکە. ویسکی تێ دەکات و دەخواتەوە"

دوو شتی بێ نرخی قاوەییی سوورباو.

**سپوونەر:** ئۆی، خوایە، تۆ بڵێی من نەختێک هەستێکی لە ڕادەبەدەر ناسک و پڕ سۆزم پێوە دیار بێت؟

"وچانێکی کورت"

دوو شتی بێ نرخی قاوەییی سوورباو. لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ من شتی قاوەییی سوورباوی بێ نرخم بینیوە؟ یان چاوی قاوەییی سوورباو، بۆ ئەو مەسەلەیە؟

**هێرست:** "پەرداخەکەی دەگرێتە سپوونەر، بەڵام بەری ناکەوێت و دەکەوێتە سەر مافوورەکەوە"

**سپوونەر:** تۆ بڵێیت من رووخساری دوژمنایەتیم پێوە دیار بێت؟ تۆ بڵێیت ئەو هەستە دەربخەم، کە لە خواردنەوەی چەندان پێکی بیرە و بەدوایشیدا خواردنەوەی ویسکییەکی قورس دەکەوێتەوە، کە مایەی بریندارکردن بێت؟ خەڵک بریندار بکات؟

"بێدەنگی"

**هێرست:** ئەمشەو... هاوڕێکەم... تۆ دەبینیت، من لە خولی دواییی

پێشبڕکێم... لەمێژە بیرم چووەتەوە ڕابکەم.

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** مێتافۆرە. شتەکان بەرەو باشبوون دەچن.

"وچانێکی کورت"

ئەگەرچی ماوەیەکی کورتە ئاشنات بوومە، بەڵام دەتوانم بڵێم، کە تۆ کەموکوڕیت لە خەسڵەتە گرینگەکانی پیاوەتیدا هەیە: پێویستە بە کردەوە پێشانی بدەیت، کە تۆ پشتگیری لە شتێک دەکەیت، چونکە بڕوات پێی هەیە، نەک هەر بەقسە. کە سەتڵێکی بۆیە هەڵدەگریت و دەزانیت سەتڵی بۆیەیە، بزانیت سەتڵی بۆیەیە بۆ ئەوەی وەکو سەتڵی بۆیە پێشانی بدەیت و هەردەم دڵسۆز بیت بۆ ئەو سەتڵە بۆیەیە، وەک ئەوەی خۆت لە قنگەوە هێنابێتتە بەرهەم. بەڕای من، تۆ ئەم توانایەت نییە.

"وچانێکی کورت"

ببوورە، کە بە ڕاشکاوی قسە دەکەم. ئەمە شێوەی قسەکردن نییە، بگرە گەوجێتییە. بۆیە، هیوادارم پێت ناخۆش نەبێت ئەگەر من تەزبیحەکەی وێرد و سەڵەوات و حەسیری دوعاکردنم دەرهێنا تا ستایشی ئەوە بکەم، کە بە لاوازی و بێتوانایی تۆی دەزانم.

"هەڵدەستێتە سەرپێ"

من ستایشت دەکەم. ستایشکردن و خەریکبوونی من بە خزمەتکردنی تۆ، کارێکی پەسندە. گوێم بۆ ڕاگرە. من شایەتحاڵێکم، پێوەندیم بە مەسەلەکەوە هەیە. لەوانەیە دۆست بم.

"هێرست بە توندی دۆلابەکە دەگرێت"

تۆ پێویستیت بە هاوڕێیەکە، برا، هەورازێکی دوور و درێژت لە

بەردەمـــدایە، کـــە هـەر ئێـــســـتـــا بە هـەنگاوی هێـــواش و بە زەحـمـەتییـەوە بێ ئەوەی کـەسێـک هـاوڕێیـەتیت بکات، دەیبـڕیت. ڕێگەم پێ بدە با ببم بە بەلەمـەوانت، چونکە ئێـمـە هـەر کـاتێک، کە باسـی ڕووبار دەکەین، ئەوا باسـی شـوێنێکی سارد و شـێدار دەکـەین. بەواتایەکی تر، هـەرگـیـز بە سـووکـیـیـەوە لـەو دەسـتـە مـەڕوانە بۆ یارمـەتیـدانی تۆ درێـژ دەکرێت، بە تایبـەتی ئەگـەر سـروشـتـێکی دەگـمـەن و نـایابی هـەبوو. پاشـــان، ئەوە تەنیـا سروشتی پێشکێشکردنی ئەو یارمەتییەی من نییـە، کە دەگمەن و نایابە، بەڵکو هـەر کـارەکـە خـۆی ئاوایە، پێـشکێـشکردنی یارمـەتییەکە، خـۆی، بێ پێشینـەیە. من خۆم، وەکو هـاوڕێیـەک، پێشکێشی تۆی دەکەم. بیـر کـەرەوە پێش ئەوەی قسـە بکەیت. من دڵنیـات دەکـەمەوە، ئەو پێشنیـازە، دوای بیـرکـردنەوە، کلیلی تایبەتی هـەموو شتێکە، ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ هـەر کارێک و شایسـتەی خـەڵاتە، چونکە دەربڕینی بەخشـشێکی تا بڵێیت بێ هـاوتا و دانسقەیە و من بە ئاگایییەوە دەیخەمە بەردەمی تۆ.

"هێرست هـەوڵ دەدات بجـووڵێت، دەوەسـتێت و بە توندی چنگی لە دۆڵابەکە دەگرێت"

بیرت نەچێت، ژنە چاو قاوەییـە سووربـاوەکەتت لە دەست دا، لە دەسـتت چوو و هیـچ چارەت نەمـا، ئیـتر جـارێکی تر ناگـەڕێتـەوە بەلای تۆدا، بەو تیلیفۆلا تیلیفۆلادی فۆلادی فۆلا*.

* "سـپـوونەر" لێـرەدا شـێوازێکی شیـعرئامـێـزی هاوکێش بەکار دێنێت. تا ئەم شوێنەی شـانۆنامەکە، هـیچ ئاخاوتنێکی شیـعرئامێزی هـاوکێش نییە. بۆیە ئەم ئاخـاوتنە شیـعرئامـێزە ڕەوتی شـێوازی سـروشـتـیی ئاخـاوتنەکە دەشکێنێت. ململانێ شاراوەکەی نێوان دوو کارەکتەرەکە برەو بە شیعرە کرچ و کاڵەکەی =

**هێرست:** نەخێر.

"وچانێکی کورت"

خاکی بێ خاوەن... هەرگیز ناجوولێت و... هەرگیز ناگۆڕێت... هەرگیز گەورە نابێت... دەمێنێتەوە... هەتاهەتایە... سەهۆڵبەندە... کشوماتە.

"چنگی لە دۆڵابەکە بەردەدات. بە لارەولار دەچێتە ئەوبەری ژوورەکە و دەست بە کورسییەکەوە دەگرێت. دەوەستێت، دەڕوات، دەکەوێتە خوارەوە. دەوەستێت، هەڵدەستێتە سەرپێ، دەڕوات، دەکەوێتە خوارەوە"

"سپوونەر سەیری دەکات"

"هێرست بە سکەخشکێ بەرەو دەرگەکە دەچێت. دەیکاتەوە هەر بە سکەخشکێوە دەڕواتە دەرەوە"

"سپوونەر هەر بێدەنگە"

**سپوونەر:** من ئەمەم پێشتر بینیوە، لەسەر سک و عەرزەکەوە، لە دەرگە بچیتە دەرەوە*.

"سەیرێکی ژوورەکە دەکات، لەناویدا دەسووڕێتەوە، بەوردی

---

= "سپوونەر" دەدات. ئەمەش ئاکامێکی کۆمیدی دەبێت، کە سەبارەت بە وشەی "قاوەییی سووربا و"ەوە ڕوو دەدات. دوای ئەو ئاخاوتنە شیعرئامێزەی "سپوونەر"، "هێرست" بە دڵتەنگییەوە ددان بە دۆخەکەدا دەنێت: "خاکی بێ خاوەن... هەرگیز ناجوولێت و... هەرگیز ناگۆڕێت... هەرگیز گەورە نابێت... دەمێنێتەوە... بۆ هەتاهەتایە... سەهۆڵبەندە... کشوماتە". "وەرگێڕ"

* "سپوونەر" لێرەشدا شێوازێکی شیعرئامێزی هاوکێش بەکار دێنێت و منیش هەوڵم داوە لە وەرگێڕانەکەدا پێشانی بدەم ئەگەرچی لە دەقە ئینگلیزییەکە ڕوونتر دەردەکەوێت. "وەرگێڕ"

سەیری کەلوپەلەکان دەکات. دەوەستێت، دەستەکانی لە پشتەوە دەگرێت، بە وردی سەیری ژوورەکە دەکات"

"دەنگی داخستنی دەرگەیەک لە شوێنێکی ماڵەکەوە دەبیسرێت"

"بێدەنگی"

"دەرگەی پێشەوە دەکرێتەوە و بە توندی دادەخرێتەوە. سپوونەر لە شوێنی خۆی ڕەق هەڵدێت. بەبێدەنگییەوە دەوەستێت"

**فۆستەر:** "دێتە ژوورەوە. جلوبەرگی بەنارێکییەوە پۆشیوە. کە چاوی بە سپوونەر دەکەوێت، دەوەستێت و بەبێدەنگییەوە سەیری دەکات"

"بێدەنگی"

ئەوە تۆ چی دەخۆیتەوە؟ بەخوا من تینوومە. تۆ چۆنیت؟ خەریکە لە تینوویتییا دەخنکێم.

"دەچێتە لای دۆلابەکە. بوتڵێک بیرە دەکاتەوە و پێکێک تێ دەکات"

تۆ چی دەخۆیتەوە؟ درەنگە. لە ماندوویتییدا لە پەلوپێ کەوتووم. من ئەمەم دەوێت.

"دەخواتەوە"

تاکسی؟ بەخت نەبوو. شوفێری تاکسییەکان دژی منن. هەندێک جار لێمەوە نزیکن. هۆکارەکە نادیارە. ڕەنگە لەبەر شێوەی ڕۆیشتنم بێت یان لەبەر ئەوە بێت، کاتێک سەفەر دەکەم، ناو و ناونیشان و بەرگی خۆم دەگۆڕم. دەی، ئاوا باشترە. سەرسامی دەورووژێنێت. تۆ چۆنیت؟ چی دەخۆیتەوە؟ تۆ کێیت؟ من وام زانی بۆم جێبەجێ نابێت. هەورازێکی دوور و درێژە، بێجگە لەمەش، من بێ چەکم. لە لەندەن چەک هەڵناگرم، بەڵام گوێی پێ

نادەم. هەر کاتێک مرۆڤ بچێتە ڕۆهەڵاتی دوور، ئەو کاتە هەموو شتێکی پێ دەکرێت. من چوومەتە ڕۆهەڵاتی دوور، بەڵام من ئێستاش حەز لە بورجی گەرم و خۆشی وەک ئەمە دەکەم. خانەخوێکەت بینی؟ باوکمە. وەک دەبینیت ئەمشەومان بۆ پشوودان تەرخان کردووە. ئەو ویستی لە ماڵەوە بمێنێتەوە، گوێ بۆ هەندێک گۆرانیی ئەڵمانی بگرێت. هیوادارم ئێوارەیەکی ئاسوودە و هێمن بەسەر بەرێت. بەڕاست، تۆ کێیت؟ چی دەخۆیتەوە؟

**سپوونەر:** من هاوڕێی ئەوم.

**فۆستەر:** هاوڕێیەکی ئاسایی نیت.

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. دەوەستێت. جلوبەرگی بە نارێکییەوە پۆشیوە. تێک سمڕاوە"

ئەمە کێیە؟

**فۆستەر:** ناوی فرێندە. ئەمەیش بەڕێز بریگزە. مستەر بریگز، من مستەر فۆستەرم. ناوێکی ئینگلیزیی کۆنە. جۆن فۆستەر. جاک، جاک فۆستەر. ناوێکی ئینگلیزیی کۆنە. فۆستەر. جۆن فۆستەر. جاک. جاک فۆستەر. ئەم پیاوە ناوی بریگزە.

"وچانێکی کورت"

**بریگز:** من مستەر فرێندم پێشتر بینیوە.

**فۆستەر:** پێشتر بینیوتە؟

**بریگز:** دەیناسم.

**فۆستەر:** بەڕاست، بینیوتە؟

**بریگز:** تۆم پێشتر بینیوە.

**سپوونەر:** لەوانەیە، دوور نییە.

**بریگز:** بەڵێ. تۆ لە "چاک فارم" لە مەیخانەیەکدا، پەرداخە دەسکدارە گەورەکانی بیرە لەسەر مێزەکان کۆ دەکەیتەوە.

**سپوونەر:** خاوەن مەیخانەکە هاوڕێیەکی منە. کاتێک پێویستی بە کرێکار بێت، من دەچم یارمەتیی دەدەم.

**بریگز:** کێ دەڵێت خاوەن مەیخانەکە هاوڕێی تۆیە؟

**فۆستەر:** خۆی وا دەڵێت.

**بریگز:** من باسی مەیخانەی "بەڵز هێد" دەکەم لە "چاک فارم".

**سپوونەر:** ئێ، ئێ، منیش باسی ئەوە دەکەم.

**بریگز:** منیش.

**فۆستەر:** من دەزانم "بەڵز هێد" لە کوێیە. خاوەنەکەی هاوڕێمە.

**بریگز:** پەرداخەکان کۆ دەکاتەوە.

**فۆستەر:** مەیخانەیەکی پلە یەکە. من چەندان ساڵە خاوەنەکەی دەناسم.

**بریگز:** دەڵێت هاوڕێی خاوەن مەیخانەکەیە.

**فۆستەر:** دەڵێت هاوڕێی برادەرەکەی ئێمەشە.

**بریگز:** برادەری چی؟

**فۆستەر:** خانەخوێکەمان.

**بریگز:** کەواتە ئەو نەفرەتییە هاوڕێی هەموو کەسێکە.

**فۆستەر:** بەنەفرەت بێت، هاوڕێی هەموو کەسێکە. تۆ بەگشتی چەند هاوڕێت هەیە، مستەر فرێند؟

**بریگز:** رەنگە نەزانێت بیانژمێرێت.

**فۆستەر:** ئا، ئەوەتا منیش ئێستا هاوڕێی ئەوم. من یەکێکی ترم لە

هاوڕێ تازەکانی ئەو. لەنێو هاوڕێ تازەکانی ئەو، من تازەترینیانم، نەک ئەو، نەک بریگز. ئەو خوێرییە هاوڕێی هیچ کەسێک نییە. خەڵک هەردەم لە بریگز بەگومانن. لە هەموو شتێکی ئەو سڵ دەکەنەوە. بەڵام منیان هەر لە یەکەم دیداردا خۆش دەوێت.

**بریگز:** هەندێک جار تۆیان لە یەکەم دیداردا خۆش دەوێت.

**فۆستەر:** هەندێک جار ئاوان. هەر بۆیە، کاتێک سەفەر دەکەم زێڕی بێگەرد وەردەگرم، کەس خڵتەکەم پێ نادات. خەڵک یەکسەر منیان خۆش دەوێت، بە تایبەتی ژنەکان. لە "سیام"* یان "بالی" خۆی دەزانێت من درۆ ناکەم. باسی کچەکانی "سیام"یان بۆ بکە.

**بریگز:** ئەوان هەر لە یەکەم بینیندا خۆشیان ویست.

**فۆستەر:** "بۆ سپوونەر"

خۆ خۆت سیامی نیت، وا نییە؟

**بریگز:** زۆر لەوە دوورە سیامی بێت.

**فۆستەر:** سەردانی ئەو شوێنەت کردووە؟

**سپوونەر:** ئەمستردامم بینیوە.

"فۆستەر و بریگز لە سپوونەر موڕ دەبنەوە"

**سپوونەر:** مەبەستم ئەوەیە، ئەمە دواین شوێن بوو... سەردانم کرد. هەموو ئەوروپا شارەزام. با پێشتان بڵێم، ناوم سپوونەرە. بەڵێ، دوای نیوەڕۆیەک لە ئەمستردام، لە دەرەوەی کافتریایەکی کەنار ڕووبارێکدا دانیشتبووم. ئاووهەوا خۆش بوو. لەبەر

* "سیام" دوورگەیەکی گەشتیارییە لە تایلەند و "بالی" دوورگەیەکە لە ئەندەنووسیا.

مێزێکی تر، لەبەر سێبەرەکەدا، پیاوێک بە ئەسپایی فیکەفیکی بوو. بێ ئەوەی جووڵە بکات، دانیشتبوو. دەتگوت ڕەق هەڵاتووە. لەلایەکی تری کەناری ڕووبارەکەدا، ماسیگرێک ماسییەکی گرت. بەرزی کردەوە. شاگردی کافتریاکە لە خۆشییاندا هاواری کرد و چەپڵەی کوتا. هەردووکیان، شاگردەکە و ماسیگرەکە پێ کەنین. کچێکی بچووک بەلایاندا تێ پەڕی و پێ کەنی. دوو عاشق تێ پەڕین و یەکتریان ماچ دەکرد. ماسیگرەکە هەر بەداری ماسیگرتنەکەوە ماسییەکەی بەرز کردەوە. ماسییەکە و دارەکە، بەدەم لەرینەوەوە، لەبەر خۆرەکەدا دەتریسکانەوە. ماسیگرەکە لە خۆشییاندا ڕوومەتەکانی گەشانەوە. من بڕیارم دا وێنەیەکی ڕووبارەکە، منداڵەکە، شاگردەکە، ماسیگرەکە، عاشقەکان، ماسییەکە، پشتی دیمەنەکە، سێبەرەکە، هەروەها پیاوەکەی بەر مێزەکەی تر، بکێشم و ناوی بنێم "فیکەکێش". ئەگەر وێنەکە و ناونیشانەکەیت بینیبا، ئاخۆ تووشی حەپەسان دەبوویت؟

"وچانێکی کورت"

**فۆستەر:** "بۆ بریگز"

دەتەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە؟

**بریگز:** نەخێر، خۆت وەڵامی بدەرەوە.

**فۆستەر:** باشە، بەشبەحاڵی خۆم، من بەناونیشانەکەیەوە تووشی حەپەسان دەبووم، بەڵام دوور نەبوو لە وێنەکە بگەم. لەوانە بوو بە کارێکی چاکم زانیبا.

"وچانێکی کورت"

گوێت لێ بوو چیم گوت؟ لەوانە بوو وێنەکەم بە کارێکی چاک زانیبا. بەرهەمی هونەریی بەرز، کارم تێ دەکات. تێ دەگەیت؟ من کەسێکی کەر و بێمێشک نیم، بزانە.

"وچانێکی کورت"

من خۆشحاڵ بووم، کە بیستم وێنەکێشیت. هەڵبەت لە کاتی دەستبەتاڵیدا خەریکی وێنەکێشان دەبیت، وا نییە؟

**سپوونەر:** ڕاستە.

**فۆستەر:** ئینجا وێنەکەت کێشا، وێنەی فیکەکێشەکە؟

**سپوونەر:** تا ئێستا، نەخێر، بەداخەوە.

**فۆستەر:** ئەوەندە زۆر دوای مەخە ئەگینا بیرۆکەکەت لەلا کاڵ دەبێتەوە.

**بریگز:** وێنەی پەرداخەکەیشت نەکێشاوە؟

**سپوونەر:** تۆ دەبێ بێیت و هەموویان ببینیت، هەر کاتێک حەز بکەیت.

**ریگز:** چی؟ پەرداخەکان؟

**سپوونەر:** نا، نا، وێنەکانم

**فۆستەر:** لە کوێ هەڵت گرتوون؟

**سپوونەر:** لە ماڵی خۆم لە دەرەوەی شار. بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە پێشوازیت لێ دەکرێت.

**فۆستەر:** لەلایەن کێ؟

**سپوونەر:** ژنەکەم و دوو کچەکانم.

**فۆستەر:** بەڕاست؟ ئەوان منیان خۆش دەوێت؟ تۆ ڕات چییە؟ پێت وایە هەر لە یەکەم بینین منیان خۆش دەوێت؟

**سپوونەر:** "بەپێکەنینەوە"

ئا، لەوانەیە.

**فۆستەر:** ئەدی ڕات لەبارەی ئەوەوە چییە؟

"سپوونەر سەیری بریگز دەکات"

**سپوونەر:** هەرسێکیان تا بڵێیت ژنی ڕووخۆشن.

**فۆستەر:** تۆ مرۆڤێکی بەختەوەریت. ئەوە چی دەخۆیتەوە؟

**سپوونەر:** ویسکی.

**فۆستەر:** "دەچێتە لای دۆڵابەکە، ویسکی سکۆچ تێ دەکات، هەر بە پێوە دەوەستێت و پەرداخەکەیشی بەدەستەوەیە"

تۆ چۆن لەمە دەگەیت؟ کاتێ من لە ڕۆهەڵاتی دوور بووم... جارێکیان... پیرەمێردێکی سواڵکەری پیس و پەڵۆخ و ڕووتوقووتم بینی. داوای کەمێک پارەی لێ کردم. من نەمدەناسی. کەسێکی بێگانە بوو. شارەزای نەبووم، بەڵام یەکسەر هەستم کرد جێگەی متمانە نییە. سەگێکی لەگەڵدا بوو. دەتگوت بە هەردووکیان یەک چاویان هەیە. ئیتر، من پارەیەکی ئاسنم بۆ هەڵدا. پارە لەعنەتییەکەی گرتەوە. نەختێک بەقێزەوە سەیری کرد و بۆی هەڵدامەوە. هەڵبەت، منیش بێ بیرکرنەوە ویستم بیگرمەوە. پرم پێدا کرد، بەڵام پارە لەعنەتییەکە لە هەوادا ون بوو. نەکەوتە دەستی منەوە. هەر ئەوە بوو... لە هەوادا... کە ڕووەو لای من هات، لە بەرچاو نەما. دواتر پیاوەکە هەندێک جنێوی دا و بە تووڕەییەوە لەگەڵ سەگەکەی ڕۆیشت. بەڕاست، هانێ ئەمە ویسکییەکەت.

"ویسکییەکەی پێ دەدات"

تۆ چۆن لەو ڕووداوە دەگەیت؟

**سپوونەر:** پیاوێکی ساختەچی بوو.

**فۆستەر:** پێت وایە وا بوو‌بێت؟

**سپوونەر:** هەر چۆن بێت، دەبێت ژیر بیت لە هەڵوەستەکردن لەسەر دانان بەڕاستگۆیی لەم ڕووداوەدا.

**فۆستەر:** تۆ بڕوا بە چیرۆکە سەیروسەمەرەکانی ڕۆهەڵات ناکەیت؟

**سپوونەر:** نموونەی ساختەچێتییەکی ڕۆهەڵاتن، کاتێ یەکێکی ساختەچی، وا لە خەڵک دەکات متمانەی پێ بکەن.

**فۆستەر:** مەبەستت ئەوەیە، ناچێتە مێشکەوە.

**سپوونەر:** هەڵبەت. بەهیوای تەندروستییەکی باش.

"دەخواتەوە"

**هێرست:**

"دێتە ژوورەوە. ڕۆبێکی پۆشیوە"

**بریگز:** "دەچێتە لای دۆلابەکە. ویسکی تێ دەکات"

**هێرست:** ناتوانم بخەوم. تۆزێک خەوتم. پێم وایە، ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت. بەڵێ، من خەونم دەبینی، کە بێدار بوومەوە. دڵم زۆر خۆش بوو. کێ پێکێک ویسکیم بۆ تێ دەکات؟

"هێرست دادەنیشێت. بریگز پێکێک ویسکیی بۆ دێنێت"

ئۆو! ئەمە بۆ منە؟ چۆنت زانی؟ زانیت. تۆ زۆر هەستیاریت. چاریۆ! ئەمڕۆ یەکەمین جارە. ئەرێ ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ سەعات چەندە؟ هێشتا هەر شەوە؟

**بریگز:** بەڵێ.

**هێرست:** هەمان شەوە؟ من خەونم بە تاڤگەیەکەوە دەبینی. نا، نا خەونم بەدەریاچەیەکەوە دەبینی. وا بزانم... هەر کەمێک بەر لە ئێستا بوو. تۆ دەزانیت من کەی چووم بخەوم؟ هێشتا خۆر هەر

بەدەرەوە بوو؟ شتێکی باشە مرۆڤ دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ بخەوێت. دوای خواردنی پارچەیەک نانی برژاو و چا خواردنەوە، دەنگەدەنگی سەرلەئێوارە بە کزییەوە دەچرپێتە گوێت. پاشان کشومات دەبێت. لە هەموو شوێنەکانی تر، خەڵک جلوبەرگی خۆیان دەگۆڕن بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە. تۆ گیرت خواردووە. هەموو دەرگەکان داخراون. دەکەویتە ململانێ لەگەڵ دنیا.

"پەرداخەکەی دەداتە بریگز و ئەویش بۆی پڕ دەکاتەوە"

شتێک پەستم دەکات. چییە؟ خەونەکەیە، بەڵێ. تاقگەکان. نا، نا، دەریاچەیەک. ئاو. نوقوومبوون. من نا. یەکێکی تر. چەند خۆشە کۆمەڵێک خەڵکت لەگەڵ بێت. دەتوانیت بێنیتە پێش چاوت، بێدار دەبیتەوە و کەسێک بەلاتەوە نابینیت، هەر کەلوپەلەکان لێت مۆڕ دەبنەوە؟ هەتا بڵێیت ناخۆشە. من بەو دۆخەدا تێ پەڕیوم. ئەزموونم لەگەڵ قۆناغی وادا هەیە ـ نۆش ـ دواجار، هاتمەوە هۆش و گەڕامەوە ناو مرۆڤان. ڕێک وەکو ئێوە. گۆڕانێکی ژیرانە بوو. هەوڵم دا بەتەنیا پێ بکەنم. ناخۆشە. هەمووتان خواردنەوەتان لایە؟

"سەیری سپوونەر دەکات"

ئەوە کێیە؟ هاوڕێیەکی تۆیە؟ کەسێک نییە من بە ئەو بناسێنێت؟

**فۆستەر:** هاوڕێیەکی تۆیە.

**هێرست:** لە ڕابردوودا خەڵکی دیار و سەرنج ڕاکێشم دەناسی. ئەلبوومێکی پڕ وێنەم هەیە لە شوێنێک دامناوە. دەیدۆزمەوە.

دەموچاوەکان هەستت دەجووڵێنن. زۆر جوانن. لەناو چیمەن دانیشتوون. سەبەتەیان لایە. من سمێڵم هەبوو. ژمارەیەکی کەم لە هاورێکانم سمێڵیان هەبوو. دەموچاوە سەرنج ڕاکێشەکان، سمێڵە سەرنج ڕاکێشەکان. دیمەنەکە گوزارشتی لە چی کرد؟ ڕەنگە گوزارشت بێت لە هەستی خۆشەویستی بەرانبەر بەدۆستەکانمان. خۆر دەرکەوت. کچەکان قژی جوانیان هەبوو، ڕەش، هەندێک جار دەگۆڕان بۆ سوور. جەستەکانیان لەژێر جلوبەرگەکانیان سپی بوون. ئەمانە هەمووی لەناو ئەلبوومەکەمدان. دەیاندۆزمەوە. سەرت بە جوانیی کچەکان سوڕ دەمێنێت، بە لەنجەولاریان، بە شێوەی دانیشتنیان، چا تێکردنیان، پاڵکەوتنیان. هەموو ئەمانە لەناو ئەلبوومەکەمدان.

"پەرداخەکەی خۆی بەتاڵ دەکات. بەرزی دەکاتەوە"

کێ لە ئێوە دڵی لە هەمووتان نەرمترە؟

"بریگز پەرداخەکە وەردەگرێت و دەچێتە لای دۆلابەکە"

سوپاست دەکەم. من بەبێ ئێوە هەردووکتان چیم پێ دەکرا؟ هەر لێرە دادەنیشتم، هەتاهەتایە، چاوەڕوانی کەسێکی بیانیم دەکرد بێت پەرداخەکەم بۆ پڕ بکاتەوە. کە چاوەڕوانم کردبا، چیم دەکرد؟ سەیری ئەلبوومەکەم دەکرد؟ پلانم بۆ داهاتوو دادەنا؟

**بریگز:** "پێکەکە دێنێت"

بەقنگەخشکێ بۆ بوتڵەکە دەچیت و دەیخەیتە نێوان دانەکانتەوە.

**هێرست:** نەخێر، من بە ڕێز و شکۆوە دەخۆمەوە.

"دەخواتەوە. سەیری سپوونەر دەکات"

ئەم پیاوە کێیە؟ تۆ دەیناسیت؟

**فۆستەر:** ئەو دەڵێت، هاوڕێی تۆیە.

**هێرست:** هاوڕێ ڕاستەقینەکانم لە ئەلبوومەکەمەوە سەیری من دەکەن.

من دنیای خۆمم هەبوو. دنیای خۆمم هەیە. وا تێ مەگە، ئێستا لە دەستم چووە، بۆیە گاڵتەم پێی دێت. لێی بەگومانم. گومان لە ڕاستێتیبوونی دەکەم. نا، ئێمە لەبارەی گەنجێتیی من قسە دەکەین، کە جێم ناهێڵێت. نەخێر. . دنیایەکی بێ کەموکوڕی بوو، خەڵکەکەی ناویشی باش و بەهێز بوون، لە کاتێکدا... بە ڕووناکی دەگۆڕا، لە کاتێکدا هەستیار بوو... بەرانبەر بە هەموو گۆڕانێک لە ڕووناکی.

کاتێک بە پێوە وەستام، سێبەرەکەم کەوتە سەر کچەکە. سەری بەرز کردەوە. بوتڵەکەم بدەرێ. بوتڵەکەم بدەرێ.

"بریگز بوتڵەکەی پێ دەدات. هەر لە بوتڵەکەوە دەخواتەوە"

بەسەر چوو، ڕۆیشت. تۆ بڵێی بوونی هەبووبێت؟ ڕۆیشت، بەسەر چوو. هەر لە بنچینەدا نەبووە و بڕایەوە. دەمێنێت، بەردەوامە. ئەوەتا من لێرە دانیشتووم، بۆ هەتاهەتایە.

تۆ چەندە لوتف و مەرحەمەتت هەیە. خۆزگە پێم بڵێیت ئاو و هەوا چۆنە. بریا پێت گوتبام شەوی چییە، ئەم شەوە یان سبەی شەو یاخۆ ئەوەی تر، شەوی پێش دوێنێ شەوە؟ ڕاشکاو بە. ئەمشەو شەوی پێش دوێنێ شەوە؟

فەرموو بیخۆرەوە. من پێم ناخۆشە بە تەنیا بخۆمەوە. خەڵک لە دۆزەخدا زۆر تەنیان.

چی بوو؟ سێبەر بوو. ڕووناکی بوو، بەناو گەڵاکاندا. قەڵەمبازدان و یاریکردن بوو لەناو پووش و پەڵاشدا. دڵدارە گەنجەکان بوون. خورەخوڕی ئاو بوو. ئەوە خەونی من بوو. دەریاچەکە بوو. کێ بوو لە خەونەکەی مندا دەخنکا؟

لێم ڕوون نەبوو. ئەمەم لە بیرە. بیرم چووەتەوە. سوێندم بە هەموو شتێکی پاک و پیرۆز. دەنگەکان وەستان. هێندە سارد بوو، نەبێتەوە. بۆشاییەک لە مندا هەیە. ناتوانم پڕی بکەمەوە. ڕووبارێک بە ناخمدا دەڕوات. ناتوانم بەری لێ بگرم. دەیانەوێت لەناوم بەرن. کێ ئەمە دەکات؟ وا هەناسەم دەبڕێت. دەسکێشێکی فەرووداره. دەسکێشێکی بە بۆنە. یەکێک وا دەکات بمرم.

کچەکە سەری بەرز کردەوە. من واقم وڕما. لە ژیانمدا شتێکی ئاوا جوانم نەبینیبوو. ئەمە هەمووی ژەهرە. ئێمە ناتوانین لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بین بەم شێوەیە بژین.

هیچم بیر نایەتەوە. من وا لەم ژوورە دانیشتووم. هەمووتان دەبینم، یەک یەک. گردبوونەوەیەکی خۆشە. میزاجەکان نەرم و خۆشن.

تۆ بڵێی خەون بێت؟ هیچ ئاو لێرە نییە. کەس ناخنکێت.

بەڵێ، بەڵێ، با بڕۆین، با بڕۆین، با بڕۆین، دەنگت بەرز بکەرەوە، بەدەنگی بەرز قسە بکە. بەدەنگی بەرز قسە بکە. بەدەنگی بەرز قسە بکە. ئێوە فریوم دەدەن. ئێوە زۆڵن، خێو و درنجن، غەڵبەغەڵب دەکەن. گوێم لێیە لەبەر خۆتانەوە ئاوازێک دەڵێن بێ ئەوەی دەم بکەنەوە. من کراسێکی شینی لۆچاوی

لەبەر دەکـەم لـە "ڕیتـز"*. من کـراسـێکی شـینی لۆچـاوی لەبەر دەکـەم لـە "ڕیتـز"، من بـاش دەیناسـم. ئـەو شـاگـردەی شـــەرابی پێـــشـکێش دەکــرد، بـۆریس، بۆریس، ســـالآنـێکی زۆر بـوو لەوێ کاری دەکرد. تارماییيه بەرچاوگرەکان، پاشان خوڕەی ئاو...

**سپوونەر:** ئەوە من بووم لە خەونەکەی تۆوە دەخنکام.

**هێرست:** "دەکەوێتە سـەر عەرزەکە. ئەوانی تر هـەمـوویان دەچن بۆ لای ئەو"

**فۆستەر:** ڕوو لە سپوونەر دەکات"

چاوت دەربێت.

**بریگز:** "هێرست ڕادەکێشێت"

**هێرست:** "بریگز لە خۆی لادەدات"

دەستت لێم بەردە.

"بە قیتییەوە دەوەستێت"

**سپوونەر:** دەچێتە لای هێرست"

**سـپـوونەر:** ئەویش نـەوەی هـەیە. ڕێک وەکـو من، وەکـو چۆن من نـەوەم هەیە. ئێـمـە هـەردووکـمـان منداڵـمـان هـەبووە، بووین بـەباوک. هەردووکمان بەساڵدا چووین. من لە داخوازییەکانی ئەو دەگەم. با دەسـتی بگرم. ڕێز لە تەمـەنی ئێمـە بگرە. ئێـسـتـا یارمـەتیت دەدەم دابنیشیت.

"دەســــــتی هــــــێـــــرست دەگـــــرێت و دەیبــــات بـۆ لای کورســـییەکە"

---

* دەشێت"ڕیتـز" ئاماژە بێت بۆ هۆتێلی "ڕیتز"، کە هـۆتێلێکی پێنج ئەستێرەییـە لە لەندەن.

ئەم خەڵکە هیچ بەزەییەکیان نییە.

**فۆستەر:** بە زیاد نەبێت.

**سپوونەر:** من هاوڕێی دڵسۆزی تۆم. هەر بۆیە خەونەکەت... ناخۆش بوو. تۆ لە خەونەکەتدا منت بینی، دەخنکام. بەڵام مەترسە. من نەخنکاوم.

**فۆستەر:** بە زیاد نەبێت.

**سپوونەر:** "بۆ هێرست"

حەز دەکەیت قاوەیەکت بۆ بکەم؟

**بریگز:** ئەوە پێی وایە لە ئەمستردام لە مەیخانەیەکدا شاگرد بووە.

**فۆستەر:** خزمەتکردنەکە بەخۆڕایە.

**بریگز:** لە کاتێکدا ئەو لە "بوڵز هێد" شاگردە، پەرداخەکانی بیرە کۆ دەکاتەوە و دەفری ئاودەس پاک دەکاتەوە.

**فۆستەر:** هەبێ و نەبێ خانەخوێکەمان ئەمشەو لە "بوڵز هێد"ە و لەوێ تووشی نەگبەتێک بووە.

"بۆ سپوونەر"

گوێ لە کابرا بگرە. وابزانم جۆرێک لە تێنەگەیشتن هەیە. تۆ لە ئاودەستی پشتەوەی مەیخانەیەکدا نیت. تۆ لە ماڵی پیاوێکی سەرمایەداریت، پیاوێکی سەرکەوتوو. تێ گەیشتیت؟

"روو لە بریگز دەکات"

من بۆ نیگەرانم؟ پێم بڵێ، ها؟

"روو لە سپوونەر دەکات"

گوێ بگرە هاوڕێ چاوچڵێسەکەم. ئێمە ئەو جەنتڵمانە لە

بەدڕەفتاری و ناپاکی، لە مرۆڤی کەڵەکچی، لە خەڵکی شەڕانگێز و خراپ دەپارێزین. ئێمە دەمانتوانی بەبێ دوودڵییەوە تۆ لەناو بەرین. ئێمە لە ڕوانگەی خۆشەویستییەوە چاوەدێریی ئەو جەنتڵمانە دەکەین.

"ڕوو لە بریگز دەکات"

من بۆ قسە لەگەڵ ئەو دەکەم؟ کاتی خۆم لەگەڵ یەکێک بەفیڕۆ دەدەم، کە هیچ ئومێدێکی بۆ سەرکەوتن لێ نابینرێت. هەبێ و نەبێت بەرەو شێتبوون دەچم. من خۆم زۆر قسە ناکەم. پێویست ناکات قسە بکەم. دەبێ بێدەنگ بم.

"دووبارە ڕوو لە سپوونەر دەکات"

دەزانم مەسەلەکە چییە. شتێک لە تۆدا هەیە، کە من شێت و شەیدا دەکات.

**سپوونەر:** ئەو شتە شێوەی ڕەفتاری منە.

**فۆستەر:** هەڵبەت هەر ئەمەیە.

**بریگز:** من پیاوە ئێرلەندییەکانم بینیوە بە هەمان شێوازی ئەو، کەبسە لە تۆپ دەدەن.

**فۆستەر:** وابزانم ئەگەر مرۆڤ جارێک تێکەڵی ئێرلەندییەکان بێت، تووشی هەموو شتێک دەبێت.

"بۆ فۆستەر"

دان بەخۆتدا بگرە، تێ گەیشتیت؟ تۆ ئێستا هێرشت کردە سەر پیاوێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار.

تۆ لەمە ڕانەهاتوویت، کابرا. چۆن تێت بگەیەنم؟ ئەمە چینێکی تەواو جیاوازە. ئەمە مەودایەکی تری کارکردنە. دنیای

جلوبەرگی ئاوریشـمـە، دنیـای مـۆزلینە*. دنیـای ڕێکخـسـتنی گوڵەکانە، دنیای کتێبەکانی هـونەری چێشت لێنانە لە سـەدەی هەژدەم. هیچ پێوەندییـەکی بە چپس و نوقـڵـەسـێوەوە** نییـە. دنیـای شـیـری ناو بانیـۆی خـۆشـتنە. دنیای زەنگی پەتدار***. دنیای ڕێکخستنی شتەکانە.

**بریگز:** شڕەوپڕە نییە.

**فۆستەر:** شـڕەوپڕە نییـە. ئێـمـە مـامـەڵە لەگەڵ شـتـە ئۆرجیناڵەکاندا دەکەین نەک لەگەڵ شـتـە ساختـە و گەندەکان. بوتڵە کۆنەکانی براندی ناکەینەوە. ئاگەدار بە، لە ملی فشەڵدا ڕۆ نەچیت.

"بۆ بریگز"

بۆ بەکـەللەی سـەریدا نەکـێـشـم بۆ ئەوەی چیی تر پێـیـەوە سەخڵەت نەبم؟

**سپوونەر:** من هـەمـان تەمەنی سەرکارەکەی تۆم هـەیە. من ڕاهـاتبووم بۆ سـەیران دەچووم بۆ دەرەوەی شـاریش، ڕێک لەو کـاتەی، کە ئەو دەچوو.

**فۆستەر:** گـوێ ڕاگـرە، برادەر. ئـەو پیـاوەی لەسـەر ئـەو کـورسـیـیـە

---

* مۆزلین یان ئۆرگاندی وەک لە تێکستەکەدا هاتووە، برێتییە لە قوماشێکی لۆکەی تەنکی گرانبەها.

** مەبەست لە نوقڵەسێو، کە بە ئینگلیزییەکە toffeeaple یان candied apple ئەو سـێـوەیە، کـە بە نوقڵ و شـیـرینی دادەپۆشـرێت و دارێکی بچـووکی تێ دەئاخنرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بەئاسانی بیخوات.

*** مـەبەست لە زەنگی پەتدار، ئەو زەنگەیە، کـە بەپەتێکەوە بەسـتـراوە و بەڕاکێشانییەوە زەنگەکە لێ دەدرا. جاران لە ماڵە گەورەکان بۆ کۆکردنەوەی خزمەتکارەکان بەکار دەهات.

دانیشتووە، پیاوێکی داهێنەرە. هونەرمەندە. ئێمەین وا دەکەین ئەو لەگەڵ ژیاندا هەڵبکات. ئەو متمانە بە ئێمە دەکات. هەوڵ مەدە خۆشی و ئاسوودەییی ماڵێک تێک بدەیت. تێ دەگەیت لە من؟ نەکەیت ژیانی خێزانداری داڕمێنیت.

**بریگز:** "بۆ فۆستەر"

ئەگەر تۆ ناتوانیت، من دەتوانم.

"بۆ لای سپوونەر دەچێت و بەپەنجەی دۆشاومژە بانگی دەکات"

وەرە ئێرە.

**هێرست:** کوا سەندەویشەکان؟ نانەکە لەت کە.

**بریگز:** لەت کراوە.

**هێرست:** لەت نەکراوە. لەتی کە!

**بریگز:** "لە شوێنی خۆی ناجووڵێت"

دەچم لەتی دەکەم.

"ژوورەکە بەجێ دێڵێت"

**هێرست:** "بۆ سپوونەر"

من لە شوێنێک تۆم بینیوە.

**سپوونەر:** پێویستە ماڵەکە پاک بکەمەوە. کەسی تر ئەم کارە ناکات. ڕاوێژکارە داراییەکەت بۆ نانی بەیانی دێت بۆ ئێرە. پێویستە بیر لەمە بکەمەوە. هەر ڕۆژەی حەزی لە شتێکە. ڕۆژێ داوای هێلکەی کوڵاو و نانی برژاو دەکات. بۆ بەیانی حەز دەکات هێلکەکە بەبێ توێکڵەکەوە لەناو ئاوی کوڵاودا بکوڵێت و لەگەڵ شەربەتی پرتەقاڵ بیخوات. ڕۆژی دواتر پێی خۆشە زەردێنە و

سـپـێنەی هێلکەکـە لەناو ڕۆن تێکەڵ بکرێت لەگـەڵ سـەلموونی*
بەدووکـەڵ ئامـادەکـراو. بۆ ڕۆژی دوای ئەمـە، داوای شـەمـپـانـیـا
دەکات لەگەڵ هێلکە و قـارچکی سـوورەوەکراوە لەناو ڕۆن. هاکا
ڕۆژ بووەوە. ڕۆژێکی تازە. ڕاوێژکاری داراییت خەون بەچێشتی
بەیانـیـیـەوە دەبینێت. خـەون بەهێلکەوە دەبینێت، هەر هێلکە و
هێلکە. چ جۆرە هێلکەیەک؟ من بێتاقەت بووم. بە درێژاییی شەو
هەر بێـدار بووم. بەڵام هەر تەواو نابێت. هـەرگـیـز تەواو نـابێت.
ئەمەیە ژیانی من. من هەندێک چرکە ساتی ڕاستگۆییم هەیە، کە
تووشـی هەنـاسـەبڕکـێم دەکـەن. لـە هـیـچ شـوێنێک لە لەندەن
ناگیرسێمەوە. کەس نازانێت من بیری چی دەکەم.
"بریگز دێتە ژوورەوە و دەوەستێت. گوێ ڕادەگرێت"
بیری کچە سیامییەکان دەکەم. بیری کچەکانی بالی دەکەم. تۆ
لێرە تووشی کـچی وەکـو ئەوان نابیت. جـار جـار دەیانبـینیت،
لەسـەر پێـپلیکانەکـانی ئەو قـوتابخـانانەی تێدا فـێری زمـانی
ئینگلیزی دەبوون. هێشتا فێر نەکراون بە زمانی خۆیان لەژێر
لێـوەوە پێ بکەنن و باوەش بە یـەکـتـر بکەن. هـەندێک جـار
خـواسـتـەکانی من لەوە زیاتر تێ ناپەڕێت. دەمـتـوانی هەندێک
شـتی تر بکەم. دەمـتـوانی ژیانێکی تر بۆ خـۆم دەسـتـەبەر بکەم.
پێویست ناکات کاتی خـۆم بەدیار مـیزی سـەگەوە بەفیـڕۆ بدەم.
دەمـتـوانی بۆ خـۆم کونجێک بدۆزمـەوە و دڵخـۆش بم. کونجێکی
ڕاستەقینە، بەختەوەرییەکی ڕاستەقـینە.
**بریگز:** نانمان نەماوە. لێرە وەستاوم سەیری خزمـەتکارەکە دەکەم. ئەو

* سەلموون جۆرە ماسییەکی سوورە.

حیزە کەللەبۆشە. حەز لە تەمەڵی دەکات. گەوادی هیچ و پووچ. زیاتر حەز لە گەرووە ئاوە تەنگەکانی "مالاکا"* دەکات، کە هەر لەناو پەردە کوللەکەت دایت و"تۆدی"** توونت بۆ دێنن. کابرایەکی خوێڕییە.

"بۆ سپوونەر"

لاچۆ.

**سپوونەر:** "لەسەر ڕێگەی ئەو لادەچێت"

**بریگز:** "بۆ هێرست"

هەڵسە.

**هێرست:** "لەسەرەخۆ هەڵدەستێت. بریگز دەیبات بۆ لای دەرگەکەوە"

**بریگز:** "بۆ هێرست"

برۆ، پەلە بکە، ئاوڕ مەدەرەوە.

**هێرست:** من ئەو پیاوە دەناسم.

"بریگز، هێرست دەباتە دەرەوە"

"بێدەنگی"

**فۆستەر:** دەزانی من جارێکیان چیم لە بیاوان بینی، لە بیاوانی ئوستراليا؟ پیاوێک دەڕۆیشت و دوو چەتری هەڵگرتبوو. دوو چەتر، لەو چۆڵەوانییە.

**سپوونەر:** بارانیش دەبارێ؟

---

* گەرووە ئاوە تەنگەکانی "مالاکا" درێژییەکەی نزیکەی ٨٠٥ کیلۆمەترە و دەکەوێتە نێوان ڕۆژئاوای مالیزیا و دوورگەی سۆمەترە لە ئەندەنووسیا.

** تۆدی toddy بریتییە لە خواردنەوەیەکی توونی مەستکەر، کە لە براندی و شەکر و ئاوی گەرم و بەهارات پێک هاتووە.

**فۆستەر:** نا، ڕۆژێکی خۆش بوو. من خەریک بوو لێی بپرسم بۆ وا دەکات، بەڵام دواتر ڕام گۆڕی.

**سپوونەر:** بۆ؟

**فۆستەر:** ئاخر گومانم لەوە نەبوو، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان شێتە. بۆیە بیرم لەوە کردەوە، ڕەنگە ئاژاوەم بۆ بنێتەوە.

"ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکە دەکات. لە نزیک دەرگەکەوە دەوەستێت"

گوێ بگرە، تۆ دەزانیت، کاتێ لە ژوورێکدایت و گڵۆپەکان داگیرساون و پاشان لە پڕێکدا دەکوژێنەوە، لە چی دەکات؟ ئێستا پێشانت دەدەم. وەک ئەمە وایە.

"گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە"

شانۆ تاریک دەبێت

## بەشی دووەم

"بەیانییە"

**سپوونەر:** "بەتەنیا لە ژوورەوەیە. دانیشتووە. پەردەکان هێشتا دادراونەتەوە، بەڵام تیشکی ڕووناکی دێتە ژوورەوە. هەڵدەستێتە سەرپێ. لەسەرەخۆ دەچێتە لای دەرگەکە. دەسکەکەی دەگرێت و بە شەکەتییەوە ڕای دەکێشێت"

من پێشتر ئێرەم بینیوە. بەیانییە. دەرگەکە داخراوە. ماڵێکی بێدەنگ، خەڵکێکی بیانیی تێدایە.

"دادەنیشێت، دەلەرزێت"

"دەرگەکە دەکرێتەوە"

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. کلیلی بەدەستەوەیە. قاتێکی پۆشیوە. پەردەکان دەکاتەوە. خۆرەتاوە"

داوایان لێ کردم، بپرسم ئاخۆ برسیتە.

**سپوونەر:** خواردن؟ دەستم پێی نەکەوتووە.

**بریگز:** ڕاوێژکاری دارایی دەرنەکەوت. دەتوانیت ئەو خواردنە بخۆیت، کە بۆ ئەو ئامادە کراوە. بە تەلەفۆن داوای کرد بۆی ئامادە بکەین. پاشان تەلەفۆنی کردەوە و هاتنەکەی هەڵوەشاندەوە.

**سپوونەر:** لەبەر چی؟

**بریگز:** جاک قسەی لەگەڵ کرد. من قسەم لەگەڵ نەکرد.

**سپوونەر:** چ هۆکارێکی بۆ هاوڕێکەت خستە ڕوو؟

**بریگز:** جـاک گـوتی، ئەو بێ ئەوەی ئاگـەدار بێت، کـەوتووەتە ناو تەنگژەیەکی دارایی گەورە.

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** بەئاشکرا دیارە پێویستی بەڕاوێژکارێک هەیە.

"وچانێکی کورت"

**بریگز:** من چێشتت بۆ ناهێنم ئەگەر فڕێی بدەیت و هەمووی نەخۆیت.

**سپوونەر:** من ڕقم لە فڕێدانە.

"بریگز دەچێتە دەرەوە"

من پێشـتـر ئێرەم بینیوە. دەرگە داخـراوەکە. هاتنە ژوورەوەی پیاوە بیانییەکە. خێرکردن. سەگەماسییەکەی بەندەرەکە.

"بێدەنگی"

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. سینییەکی هەڵگرتووە. سەر سینییەکە چەند قـاپێکی لەسـەرە، کـە بـە سـەرقـاپی زیـوین داپۆشـراون، لەگـەڵ بوتڵێ شـەمپانیا لەناو دۆڵکەیەکەوە. سینییەکە لەسەر مێزێکی بچووک دادەنێت و کورسـیـیەک دێنێت و لەبەر مێـزەکەوە دای دەنێت"

هێلکە و ڕۆن، زەردێنە و سـپـێنەکـەی تێکەڵ کـراوە. بوتڵی شەمپانیاکەت بۆ بکەمەوە؟

**سپوونەر:** ساردە؟

**بریگز:** بەستوویەتی.

**سپوونەر:** بە یارمەتیی خۆت، بیکەرەوە.

**بریگز:** "بوتڵەکە دەکاتەوە"

**سـپـوونەر:** "سـەرقـاپەکـان لادەدات. بە وردی سـەیریان دەکـات و

لەلایەکەوە دایان دەنێت. کەرە لە نانە ڕەقە برژاوەکاندا دەدات"
کێ چێشتکەرە؟

**بریگز:** ئێمە بەهاوبەشییەوە ئەو کارە دەکەین، من و جاک.

**بریگز:** "شەمپانیا تێ دەکات و پەرداخەکە دەداتە سپوونەر و ئەویش چەند قومێک دەخواتەوە"

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** سوپاس.

"دەست بە خواردن دەکات. بریگز کورسییەکە ڕادەکێشێت بۆ بەر مێزەکە و دادەنیشێت. سەیری سپوونەر دەکات"

**بریگز:** ئێمە، من و جاک، لەمێژە هاوڕێین. یەکەم جار لە سووچی شەقامێکدا یەکترمان بینی. من دەبێ پێت بڵێم، کە رەنگە ئەو قسەکانی من ڕەت بکاتەوە و چیرۆکێکی جیاواز بگێڕێتەوە. من لە سووچی شەقامێکدا وەستابووم. ئۆتۆمۆبێلێک لێم نزیک کەوتەوە. جاک بوو. پرسیاری شەقامی "بۆڵسۆڤەر"ی لێ کردم. پێم گوت، شەقامی "بۆڵسۆڤەر" لەناو سیستەمێکی ئاڵۆزی شەقامەکانی یەکسەرەدایە. ئەوەیش سیستەمێکی یەکسەرە بوو، کە بۆ مرۆڤ ئاسان بوو بچێتە ناوی. بەڵام تەنیا کێشەکەی ئەوە بوو، کاتێک دەچوویتە ناو سیستەمەکە، نەتدەتوانی لێی بێیتە دەرەوە. من پێم گوت، ئەگەر ئەو بەڕاستی نیازی وایە بچێتە شەقامی "بۆڵسۆڤەر"، ئەوا باشترین ڕێگە، ئەوەیە، یەکەم پێچ بە دەستەچەپەوە بگرێت. پاشان، یەکەم پێچ بە دەستەڕاستەوە و ئینجا دووەم پێچی دەستەڕاست و پاشان سێیەم پێچ بە دەستەچەپەوە بگرێت و چاوی ببڕێتە دوکانێک،

کــە وردە شــتـی ئاسنین دەفــرۆشــێت، ئیــتــر ڕێک بەدەوری گۆڕەپانەکەدا بسووڕێتەوە و یەکڕاست بچێتە ناو ڕاڕەوێک، لە دووەم گەوڕدا بە دەستەڕاستدا بوەستێت. لەوێ تەلارێکی زۆر گەورەی فەرمانگەیەکی دێتە بەرامبەر، کە لەناو حەوشەیەکی نیوەبازنەییدایە. دەتوانێت سوود لەم تەلارە گەورەیە وەربگرێت و بەدەورەی حەوشەکەدا بسووڕێتەوە و بچێتە لاکەی تر. وەک چۆن تیرەکان پێشانی دەدەن، ئاوا بڕوات. بە دوو ترافیکدا تێ پەڕێت. لە ترافیکی داهاتوودا دەستــەچەپ بگرێت، کــە بە گڵۆپێکی سەوزی تایبەت نیشان کراوە، وەک هێمایەک بۆ پێــچکردنەوە. دەبێت تاوەرەکــەی فــەرمــانگەی پۆســتــەی بە بەردەوامی لە بەرچاو بێت. تەنیا شتێک پێویستە بیکات ئەوەیە، کە بگەڕێتەوە بۆ گەراجی ژێرزەوینەکە، گێرەکە بگۆڕێت و یەکڕاست بەردەوام بێت لە ڕۆیشتن. ئیتر بەبێ هیچ کێشەیەک خۆی لە شەقامی "بۆڵسۆڤەر" دەدۆزێتەوە. من بەڕاستی لەوە ئاگەدارم کردەوە، کە ئەگەر شەقامی "بۆڵسۆڤەر" بدۆزێتەوە، هێشتا ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبێتەوە، کە دوور نییە لێی ون بێتەوە. پێم گوت، من یەکێک یان دوو کەس دەناسم، کە چەند ساڵێک ئەمسەر و ئەوسەری شەقامی "بۆڵسۆڤەر"یان دەکرد. بەداخەوە گەنجێتیی خۆیان لەوێ بەسەر برد. ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین، ڕەنگی مردوویان گرتووە. لە باری بێئومێدیدان. بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم، هیچ کەسێکیش بایەخیان پێ نادات. ئەوەی خــەڵکەکــە نیگەران دەکــات، ئەو دەسکەوتانەن، کــە بەشێوازێکی نارەوا بەدەستیان هێناون. من، لەبارەی ئەمت، بۆ ڕۆژنامــەی "تایم"م نووسی. ناوم نا "ژیان لە دووریاندا". هیچ

ئەنجامێکی نەبوو. بەهەرحاڵ، پێم گوت، ڕەنگە باشترین شت کە بیکات ئەوە بێت، کە بیرۆکەی چوون بۆ شەقامی "بۆڵسۆڤەر" بەتەواوی لە بیر خۆی بەرێت. بیرمە ڕێک پێم گوت: ئەو گەشتەی بیری لێ دەکەیتەوە، لە مێشکی خۆتی دەرکە. دوور نییە کارەساتێکی چارەنووسسازی لێ بکەوێتەوە. بەڵام ئەو گوتی، دەبێ هەر بچێت، چونکە پاکەتێک هەیە و پێویستە بیگەیەنێت. بەهەرحاڵ، من خۆم تووشی هەموو ئەو سەرئێشەیە کرد هەر لەبەرئەوەی ئەو پیاوێکی باش و ڕووکراوە بوو. لە پیاوێک دەچوو، کە حەز بکات هەر خۆی چاکە لەگەڵ خەڵکدا بکات. هەڵبەت من بە نەفرەتم نەکرد. دەبێ پێت بڵێم، رەنگە ئەو قسەکانی من ڕەت بکاتەوە و چیرۆکێکی جیاواز بگێڕێتەوە.

**سپوونەر:** "سەرقاپەکە دەخاتە سەرقاپەکەی خۆیەوە"

**بریگز:** "شەمپانیا دەکاتە پەرداخەکەی سپوونەر"

کەی دواجار شەمپانیات لەگەڵ نانی بەیانی خواردووەتەوە؟

**سپوونەر:** با بەڕاستیت پێ بڵێم، من شەمپانیاخۆرم.

**بریگز:** چی، بەڕاست؟

**سپوونەر:** من شارەزای هەموو جۆرەکانی بادەی خۆمم.

"دەخواتەوە"

دیجۆن، لە ساڵانی سییەکان. زۆر گەشتم بۆ دیجۆن کرد لەگەڵ وەرگێڕە فرەنسییەکەم بۆ ئەوەی تامی شەراب بکەم. تەنانەت دوای مردنی ئەویش، هەر دەچووم بۆ دیجۆن تا ئەو کاتەی چیی تر نەمتوانی بچم بۆ ئەوێ.

"وچانێکی کورت"

هیوگۆ، شەمپانیایەکی خۆشە.

"وچانێکی کورت"

هەڵبەت لات سەیر دەبێت ئەگەر بزانیت وەرگێڕەکەم چۆنی وەرگێڕا. وەڵامەکە شیعرێکی من بوو. من شاعیرم.

**بریگز:** من وام دەزانی شاعیرەکان گەنجن.

**سپوونەر:** من گەنجم.

"خۆی دەگەیەنێتە بوتڵەکە"

پەرداخێکت بۆ بێنم؟

**بریگز:** نا، سوپاس.

**سپوونەر:** "لە بوتڵەکە ورد دەبێتەوە"

هەڵبژاردنێکی نایابە.

**بریگز:** هی من نییە.

**سپوونەر:** "تێی دەکات"

وەرگێڕانی شیعر کارێکی زۆر سەختە. تەنیا ڕۆمانییەکان ئەو هونەرە بەباشی دەزانن.

**بریگز:** هێشتا بەیانییەکی نەختێک زووە بۆ ئەو هەموو شتە، وا نییە؟

**سپوونەر:** "دەخواتەوە"

**بریگز:** بوتڵەکە تەواو بکە. فەرمانی دوکتۆرە.

**سپوونەر:** ئەرێ بەڕاست، دەتوانم بپرسم بۆ لەم ژوورەدا بەند کرام؟

**بریگز:** فەرمانی دوکتۆرە.

"وچانێکی کورت"

هەر کاتێک قاوەت ویست، پێم بڵێ.

"وچانێکی کورت"

هەڵبەت خۆ خۆشە شاعیر بیت و خەڵک پێتەوە سەرسام بن و وەرگێڕیشت هەبێت. گەنجیش بیت. من هیچ کامیان نیم.

**سپوونەر:** ئا، بیرت هێنامەوە. من دەبێ بڕۆم. سەعاتی دوازدە کۆبوونەوەم هەیە. زۆر سوپاس بۆ چێشتەکە.

**بریگز:** کۆبوونەوەی چی؟

**سپوونەر:** کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبردن. من ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆوارێکی تازەی شیعرم. یەکەم کۆبوونەوەمان لە سەعات دوازدەیە. نابێت دوا بکەوم.

**بریگز:** کۆبوونەوەکە لە کوێیە؟

**سپوونەر:** لە مەیخانەی "بەڵز هێد" لە "چاک فارم". خاوەنەکەی مرۆڤێکی چاکە. ڕێگەی پێ داین ژوورێکی تایبەت لە نهۆمی یەکەمدا بەکار بێنین. گرینگە کۆبوونەوەکە نهێنی بێت. هەڵبەت، ڕاستە من پێم گوت، کە "لۆرد لانسەر" ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت، بەڵام ئەو خۆیشی لەوە گەیشت، کە پێویستە  شوێنەکە تا ڕادەیەک دوور بێت لە خەڵکەوە.

**بریگز:** لۆرد لانسەر؟

**سپوونەر:** سپۆنسەری کۆوارەکەمانە.

**بریگز:** خۆ لە سەربازی سوارەی بەنگالییەکان* نییە؟

**سپوونەر:** نا، نا، لە نۆرماندییە ڕەوشتبەرزەکانە.

* ئاماژەیە بۆ سەربازە بەریتانییەکان، کە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕەکان دەبوونەوە لە هیندستان و "فرەنسیس یتس براون" وەکو کتێبێک لە ساڵی ١٩٣٠ بەناوی "ژیانی سەربازە بەنگالییەکان" بڵاوی کردەوە. دواتر بوو بەبابەتی فیلمێکی سینەمایی بەهەمان ناو و ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکایی "گاری کۆپەر" ڕۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا.

**بریگز:** مرۆڤێکی رۆشنبیره؟

**سپوونەر:** بەڵگەیەکی بڕواپێکراوه.

**بریگز:** هەندێک لەو ئەریستۆکراتانە ڕقیان لە هونەره.

**سپوونەر:** لۆرد لانسەر مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دڵپاکه. حەز لە هونەر دەکات. بەئاشکرا ئەو حەزەی خۆی خستووەتە ڕوو. هەرگیز لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوه. بەهەرحاڵ، من دەبێ بڕۆم. لۆرد لانسەر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، کە شاعیرەکان هێندە بەتەنگ کاتەوە نین.

**بریگز:** جاک پێویستی بە سپۆنسەره.

**سپوونەر:** جاک؟

**بریگز:** شاعیره.

**سپوونەر:** شاعیره؟ بەڕاست؟ خۆزگە چەند نموونەیەکی لە بەرهەمەکانی خۆی بۆ ڕەوانە دەکردم، کە بە قەبارەی گەوره نووسرابێت و دوو بۆشایی خرابێتە نێوان دێرەکانیەوه. با چەند دانەیەکم لە چەند نامیلکەیەکی جیاجیا و لەناو زەرفی داخراودا، پوولیان لێ درابێت و ناونیشانیان لەسەر نووسرابێت و لە ڕێگەی پۆستەی جیاجیادا بۆ ڕەوانە بکات، تەنانەت ئەگەر چەند دانەیەکیشی لێ ون بێت یا بدزرێت، بەڵام بە مسۆگەرییەوە بە دەستم دەگات و دەیانخوێنمەوه.

**بریگز:** ئەمە لە لوتف و جوامێریی خۆتانه.

**سپوونەر:** سوپاس. دەتوانیت پێی بڵێیت، با چاوەڕوانی هەڵسەنگاندنێکی ڕاستگۆی بە ویژدانەوە و، دەتوانم بڵێم، تا ئەوپەڕ هەستیارەوە بکات.

**بریگز:** پێی دەڵێم. ئەو زۆر پێویستی بەسپۆنسەر هەیە. دەبوو هەر

سـەرکارەکـە ببێتـە سـپۆنسـەری، بەڵام ئەو حـەز ناکات. دەشـێت لەبەر ئەوە بێت، چـونکە خـۆی شـاعیـرە. لەوە دەچێت جـۆرێک لە ئێرەییی تێدا بێت، من نازانم. مەسـەلەکە ئەوە نییە سـەرکـارەکە زۆر ڕووخـۆش و باش نـیـیـە. ئەو پـیـاوێکی بـاش و ڕووخـۆشـە. پێشکەوتووە. بەڵام، دواجار، هـەر مرۆڤە.

"وچانێکی کورت"

**سپوونەر:** سـەرکارەکە... خۆی شـاعیرە؟

**بریگز:** گـەمـژە مـەبە. لـەوە زیاتریشـە، وا نیـیـە؟ گـوتـارنووس و ڕەخنەگریشـە. پیاوێکی ڕۆشنبیرە.

**سپوونەر:** من پێم وا بوو، ئەو دەموچاوە دەناسـم.

"زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات. بریگز دەچێتـە لای تەلەفۆنەکـە و هـەڵی دەگرێت. گوێ ڕادەگرێت"

**بریگز:** بەڵێ، هـەر ئێستا.

"سینییەکە هـەڵدەگرێت و دەڕواتە دەرەوە"

**سپوونەر:** "بەبێدەنگییەوە دادەنیشێت"

من پێشتـر ئەم دۆخەم بینیوە. دەنگێک نابیسترێت. یەکێک گوێ ڕادەگرێت. فەرمـانێک لە نـهۆمـی سـەرەوە دێت.

"شـەمپانیا تێ دەکات"

**هێرست:** " دێتە ژوورەوە. قاتێکی پۆشیوە. بریگز لە دواوەیەتی"

چارڵز، کارێکی چاکت کرد سـەردانت کردین.

"تەوقە لەگەڵ سپوونەر دەکات"

خـۆ بەگـەرمییـەوە پێشوازییان لێ کردیت؟ دێنسن، با قـاوەیەک بخۆینەوە.

**بریگز:** "ژوورەکە بەجێ دێڵێت"

**هێرست:** لە روخسارتەوە دیارە تەندروستیت باشە. تەنانەت تۆزێکیش نەگۆڕاویت. وا بزانم بەهۆی خۆشاوی لیمۆیە. ئەو وا دەکات سپ و ساغ بیت. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، بیرمە لە ئۆکسفۆرد زۆر باش بوویت. ئێستاش هەر لەوێیت؟ زیرەکیت. ژیر و تێگەیشتوویت. ئەرێ دەزانیت، ساڵانێکی زۆر تێ پەڕیوە. کەی بوو دواجار یەکترمان بینی؟ وا بزانم دواجار، کە بەیەکەوە ژەمێکی ئێوارەمان خوارد،ساڵی سی و هەشت بوو. لە یانەکە. ئەمە لە بیرەوەریی تۆشدا هەیە؟ "کرۆکلی"ش لەوێ بوو، ئا، "وایات"، هەموویانم بیر دێنەوە، "بێرستن سمیث". چ تاقمێک بوون. چ شەوێک بوو، وەک من بیرم دێتەوە. هەڵبەت ئێستا هەموویان مردوون. نا نا!. من بێمێشکم. گەمژەم. دواجار، کە چاومان بەیەکتر کەوت، بیرمە چ شەوێک بوو. زۆر باش بیرمە، لە پێشبڕکێی یاریی کریکێت بوو لەژێر چادرە گەورەکەی "لۆرد" بوو لە ساڵی سی و نۆ، کە "هوتۆن" و "چامپتن" لە بەرامبەر "وێست ئیندیز" زۆر جوان یارییان دەکرد، لە کاتێکدا "کۆنستەنتین" تۆپەکەی هەڵدەدا. جەنگیش بەڕێوە بوو. هەڵبەت من ڕاستم! بەیەکەوە دوو بوتڵ شەرابی خۆشمان خواردەوە. تۆ ئێستاش وەکو ئەوسا تەندروست دێیتە بەرچاو. تۆ لە کاتی جەنگەکەدا باش بوویت؟

**بریگز:** "دێتەوە ژوورەوە. قاوەیەکی بەدەستەوەیە. لەسەر مێزەکە دای دەنێت"

**هێرست:** ئۆ، سوپاس. دێسنس.. هەر لەوێ دایبنێ، باشە؟ ئاوا، باشە.

**بریگز:** "ژوورەکە بەجێ دێڵێت"

**هێرست:** ئێمیلّی چۆنە؟ ئای چۆن ژنێک بوو.

ڕەش؟ فەرموو. چۆن ژنێک بوو. پێویستە پێت بڵێم، من ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو ژنەم خۆش ویست. پێویستە لە بەردەمی تۆدا دانی پێدا بنێم. بۆ چاخواردنەوە بردم بۆ "دۆرچێستەر". تاسە و پەرۆشی خۆمم پێ ڕاگەیاند. بڕیارم دا شانم بدەمە بەر. کارێکی زۆر سەخت بوو. ئەو بیرۆکەیەم هێنایە بەرچاو، کە ئەو ژنە ناپاکی لەگەڵ تۆدا دەکات. ددانم پێدا نا، کە تۆ گەنجێکی شەپاڵ و قۆز بوویت، بەڵام باسی ئەوەم کرد، کە هیچ شتێک نابەم، هی تۆ بێت، تەنیا ئەوە دەبەم، کە هەر ژنێک بۆ خۆی هەڵی دەگرێت بۆ ڕۆژی تەنگانە. دیارە ڕازیکردنی ئەو کارێکی زۆر ناخۆش بوو. ئەو پێی گوتم، کە شەیدای تۆیە و ئەگەر ناپاک بێت ژیانی بێمانا دەبێت. من بەپێداگیرییەوە، کێکی بە کەرە چەورکراو و کەرەی شیری مەڕ و هەروەها کێکی خڕی سوورکراوە و شلێکم پێ دا. دواجار، خۆی دا بەدەستەوە. وا پێشان مەدە پێشتر بەمەت زانیوە، ئێ؟ بەهەرحاڵ، ئێمە ئێستا پیر بووین و بایەخ بەم مەسەلانە نادەین، وا نییە؟

"دادەنیشێت. قاوەکە بەدەستەوە دەگرێت"

لە هاوینەکە خانوویەکی چکۆلانەم بەکرێ گرت. هەفتەی دووجار یا سێ جار بە ئۆتۆمۆبێل دەهاتە لام. لە هیچ گەشتێکیدا بۆ شتومەک کڕین لێی جیا نەدەبوومەوە. ئێوە ئەوسا هەردووکتان لەسەر کێڵگەکە دەژیان. کێڵگەی باوکی ئەو بوو. ئەویش بۆ چاخواردنەوە، قاوەخواردنەوە یاخۆ لە کاتی دەستبەتاڵیدا دەهاتە لام. ئەو هاوینەی، کە ئەو ژنە لەگەڵ من بوو، تۆ وات دەزانی بە تەنیا هی تۆیە.

"فڕ لە قاوەکە دەدات"

ئەو خانووە چکۆلانەیەی زۆر بەدڵ بوو. وەکو من حەزی لە گوڵ و گوڵزار بوو: حاجیلە، وەنەوشە، سۆسەن، میلاقە، نێرگز، مێخەک، مینا...

"وچانێکی کورت"

دەستە ناسکەکانی.

"وچانێکی کورت"

هەرگیز بیرم ناچێت چەندە حەزی لە گوڵە نێرگز بوو.

"وچانێکی کورت"

بیرتە جارێکیان، وابزانم ساڵی سی و حەوت بوو، بردت بۆ فرەنسا؟ من لە هەمان کەشتیدا بووم. لە کابینەکەی خۆمدا بووم. ئەو کاتەی تۆ مەشقەکانی خۆتت دەکرد، ئەو دەهاتە لام. جۆش و خرۆشی هەستی گەرمی، بەپێی شارەزاییی خۆم، هاوتای نەبوو. زۆر خۆش بوو.

"وچانێکی کورت"

تۆ هەر سەرقاڵی فۆرمی... لەشی خۆت بوویت، وا نەبوو؟ هەقت بوو، گلەییت لێ ناکەم. گەنجێکی قۆز بوویت. بەژن و بالایەکی جوانت هەبوو. وەرزشکارێکی ڕاستەقینە بوویت. میدالیاکان، نەخش و نیگارەکان، ناوی تۆیان بە زێڕ لەسەر هەڵکەندرابوو. ئەگەر مرۆڤ جارێک، بە تەنیا، شریتی رایەڵکراوی کۆتاییی پێشبڕکێ بترازێنێت، ئەوا هەتاهەتایە دەیترازێنێت. ساتە زێڕینەکانی هەرگیز ناسڕێنەوە. ئێستاش دەتوانیت ڕابکەیت؟ چۆن وا کەوتەوە، ئێمە کەمتر چاومان بە یەکتر بکەوێت، دوای

ئەوەی خوێندنمان لە ئۆکسفۆرد تەواو کرد؟ مەبەستم ئەوەیە، تۆ ڕێچکەیەکی ترت بۆ خۆت هەڵبژارد، وا نەبوو؟ تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیر بوویت، ڕێک وەکو من. بەڵێ، بەڵێ، دەزانم ئێمە جارجار لەگەڵ "تۆبی وێڵز" و هەموو تاقمەکە بەیەکەوە گەشتی کورت کورتمان دەکرد. جارجار لە یانەکە بەیەکەوە ویسکی و سۆدەمان دەخواردەوە، بەڵام هیچ کاتێک لەیەک نزیک نەبووین، وا بوو؟ نازانم بۆ. هەڵبەت من زۆر زوو سەرکەوتنم بەدەست هێنا.

"وچانێکی کورت"

تۆ گوتت لە کاتی جەنگەکەدا باش بوویت، وا نەبوو؟

**سپوونەر:** بەڵێ، تا ڕادەیەک باش بووم.

**هێرست:** هێزی ئاسمانی چەندە نایاب و ڕێک بوو!

**سپوونەر:** هێزی دەریایی.

**هێرست:** چەندە جوان و خێرا بوون، کەشتییەکانی جەنگ!

**سپوونەر:** بەلەمەکانی تۆرپێدۆ*.

**هێرست:** باشترینیان بوون. ئەوەی ئەڵمانی با، دەتکوشت؟

**سپوونەر:** یەک یان دوو.

**هێرست:** چاکت کرد.

**سپوونەر:** ئەدی تۆ؟

**هێرست:** من لە هەواڵگریی سەربازی بووم.

**سپوونەر:** ئەها.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** لە دوای جەنگ، ملت دایە بواری ئەدەبی؟

---

* جۆرە بەلەمێکی خێرای بچووکە. بۆمبێک هەڵدەگرێت پێی دەڵێن تۆرپێدۆ.

**سپوونەر:** ئا، بەڵێ.

**هێرست:** منیش هەر وام کرد.

**سپوونەر:** پێم وایە تا ڕادەیەک کاری باشت کردووە.

**هێرست:** ئۆهـ، زۆر باش، بەڵێ. ئێستا ئەو کارە باشانەم لە ڕابردوو جێ هێشت.

**سپوونەر:** تا ئێستا "ستێلا"ت بینیوە؟

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** ستێلا؟

**سپوونەر:** ناکرێت بیرت چووبێت.

**هێرست:** ستێلا کێ بوو؟

**سپوونەر:** ستێلا وینستانلی.

**هێرست:** وینستانلی؟

**سپوونەر:** خوشکی بەنتی وینستانلی.

**هێرست:** ئەها، بەنتی. نەخێر. تا ئێستا نەمبینیوە.

**سپوونەر:** تۆ تا ڕادەیەک هۆگری ئەو بوویت.

**هێرست:** کوڕە من وابووم؟ چۆن زانیت؟

**سپوونەر:** من "بەنتی"م زۆر خـۆش دەویست. ئەو کوڕە هیچ کـەیفی بە چارەی تۆ نەدەهات. ویستی مشتەکۆڵەیەک بکێشێت بە لووتتدا.

**هێرست:** لەبەر چی؟

**سپوونەر:** چونکە خوشکەکەیت بۆ جووتبوون فریو دەدا.

**هێرست:** ئینجا ئەو چ کارێکی بەمەوە هەبوو؟

**سپوونەر:** ئاخر بەنتی برای ئەو کچە بوو.

**هێرست:** منیش مەبەستم ئەوەیە.

"وچانێکی کورت"

پێم ناڵێیت، تۆ مەبەستت چییە؟

**سپوونەر:** "بەنتی" "روپێرت"ی خستە پێش چاوی "ستێلا"ی خوشکی. ئاخر "بەنتی" "روپێرت"ی زۆر خۆش دەویست. "ستێلا"ی وەکو بووک پێشکێش کرد. "بەنتی" و "روپێرت" زۆر لەمێژ بوو هاورێ بوون. "بەنتی" هەڕەشەی دارکاریکردنی تۆی کرد.

**هێرست:** کێ؟

**سپوونەر:** بەنتی.

**هێرست:** ئەو هەرگیز زاتی نەکردووە قسە لەگەڵ من بکات.

**سپوونەر:** "ستێلا" داوای لە "بەنتی" کرد ئەو کارە نەکات. تکای لێ کرد دەست لەو کارە هەڵبگرێت. تکاشی لێ کرد بە "روپێرت" نەڵێت.

**هێرست:** لەوە گەیشتم، بەڵام کێ بە "بەنتی"ی گوت؟

**سپوونەر:** من بە "بەنتی"م گوت. من ئەوم زۆر خۆش دەویست. هەروەها من "ستێلا"م زۆر خۆش دەویست.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** لەوە دەچێت تۆ هاورێیەکی نزیکی بنەماڵەکە بوویت.

**سپوونەر:** بەتایبەتی هی "ئەرابێلا". ئێمە هەموو جارێک بە یەکەوە دەچووین بۆ گەڕان.

**هێرست:** "ئەرابێلا هینسکۆت"

**سپوونەر:** بەڵێ.

**هێرست:** من لە ئۆکسفۆرد ئەو کچەم ناسی.

**سپوونەر:** منیش.

**هێرست:** من "ئەرابێلا"م خۆش ویست.

**سپوونەر:** "ئەرابێلا" منی خۆش دەویست. "بەنتی" هیچ کاتێک بەتەواوی نە لەوە دڵنیا بووە، کە "ئەرابێلا" منی خۆش ویستووە، نە لە شێوەی ئەو خۆشەویستییەیش دڵنیا بووە.

**هێرست:** تو خاتری خوا، پێم بڵێ مەبەستت چییە؟

**سپوونەر:** "بەنتی" متمانەی بە من دەکرد. لە تەدارەکی هاوسەرگیرییەکەیدا، برازاوای بووم. متمانەی بە "ئەرابێلا"ش دەکرد.

**هێرست:** با بۆت روون بکەمەوە، کە من هەردەم "ئەرابێلا"م زۆر خۆش ویستووە. باوکی ئەو مامۆستا و چاودێریکەری من بوو. من هەر لە ماڵیان دەماومەوە.

**سپوونەر:** من باوکی ئەوم باش دەناسی. زۆر منی بەدڵ بوو.

**هێرست:** "ئەرابێلا" کچێکی ڕەوشت جوان بوو. هەست و سۆزێکی هاوسەنگی هەبوو.

**سپوونەر:** وایە.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** دەتەوێت پێم بڵێیت، تۆ پێوەندیی خۆشەویستیت لەگەڵ "ئەرابێلا" هەبوو؟

**سپوونەر:** جۆرێک بوو لە پێوەندیی خۆشەویستی. ئارەزووی تەواوی نەبوو بۆ جووتبوون. ئەو دڵی بەخۆشەویستییەکی تایبەت خۆش بوو. واتە ڕۆڵی نێرێک جێبەجێ بکات.

**هێرست:** "هەڵدەستێتە سەرپێ"

خەریکە بڕوا بکەم، کە تۆ بەڕاستی مرۆڤێکی نزمیت. تۆ چۆن زات دەکەیت بەم شێوەیە باسی "ئەرابێلا هینسکۆت" بکەیت؟

من وا دەکەم لە یانەکەتدا دەرت بکەن!

**سپوونەر:** ئۆه، ئازیزی بەڕێز، بیرت بێنمەوە، کە تۆ ناپاکیت لەگەڵ "ستێلا وینستانلی" کرد، کاتێک بە درێژایی ئەو هاوینە پیسە دەستت لەگەڵ "ئێمیلی سپوونەر"ی ژنم تێکەڵ کرد، ئەو ڕاستییەی، کە ئەوسا لە هەموو شوێنێکی لەندەن باس دەکرا؟ ئەوەیشت بیر بێنمەوە، کە "مۆریاڵ بلاکوود" و "دوورێن بوسبی" تا ئێستاش لەو زوڵم و زۆرلێکردنە سێکسییە نابەجێ و فەوتێنەرە بەهۆش نەهاتوونەتەوە و خۆیان نەگرتووەتەوە؟ ئەدی ئەوەیشت بیر بێنمەوە، کە هاوڕێیەتی و بەدڕەفتاریت لەگەڵ "جیۆفری ڕامسدێن" لە ئۆکسفۆرد بوو بەبابەتی قسەوباس لە کۆلێجی "بالیۆل" و "کریست چێرچ"؟

**هێرست:** ئەمە بوختانێکە بۆ ئابڕووبردن. تۆ چۆن زات دەکەیت وا بڵێیت؟ دەبێ وا بکەم تێلاترێنت بکەن!

**سپوونەر:** ئەوە تۆیت، گەورەم، کە بەبێئابڕووییەوە ڕەفتار دەکەیت لەگەڵ ناسکترین و جوانترین توخمی ئافرەت، کە ژنەکەی من ناسکۆڵەترین نموونەیە لە ناویاندا. ئەوە تۆیت هەڵسوکەتت لەگەڵ ئەو ژنەی، کە بەپێی دەستووری خواییەوە هاوسەرم بوو، نامرۆڤانە و حەیابەرە.

**هێرست:** من، گەورەم؟ نامرۆڤانە؟ بەبێئابڕوویی؟

**سپوونەر:** بەبێئابڕووییەوە، خۆی هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە.

**هێرست:** تۆ گوێ بۆ قسە قۆڕ و بێماناکانی ژنە جووتیارێک دەگریت؟

**سپوونەر:** بەڵێ، چونکە من خۆم جووتیارەکەم.

**هێرست:** تۆ جووتیار نەبوویت، گەورەم. تۆ کەسێکی خوێڕی بوویت. لە پشووی کۆتاییی هەفتەدا دەردەکەوتیت.

**سپوونەر:** من لە خانووەکەی هاوینەهەواری "وێست ئەپفیلّد" بەرهەمی "بۆ ویسێکس لەگەڵ ڕێزم"م نووسی.

**هێرست:** تا ئێستا دەرفەتێکی لەبارم نەبووە بیخوێنمەوە.

**سپوونەر:** ئەو هۆنراوەیەم بە فۆرمی سێ خشتەکی نووسیوە. ئەمەیش فۆرمێکە، بەداوای لێبووردنەوە دەیڵێم، تۆ هەرگیز ناتوانیت فێری بیت.

**هێرست:** ئەمە قسەیەکی زۆر ناشیرینە! تۆ کێیت؟ لە ماڵەکەی من چی دەکەیت؟

"دەچێتە لای دەرگەکە و بانگ دەکات"

دێنسن! ویسکی و سۆدا بێنە!

"بەملا و بەولای ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە"

بە ئاشکرا دیارە تۆ کەسێکی هیچنەزان و بێمێشکیت. ئەو "چارلز ویزەبی"یەی، کە من دەمناسی جەنتڵمانێک بوو بۆ خۆی. ئێستا دەبینم کەسایەتییەکەی بچووک بووەتەوە. ئەوە جێگەی داخە. کوا ئەو گوڕ و تینە پاک و ڕاستگۆیەی، کە کۆڵەکەی خۆڕاگریت بوو؟ ڕامالّرا.

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. ویسکی و سۆدە تێ دەکات و دەیدات بە هێرست. هێرست سەیری خواردنەوەکە دەکات"

**هێرست:** ڕامالّرا. بەجارێ ڕامالّرا.

"دەخواتەوە"

من تێ ناگەم... تێ ناگەم... هەموو شتێکی دەوروبەرم... بە بەردەوامی دەبینم. دەبینم چۆن هەستیارترین و ڕۆشنبیرترین مرۆڤ بە ئاسانی لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێت و دەبێت بە

کەسێکی سێبەندی، بە قۆڵبڕ، بە جەردە. لە ڕۆژگاری مندا، کەسێک نەدەگۆڕا. پیاو چۆن بوو، هەروا دەبوو، تەنیا ئاین دەیتوانێ بیگۆڕیت. ئەمەیش لانی کەم مەینەتییەکی گەورە بوو.

"دەخواتەوە و لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت"

ئێمە لێرەدا ڕێگر نین. من ئامادەم دان بەخۆمدا بگرم. لەگەڵ تۆ دڵنەرم دەبم. کتێبخانەکەی خۆمت پێشان دەدەم. تەنانەت ژووری خوێندنەوەکەیشمت پێشان دەدەم. دەتوانم تەنانەت پێنووسەکەم و پەڕاوەکەم و کورسییەکەشت پێشان بدەم.

"پەرداخەی بۆ ڕادەگرێت"

پێکێکی تریش.

**بریگز:** "پەرداخەکەی لێ وەردەگرێت و پڕی دەکات. ئینجا پێی دەداتەوە"

**هێرست:** دەتوانم تەنانەت ئەلبوومی وێنەکانیشمت پێشان بدەم. دوور نییە لەناویاندا دەموچاوێک ببینیت، کە دەموچاوی خۆتت بیر بێنێتەوە. بیرت بێتەوە پێشتر چۆن بوویت. دوور نییە دەموچاوی خەڵکی تریش لە سێبەردا ببینیت یان ڕوومەتەکان لە تەنیشتەوە ببینیت هەروەها شەویلگەکان، پشتەکان، سەر و ملەکان یاخۆ چاوەکان لە سێبەری ژێر شەپقەکان ببینیت. ئەمانە خەڵکێکت بیر دێننەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ناسیوتن و پێت وا بووە لەمێژە مردوون، بەڵام هێشتا بە تیلەی چاوان سەیرت دەکەن ئەگەر تۆ جورئەتت هەبێت سەیری تارماییە ڕاستەقینەکان بکەیت، ڕێگە بە خۆشەویستیی تارماییە ڕاستەقینەکان بدە. ئەوان هەموو ئەو هەست و سۆزەیان هەیە... سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشن. لە ئاست ئەو هەست و سۆزانە، کڕنۆش بەرە. من دڵنیات دەکەمەوە ئەو هەست و سۆزانە لەو تارماییانە دانابڕێن، بەڵام کێ

دەزانێت ئاخۆ... چ ئاسوودەییەک... دەبەخشنە تارماییەکان... کێ دەزانێت ئاخۆ ئەوان چۆن لەناو کۆت و بەندکردندا، لە دەفرە شووشەبەندەکانیاندا... جارێکی تر ژیانیان دێتەوە بەر. ئاخۆ تۆ پێت وایە کارێکی دڕندانەیە... ژیانیان بێنیتەوە بەر لە کاتێکدا لەوێ بەستراونەتەوە و بەند کراون؟ نەخێر، ئەوان لە قووڵاییی دەروونەوە حەز دەکەن بەدەنگ هەموو دەست پیاهێنانێک و سەیرکردنێکی تۆ بێنەوە و کاتێک تۆ زەردەخەنەیەک دات دەگریت، ئەوان لە خۆشییاندا... گشت سنوورێک دەترازێنن. بۆیە من پێت دەڵێم، با ڕەفتارت لەگەڵ مردووەکان نەرم بێت وەک چۆن تۆ لەو ژیانەی ئێستای خۆت دەتەوێت بە نەرمییەوە ڕەفتارت لەگەڵدا بکەن.

"دەخواتەوە"

**بریگز:** ئاخر، هاوڕێ، ئەوان ژیانیان لەبەر نەماوە، بۆش و بەتاڵن، ئەو مردووە بێ گیانانە.

"بێدەنگی"

**هێرست:** قسەی قۆڕ.

"وچانێکی کورت"

ئەو بوتڵەم بدەرێ.

**بریگز:** نەء.

**هێرست:** چی؟

**بریگز:** گوتم، نەء.

**هێرست:** بێ تەشقەڵە و بێ گۆبەن، ئەو بوتڵەم بدەرێ.

"وچانێکی کورت"

**بریگز:** پێم گوتی، نەء.

**هێرست:** دەشێت ڕەتکردنەوە ببێتە هۆی دەرکردن.

**بریگز:** تۆ ناتوانیت من دەربکەیت.

**هێرست:** بۆ ناتوانم؟

**بریگز:** چونکە من لێرە ناڕۆم.

**هێرست:** "ڕوو لە سپوونەر دەکات"

بوتڵەکەم بۆ بێنە.

**سپوونەر:** "دەچێتە لای دۆلابەکە"

**بریگز:** "لە شوێنی خۆی ناجووڵێت"

**سپوونەر:** "بوتڵە ویسکییەکە هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ هێرست"

**هێرست:** "ویسکی تێ دەکات و بوتڵەکە لای خۆی دادەنێت"

**بریگز:** منیش دەمەوێت پێکێک هەڵدەم.

"پەرداخێک هەڵدەگرێت و لە بوتڵەکەوە ویسکی تێ دەکات و دەخواتەوە"

**هێرست:** ئەمە بێشەرمییە. دەی، قەی ناکا. ئەو هەر وا دەستبڵاو بووە. ئەرێ باران دەبارێت؟ لە ئینگلتەرا هەردەم باران لە مانگی ئابدا دەبارێت. ئاخۆ هیچ جارێک چەم و دۆڵەکانی دەرەوەی شارت لە ئینگلتەرا تاقی کردووەتەوە؟ ژێر چڵ و لقەدرەختەکان، ژێر گەلا وەریوەکان، لەوێ تۆپی تێنس دەدۆزیتەوە، ڕەش داهەڵگەڕاون. پێشتر کچەکان بۆ سەگەکانیان، بۆ منداڵان، بۆ یەکتر هەڵیان داون و ئیتر بۆ ناو چەمەکە گلۆر بوونەتەوە. گوایە لەوێ بۆ هەتاهەتایە ون بوونە. تەمەنیان گەیشتووەتە سەدان ساڵ.

**فۆستەر:** "دێتە ژوورەوە"

ئێستا کاتی پیاسەی بەیانیانتە.

"وچانێکی کورت"

گوتم، ئێستا کاتی پیاسەی بەیانیانتە.

**هێرست:** پیاسەی بەیانیانم؟ نا نا، ببوورە ئەم بەیانییە کاتم نییە بۆ ئەمە.

**فۆستەر:** کاتی ئەوەیە بەپیاسە تا ئەوبەری دەشتەکە بچیت.

**هێرست:** بەڕاستی ناتوانم. زۆر سەرقاڵم. ئیش و کارێکی زۆرم هەیە، پێویستە جێبەجێیان بکەم.

**فۆستەر:** ئەوە چی دەخۆیتەوە؟

**سپوونەر:** ئەو ویسکییە خۆشەی، کە ئازارگەیێنە.

**هێرست:** "بۆ سپوونەر"

ئەمە چییە، تا ئێستا هیچت تێ نەکردووە بیخۆیتەوە. کوا پەرداخەکەت؟

**سپوونەر:** سوپاس. کارێکی گەوجانەیە، خواردنەوەکان تێکەڵ بکەم.

**هێرست:** تێکەڵ؟

**سپوونەر:** من شەمپانیام دەخواردەوە.

**هێرست:** هەڵبەت، شەمپانیات دەخواردەوە، ڕاست دەڵێیت. ئەلبێرت، بوتڵێکی تر بێنە.

**بریگز:** بەڵێ، دەیهێنم.

"دەڕواتە دەرەوە"

**هێرست:** بەڕاستی ناتوانم. کارێکی زۆرم هەیە و پێویستە تەواویان بکەم. دەبێ گوتارێک بنووسم. گوتارێکی ڕەخنەیی. ئێمە پێویستە فایلەکان بپشکنین، دەبێ بزانم ئاخۆ من پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ چ بکەم. ناتوانم ئێستا بیری لێ بکەمەوە.

**سپوونەر:** من لەمە یارمەتیت دەدەم.

**هێرست:** بەڕاست؟

**سپوونەر:** لەبەر دوو هۆ: یەکەم، من توانای پشکنین و دۆزینەوەی شتم هەیە. هەر شتێکم مەبەست بێت لەناو فایلێکدا، دەتوانم بیدۆزمەوە. دووەم، من ژمارەیەکی زۆر گوتاری ڕەخنەییم نووسیوە. تۆ بەڕاستی سکرتێرت هەیە؟

**فۆستەر:** من سکرتێری ئەوم.

**سپوونەر:** پۆستی سکرتێری هیچ نرخ و بایەخێکی بۆ بەهرەکانت نییە. شاعیری گەنج پێویستە سەفەر بکات. سەفەر بکات و ناخۆشی بچێژێت. بچێتە ناو هێزی دەریایی، دەریا ببینێت. گەشت بکات و لە شت بکۆڵێتەوە.

**فۆستەر:** من گەشتی دەریاییم کردووە. چوومەتە ناو دەریا و گەڕاومەتەوە. ئێستاش لێرەم. لەو شوێنەی، کە پێویستییان پێم هەیە.

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. پێکە شەمپانیاکەی بەدەستەوەیە. لە بەردەرگەکە دەوەستێت و گوێ ڕادەگرێت"

**سپوونەر:** "بۆ هێرست"

باسی ئەلبوومی وێنەکانت کرد. دەتوانم لەگەڵ تۆ سەیری بکەم و ناوی دەموچاوەکانت بۆ دیاری بکەم. ئەمەیش ئاشکراکردنێکی ڕاست و بێ هەڵەیە. بەڵێ من دڵنیام دەتوانم لەم بوارەدا ببم بەهاوکارێکی زۆر باش.

**فۆستەر:** دەموچاوەکان ناناسرێنەوە، برادەر.

**بریگز:** "دێتە ژوورەوە. سەتڵێک، کە بوتڵێک شەمپانیای تێدایە دادەنێت"

هەروا بە نەناسراوییەوە دەمێننەوە.

**هێرست:** هەندێک شوێن لە دڵمدا هەن... کە هیچ ڕۆحێکی زیندوو ناتوانێت... یان نەیتوانیوە... پەی پێ ببات.

**بریگز:** "بوتڵە شەمپانیاکە دەکاتەوە. پێکێک بۆ سپوونەر تێ دەکات" فەرموو. وەکو گوڵە نێرگز جوانە. گوڕ و تینت پێ دەبەخشێت.

"بۆ هێرست"

گەورەم، نەختێکت بۆ تێ بکەم؟

**هێرست:** نانا، من... لێرەوە دەوەستم، چیی تر ناخۆمەوە.

**بریگز:** گەورەم، من بۆم هەیە ببم بەهاودەمی "مستەر فرێند"؟

**هێرست:** هەڵبەت.

**بریگز:** "بۆ فۆستەر"

کوا پەرداخەکەت؟

**فۆستەر:** نا، سوپاس.

**هێرست:** دەی دەی، دەمێک تێکەڵی خەڵک بە. کراوە و ڕووخۆش بە. هاوڕێیەتیی ئەو خەڵکە بکە، کە پێیانەوە بەستراویتەوە، کە پێوەندییەکی تۆکمە و بەهێز پێیانەوە دەتبەستێتەوە. دەی تێکەڵیان بە.

**بریگز:** "پێکێک بۆ فۆستەر تێ دەکات"

**فۆستەر:** هێشتا کاتی نانی نیوەڕۆش نەهاتووە.

**بریگز:** کوڕە هەی گوێدرێژ، باشترین کات بۆ خواردنەوەی شەمپانیا پێش نانی نیوەڕۆیە.

**فۆستەر:** پێم مەڵێ گوێدرێژ!

**هێرست:** ئێمە هەرسێکمان، هەرگیز بیرمان ناچێت، کە کۆنترین

هاوڕێی یەکترین.

**بریگز:** ئاخر بۆیە منیش پێم گوت، گوێدرێژ.

**فۆستەر:** "بۆ بریگز"

بەسە بیبڕەوە.

**هێرست:** "پێکەکە هەڵدەدات"

بەهیوای بەختێکی باش بۆ هەمووومان.

"هەموویان بەدەنگێکی نزمەوە دەستەواژەی "بە خۆشی ئێوەوە"

بە ڕووی یەکتردا دەردەبڕن و دەخۆنەوە"

**هێرست:** "لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات"

ڕووناکی... لە دەرەوە... کزە... تیشکی خۆر بەئاستەم ماوە. بە خێراییەوە کز دەبێت. زۆر ناخۆشە. با پەردەکان دادەینەوە. گڵۆپەکان داگیرسێنە.

**بریگز:** "پەردەکان دادەداتەوە و گڵۆپەکان دادەگیرسێنێت"

**هێرست:** ئاه، چەندە هێمن و خۆشە.

"وچانێکی کورت"

ئاسوودەگەیێنە.

"وچانێکی کورت"

ئەمڕۆ بڕیاری کۆتایی دەدەم. هەندێک مەسەلەی تایبەت هەن... پێویستە ئەمڕۆ بڕیاریان لەسەر بدەم.

**سپوونەر:** من یارمەتیت دەدەم.

**فۆستەر:** من لە "بالی" بووم کاتێک ناردیان بەشوێنمدا. نەدەبوو ئەوێ جێ بێڵم. نەدەبوو بگەڕێمەوە بۆ ئێرە، بەڵام هەستم کرد... بانگم دەکەن... هیچ ڕێگەیەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو. نەدەبوو ئەو

دوورگـە جـوانە جـێ بێـڵم، بەڵام کـەوتمە داوەوە. کـوڕێکی گـەنج بووم، ئیـتـر لە خـەڵکی تر جـیـاواز نـەبووم. کـەس نەیدەنـاسـیم. نووسـەرێکی بەناوبـانگ پێـویسـتـی بە من بـوو. داوای کـرد ببم بەسکرتێـری، بە شـۆفـێری، ئیشـکەری ناو مـاڵی، تۆمـارکـەری نووسینەکانی. ئەرێ ئەو چۆن منی ناسی؟ کێ بۆی باس کردووە؟

**سپوونەر:** هـەنگاوێکی زیرەکانەی نا . کەم کەس هـەن بتوانن ئەمە بکەن. کـەم کـەس شـتـی وا دەکـەن. ئـەو کردی. هـەر بـۆیە خـوا خـۆشـی دەوێت.

**بریگز:** تۆ لەسـەر پێـشنیـازی من هـاتیت بۆ ئێـرە. من هـەردەم حـەزم لە گـەنج کـردووە، چونکە مـرۆڤ دەتوانـێت سـوودی لـێ وەربگرێت. بەڵام پێـویسـتـە ڕووکـراوە و ڕاسـتگۆ بێت. ئەگـەر ڕووکـراوە و ڕاستگۆ نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت سـوودی لێ وەربگرێت. من تۆم دەسـتنیـشـان کرد. تۆ ڕووکراوە بوویت. بواری سـەرکـەوتنت بۆ ڕەخسابوو.

**فۆستـەر:** من پێم وایە کارەکە بەسـوودە. من لەگـەڵ کـەسـێکی زیرەکی زۆر تایبـەتدام. پێم وایە ئەو کەسە زیرەکە لە بووژانەوەدایە. من بەهۆی ئەوەوە بووژاومـەتەوە. گەشـەی پێ کـردم. بۆیە، کەسـێکی زیرەکە و شـایسـتـەی خزمەتکردنە. پێم وایە داخوازییـەکانی ئەو سـروشـتـین. نەک هـەر سـروشـتـین، بگرە دروسـت و ڕەوان. من هیچ کـارێکی چەوت ناکـەم. کـارەکـە ئاسـوودەگـەیێنـە. من بە ئاسـانی لە ڕێگە لادەدرام. لە کارکردندا هـەست بەوە دەکەم، کە ڕێز لـە خـۆم بگرم، هـەست دەکـەم لـە کـارەکـەم دەگـەم و پێی دەزانم. ئەم هـەسـتـە دەسـتـبـەردارم نابێت، کـە خـزمـەتی مەسەلەیەکی گرینگ دەکەم.

"ئاماژە بۆ بریگز دەکات"

ئەوە هاوڕێی منە. ئەو پێشنیازی منی کرد. زۆر شت لەو فێر بووم. ڕابەرم بووە. لە هەموو ئەوانەی تا ئێستا بینیومن، خۆنەویستترە. ئەو دەتوانێت پێت بڵێت. با قسە بکات.

**بریگز:** بۆ کێ؟

**فۆستەر:** چی؟

**بریگز:** قسە بکەم؟ بۆ کێ؟

**فۆستەر:** "سەیری سپوونەر دەکات"

بۆ... ئەو.

**بریگز:** بۆ ئەو؟ بۆ ئەو ئاودەس پاککەرەوەیە؟ ئەو پاشەڕۆ لابەرە؟ ئەو چەرچییەی دەسەسڕی سووڕی مانگانەی ئافرەتان دەفرۆشێت؟ تۆ باسی چ حیزێک دەکەیت؟ سەیری بکە. بە کوندە میز دەکا بە خۆیدا. ئەو ملشۆڕە تەپاڵە وەکو کێک دەبرژێنێت. تۆ لەبەر چی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟

**هێرست:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵام ئەو لە دڵەوە پیاوێکی چاکە. من لە ئۆکسفۆرد ناسیم.

"بێدەنگی"

**سپوونەر:** "بۆ هێرست"

ماوە بدە لای تۆ بژیم و ببم بەسکرتێرت.

**هێرست:** تۆ بڵێی هیچ مێشێکی گەورە لێرە هەبێت؟ گوێم لە ویزەویزە.

**سپوونەر:** نەخێر.

**هێرست:** گوتت، نەخێر؟

**سپوونەر:** بەڵێ.

"وچانێکی کورت"

من داوات لێ دەکەم بیر بکەیتەوە و ئەو پۆستەم پێ بدەیت. ئەگەر من دەستەجلێکی وەکو هی تۆم پۆشیبا، ئەوسا منت بە شێوەیەکی تر دەبینی. من لەگەڵ بازرگانەکان، چەرچییەکان، دەڵاڵەکان، ژنە پەرستگەنشینەکان زۆر باشم. دەتوانم بێدەنگ بم هەر کاتێک پێویست بێت. ڕووخۆشیش دەبم هەر کاتێک وا بخوازێت. دەتوانم گفتوگۆ لەسەر هەر بابەتێک بکەم، کە هەڵی دەبژێریت: داهاتووی وڵات، گوڵە کێوییەکان، یارییەکانی ئۆڵۆمپی. ڕاستە من کەوتوومەتە ڕۆژگارێکی سەخت، بەڵام خەیاڵ و توانای بیرکردنەوەم کز نەبووە. ویست و ئارەزووی کارکردنم نەسڕاوەتەوە. ئێستاش دەتوانم گەورەترین و پڕمەترسیترین بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆدا بگرم. لەباری میزاجەوە دەتوانم چۆنت بوێت، ئاوا بم. من لە کرۆکەوە کەسێکی بێفیزم. مرۆڤێکی ڕاستگۆم. بێجگە لەمەش، ئەوەندە نەچوومەتە ساڵەوە تا شت فێر نەبم. هیچ کەسێک چێشت لێنانم بە کەم دانانێت. من بۆ شێوازی چێشت لێنانی فەرەنسی دەچەمێمەوە، بەڵام خواردن بەبێ ڕازاندنەوە لە توانای من بەدەر نییە. بیناییم بۆ تۆزوخۆڵ زۆر تیژە. دەبێ مەتبەخەکەم پاک و تەمیز بێت. لە بەرامبەر کەرەسەکان زۆر وریام. زۆر ئاگەداری قاپ و قاچاخە زیوەکانت دەبم. شەترەنج و بلیارد دەزانم. پیانۆ دەژەنم. دەزانم مۆسیقای "شۆپین"ت* بۆ بژەنم، ئینجیلت بۆ بخوێنمەوە. هاودەمێکی چاکم بۆ تۆ.

* "فریدریک شۆپین" (١٨١٠-١٨٤٩) مۆسیقاژەنێکی پۆڵەندی بوو.

"وچانێکی کورت"

من ئازادانە ددانی پێدا دەنێم، سەرگوزشتەی ژیانی من هەمەڕەنگ بووە. یەکێک بووم لە کەسە سەرکەوتووەکانی سەردەمی خۆم. شتێک ڕووی دا. نازانم چی بوو. سەرەڕای ئەمەش، من هەر ماومەتەوە و هەموو سووکاتییەک و نەبوونییەکم بەزاند. من هەر منم. ئەوەتا من خۆم دەخەمە بەردەستی ئێوە نەک بەشێوەی مەراییکردن و بەمەبەستی خۆشیرینکردن، بگرە بە شانازیکردن بە ڕابردووی خۆمەوە. من وەکو شەڕوانێکی قاڵ دێمە لات. دڵخۆشم، کە خزمەتی جەنابتان بکەم وەک گەورەی خۆم. لە بەردەم ئێوەی پایەبەرزدا دەچەمێمەوە. من خەسڵەتەکانی بەزەیییەتی، دووربینی، پارە بەفیڕۆنەدان، بەرچاوتێری و مێشک کراوەیی و چاکەخوازیم هەیە. ئەگەر جێگەی مەترسی بن، ڕەتیان بکەرەوە. وەکو جەنتڵمانێک، ئەرکی سەرشانمە لە هەڵسوکەوتەکانمدا ڕووخۆش بم، لە کار و ئەرکەکانمدا بەجورئەت بم، لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانمدا ئازا و وریا بم. مەبەستم ئەوەیە، کە ژیانی تایبەتی خۆت هی خۆتە. بەهەرحاڵ، من هەر هەستیار دەبم لە بەرامبەر بچووکترین مەترسی و کاری ناڕەوا، کە ڕووبەڕووت بێتەوە. شمشێرەکەم هەردەم ئامادەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بەدخوازی و خراپەکارییەکی ئاشکرا، کە پیلان بۆ تێکشکانی تۆ دادەڕێژێت. من بە پێویستی سەر شانی خۆمی دەزانم روخسارێکی ڕوون و ویژدانێکی پاک ڕابگرم. من لەبەر خاتری تۆ ئامادەم ڕووبەڕووی مەرگ ببمەوە. بەوپەڕی بوێرییەوە لە پێناوی تۆدا بەرەنگاری دەبمەوە، ئینجا لە

مەیدانی جەنگ بێت یا لە ژووری خەوتن. من سوارچاکی تۆم. لام باشترە بمنێنە ناو گۆڕی شەرەفمەندێتییەوە نەک ڕێگە بدەم دوژمنی ناوەوە یا دەرەوە ناوبانگی جەنابی شکۆدارتان لەکەدار بکەن. من چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەم.

"بێدەنگی"

"هێرست دانیشتووە، بێدەنگ و بێ جووڵەیە"

"فۆستەر و بریگز بێدەنگ و بێ جووڵە، وەستاون"

**سپوونەر:** پێش ئەوەی وەڵام بدەیتەوە، دەمەوێت یەک شتی ترت پێ بڵێم. من جارجار ئێوارەکۆڕی شیعر خوێندنەوە ڕێک دەخەم لە ژوورێکی نهۆمی سەرەوەی میوانخانەیەکی تایبەت. خەڵکێکی زۆر تێدا ئامادە دەبن، بەتایبەتی گەنجەکان. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر یەکێک لەو ئێوارانە بۆ تۆ بێت. دەتوانیت بەرهەمەکانی خۆت بۆ ئامادەبووە ئارەزوومەند و شارەزاکان بخوێنیتەوە. بۆ ئەو ئامادەبووانەی، کە لێواولێون لە توانای شاراوە بۆ ئەگەری پێشاندانی ئەوپەڕی جۆش و هەستی بەتین. من دڵنیام میوانخانەکە پڕ دەبێت لە خەڵک و خۆشحاڵ دەبم بەخشیشێکی شایستە یان ڕێژەیەکی گەورە لە سوودت بۆ دابین بکەم. دەتوانم دڵنیات بکەمەوە، کە گەنجەکان کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی گوێت بۆ ڕابگرن. لێژنەکەی من پێیان وایە بۆ ئەوان دەبێتە شەرەفێکی گەورە ئەگەر میوانداریی تۆ بکەن. تۆ لەلایەن یەکێکەوە پێشکێش دەکرێیت، کە شارەزای کارەکانی تۆیە، ڕەنگە ئەو کەسە من بم. دوای خوێندنەوەکە، کە دڵنیام دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە، دەچین بۆ خوارەوە، بۆ بارەکە. لەوێ خاوەن بارەکە، کە هاوڕێیەکی منە، دەزانم دڵی زۆر خۆش

دەبێت و بە ڕێزەوە پێشوازیتـان لێ دەکات. لە نزیک باڕەکەوە ڕێسـتۆرانتێکی هـیندی هـەیە، کـە ناوبانگێکـی زۆر باشـی هـەیە. ئێـوە لەوێ دەبن بە مـیوانی لێژنەکـەی من. خـەڵک بە دەگمـەن دەمـوچاوتان دەبینێت. قـسـەکـانتـان، کـە زۆر خـەڵک لێـیـان شـارەزان، بە دەگمـەن بیـسـتـراون و لەژێر شـارەزاییی تەواوی خـوێندنەوەی خـۆتەوە ئـەم ڕووداوە شـایسـتـەی دەگـمـەنتـرین خـەسـڵـەت دەبێت: بێـهـاوتایی. من تکات لێ دەکـەم ڕەهـەندە کۆمـەڵایەتییەکانی ئەم هەنگاوە گرینگە زۆر بەهەند وەربگریت. تۆ بەجـەسـتـە لەوێ ئامـادە دەبیت. کـوڕەکە تـۆ دەهێنێـتـە لای گەنجەکان. گەورەکانیش، ئەوانەی تا ڕادەیەک هیچ ئومـێدێکیان نەماوە، لە بۆنەیەکی ئاوادا ماڵەکانیان جێ دێڵن و ئامادە دەبن. هـیـچ کـێـشـەیەکـیـشت لـەگـەڵ ڕۆژنامـەکـاندا نـابێت. من بەرپرسـیاریەتیی ئەوە لە ئەسـتۆ دەگرم، کە لە هەر کردەوەیەکی ناپەسند دووریان بخـەمـەوە. هەڵبـەت تۆ لاریت نیـیـە ئـەگـەر نزیکەی شـەش وێنە بگرن، بەڵام زیاتر نا، هەڵبەت مەگەر خـۆت حەز نەکەیت لە بۆنەیەکی ئاوادا قسـە بکەیت. مـەگەر خـۆت حەز نەکەیت، با بڵێین، کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیی کەمخایەن دوای خـوێندنەوەکـە ببـەسـتـیت، پێش نانخـواردن، تا لە ڕێگەی ڕۆژنامـەکانەوە قسـە بۆ دنیا بکەیت. جارێ ئێـمـە با بیـرۆکەی خوێندنەوەیەکی ورد و باش پەسند بکەین، لە کـەشێکی لەبار و خـۆشـدا، با بیـر لە ئێـوارەیەک بکەینەوە، کـە هیـچ کـام لە بەشداربووەکان بیریان نەچێتەوە.

"بێدەنگی"

**هێرست:** با باسەکەمان بگۆڕین.

"وچانێکی کورت"

بۆ دواجار.

"وچانێکی کورت"

چیم گوت؟

**فۆستەر:** گوتت دەتەوێت باسەکە بگۆڕیت بۆ دواجار.

**هێرست:** ئەمە مانای چییە؟

**فۆستەر:** مانای ئەوەیە تۆ جارێکی تر هەرگیز باسەکە ناگۆڕیت.

**هێرست:** هەرگیز؟

**فۆستەر:** هەرگیز.

**هێرست:** هەرگیز؟

**فۆستەر:** گوتت بۆ دواجار.

**هێرست:** ئاخر ئەمە مانای چییە؟ مانای چییە ئەمە؟

**فۆستەر:** مانای ئەوەیە، بۆ هەتاهەتایە. مانای ئەوەیە باسەکە بەیەکجاری دەگۆڕێت. بۆ نموونە، ئەگەر باسەکە زستان بێت، ئەوا بۆ هەتاهەتایە زستان دەبێت.

**هێرست:** ئاخۆ باسەکە زستانە؟

**فۆستەر:** ئێستا باسەکە زستانە. بۆیە بۆ هەتاهەتایە هەر زستان دەبێت.

**بریگز:** بۆ دواجاریش.

**فۆستەر:** بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر باسەکە زستان بێت، هەرگیز بەهار نایەت.

**هێرست:** بەڵام با پرسیارێکت لێ بکەم. پێویستە بپرسم ـــ

**فۆستەر:** هاوین هەرگیز نایەت.

**بریگز:** درەختەکان ــ

**فۆستەر:** هەرگیز چرۆ دەرناکەن.

**هێرست:** پێویستە لێت بپرسم ــ

**بریگز:** بەفر ــ

**فۆستەر:** بۆ هەتاهەتایە دەبارێت، چونکە تۆ باسەکەت گۆڕیوە. بۆ دواجار.

**هێرست:** بەڵام تۆ بڵێیت وامان کردبێت؟ ئەمە پرسیارەکەی منە. کردوومە؟ ئاخۆ ئێمە باسەکەمان گۆڕیوە؟

**فۆستەر:** هەڵبەت. باسەکەی پێشوو داخرا.

**هێرست:** باسەکەی پێشوو چی بوو؟

**فۆستەر:** بیرم چووەتەوە. تۆ گۆڕیت.

**هێرست:** باسەکەی ئێستا چییە؟

**فۆستەر:** ئەگەری گۆڕینی باسەکە لە ئارادا نییە، چونکە ئێستا باسەکە گۆڕاوە.

**بریگز:** بۆ دواجار.

**فۆستەر:** بۆ ئەوەی هیچ شتێکی تر بۆ هەتاهەتایە ڕوو نەدات. تۆ بەبێ پێچوپەنا، بۆ هەتاهەتایە، لێرەدا دادەنیشیت.

**بریگز:** بەڵام بەتەنیا نا.

**فۆستەر:** نەخێر. ئێمەیش لەگەڵ تۆ دەبین. بریگز و من.

"وچانێکی کورت"

**هێرست:** ئێستا شەوە.

**فۆستەر:** هەردەم هەروا شەو دەبێت.

**بریگز:** چونکە باسەکە

**فۆستەر:** بەهیچ شێوەیەک ناگۆڕێت.

"بێدەنگی"

**هێرست:** بەڵام من گوێم لە دەنگی باڵندەیە. ئێوە گوێتان لێ نییە؟ ئەو دەنگانەم هەرگیز نەبیستووە. ئەو کاتە دەیانبیسم، کە پێویستە دەنگیان لێوە بێت، ئەو کاتەی گەنج بووم هەرچەندە لەو کاتەوە نەمبیستووە.

"وچانێکی کورت"

بەڵێ، ڕاستە. من بەرەو دەریاچەیەک دەڕۆم. یەکێک بەدوامەوەیە. بەناو درەختەکاندا دەڕوات. بەئاسانی لێم ون دەبێت. لاشەکەی دەبینم. سەرئاو کەوتووە. دەشێوێم. زیاتر لێی ورد دەبمەوە و دەزانم، کە بەهەڵەدا چووم. هیچ شتێک لەناو ئاوەکەدا نییە.

"بێدەنگی"

**سپوونەر:** نەخێر، تۆ لە خاکێکی بێ خاوەن دایت، کە هەرگیز ناجووڵێت، هەرگیز ناگۆڕێت، هەرگیز گەورە نابێت، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە وا دەمێنێتەوە، سەهۆڵبەند و کشوماتە.

"بێدەنگی"

**هێرست:** بۆ ئەوە دەخۆمەوە.

"دەخواتەوە"

شانۆ بەرەبەرە تاریک دەبێت

# زمانی چیــا

**MOUNTAIM LANGUAGE**

# "زمانی چیـــا" و پووچگەرایی تۆتالیتاریزم

عەلی عوسمان یاقووب

هارۆلد پینتــەر" لە ســاڵی ١٩٨٥ لەســەر داخــوازی ڕێکخــراوی "ئینتەرناشناڵ پێن"[١] لەگەڵ "ئارثەر میلەر" سەردانی کوردستانی تورکیــایان کــرد بۆ بەدواداچوون لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و پشتگیریکردن لە نووسەرە بەرهەڵستکارەکان. دواتر سکاڵانامەیەکیان بە مۆری ٢٣٣٠ نووسەر و زانا و پیاوانی ئاینیی کلێسا ئاراستەی حکوومەتی تورکیا کرد. لە سکاڵانامەکەیان داوایان لە حکوومەت کرد ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت. ئەم شانۆنامەیە، وەک "پینتەر" لە چاوپێکەوتنەکانیدا ددانی پێ ناوە، هەوێنی سەردانەکەیەتی بۆ تورکیا و ئەو بارودۆخە نارەوایەیە، کە کوردەکانی ئەوێ لە سایەیدا مافەکانیان لە چواچێوەیەکی سیاسییەوە پێشێل دەکرێن. ئەوەتا لەو چاوپێکەوتنەی، کە ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووس "ئان فۆرد" لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، بیرۆکەی شانۆنامەی "زمانی چیـــا" دەبەستێتەوە بە زیاتر هۆشیاربوونەوەی خۆی لەبارەی بارودۆخی تورکیا و بەتایبەتیش بەو سەردانەی، کە لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ "ئارثەر میلەر" بۆ تورکیا کردیان. "پینتەر" دەڵێت: "یەکێک لەو شتانەی، کە لەبارەیەوە زانیم ئەو کاتەی لەوێ بووم، کێشەی ڕاستەقینەی کوردەکان بوو. بە ڕوون و ئاشکرا، بەهیچ شێوەیەک ددان بەبوونیاندا نانرێت، بەڵێ، ڕێگەیان پێ نادرێت بە زمانی خۆیان قسە بکەن [...]

سەرەتای کارەکە، کوردەکان بوون، بەڵام شانۆنامەکە لەبارەی تورک و کورد نییە. مەبەستم ئەوەیە، بە درێژاییی مێژوو زۆر زمانی تریش هەن، کە قەدەغە کراون."[٢]

دیارە برای هونەرمەند "دانا ڕەئووف" لە ڕێگەی نامەیەکی ئەلیکترۆنییەوە، بە خاتوو "ئەنتۆنیا فراسەر پینتەر"ی هاوسەری "هارۆڵد پینتەر"ی ڕاگەیاندووە، کە ئێمەی کورد، "پینتەر" نەک هەر وەکو نووسەرێکی مەزن، بگرە وەکو داکۆکیکەرێک لە مافی کورد دەناسین. خاتوو "فراسەر پینتەر" لە وەڵامدا دەڵێت:"من زۆر خۆشحاڵم، کە ئەم قسانە لە تۆ دەبیستم. تۆ زۆر ڕاست دەکەیت. هارۆڵد پینتەر بەڕاستی خەباتی بۆ گەلی کورد کرد، کە بۆ ئەو گەلێکی گرینگ بوو"[٣]

کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، چەند ژنێک هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەر سەرمایەکی ساردوسڕی دەستوپلرچێندا لە دەرەوەی دیواری زیندانێکدا وەستاون، چاوەڕوانن کاربەدەستەکان ماوەیان پێ بدەن تا چاویان بەمێردەکانیان و کوڕەکانیان بکەوێت، کە زیندانی کراون. زیندانییەکان لای پاسەوانەکان بە " دوژمنی وڵات" دەناسرێن و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. لەناو ژنەکاندا، ژنێکی بەتەمەن و یەکێکی جحێڵ بەناوی "سارا" جیا کراونەتەوە. کۆمەڵێک سەگی دڕ، کە هی پاسەوانەکانی زیندانەکەن، دەوریان داون. دیارە پاسەوانەکان سەگەکانیان لە خەڵکەکە بەردەدەن و لە ئەنجامدا، یەکێکیان گازێک لە دەستی ژنە بەتەمەنەکەدا دەگرێت.

"پینتەر" هەر لە یەکەم دیالۆگی شانۆنامەکەوە، ڕەگەزەکانی ئەبسێرد تێکەڵی شانۆنامەکە دەکات. بۆیە هەر لە سەرەتاوە گەمەیەکی زارەکی

دروست دەکـات وەک ئـامـاژەیەک بۆ ئەو هەلومـەرجـە پووچگەرایەی، ژنەکـان تێی کـەوتوون. چاوەشـی پـۆلیس*، کـە پیـاوێکی بەهەرِەشـەیە، دەردەکـەوێت و داوا لە ژنەکـان دەکات ناوی خـۆیان بلـێن، لە کـاتێکدا ئەوان پێشتر ناوی خۆیانیـان پێ گوتووە. ئەم ڕاستییە بۆ چاوەشـەکە، کـە بەردەوام فـەرمـانەکـەی دووبـارە دەکـاتەوە، گـرینگ نیـیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەوە دەگـەیـەنێت، کە چاوەشـەکـە ئەوان بە مـرۆڤ نازانێت، بگرە وەکو گرووپێک سـەیریان دەکات، کە پێویسـتە بخرێنە ژێر دەست. دووەم گفتوگۆی هیچوپووچ پێوەندیی بە ژنە بەتەمـەنەکەوە هەیە، کە سەگێک لە سەگەکانی پاسەوانەکان گازی لە دەستی گرتووە. کاتێ ژنە جـحێلـەکـە، "سـارا"، داوا لە کـاربەدەسـتـەکان دەکـات یارمـەتیی ژنە بەتەمـــەنەکـــە بـدەن، تووڕە دەبـن، نەک لـەبەرئـەوەی ژنەکـــە دەســـتی بریندارە، بگرە لەبەرئەوەی سـەگەکـە ناوی خـۆی نەگـوتووە بەر لەوەی گازی لێ بگرێت. ئـەم وەڵامە نابەجێیە نموونەیەکە بـۆ کرداری نابەجێ، کە بەشێکی سروشتییە لە سیستەمی تۆتالیتاری. لەبەرئەوەی ڕەفتاری کـاربەدەســتـەکـان هـیـچ پاســاوێکی لـۆجـیـکی نیـیـە، بـۆیە ناتوانن بەشـێـوەیەکی لۆجیکی بەرگری لە کردەوەکـانیـان بکەن. ئەفسـەرەکە دەیەوێت چوارچێوەیەکی فـەرمی بـداتە ڕوونکردنەوەکـەی کـاتێ دەڵێت "ئەمە دەسـتوورێکی فـەرمییە" و پێویسـتە سـەگەکان لـەسەری بڕۆن بەر لەوەی گـاز بگرن. هـەروەهـا هـەوڵ دەدات وا پێـشـان بدات، کـە ئـەوان، واتە دەسـەڵاتی سیـاسی، ڕێبازێکی ڕێکوپێکیان هەیە لە جێبەجێکردنی یاسـا، کاتێ سـوور دەبێت لەسـەر ئەوەی ئـەو سـەگە بـتۆپێنێت ئـەگەر

* وشـەی "چاوەشـی پـۆلیس" یا "چاوەش" لە شانۆنامـەکەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە و یەکێکە لە کارەکتەرەکان. من بـۆ وشـەی sergeantی ئینگلیـزی بەکارم هێناوە، کە زیاتر بە مانای "عریف" دێت.

ناوی خۆی نەگوتبێت، پێش ئەوەی گاز لە ژنەکە گیر بکات. بەواتایەکی تر، ئەگەر سەگەکە دەستوورەکەی پێشێل کردبێت. لەسەرێکەوە، پووچگەراییی ئەم هەڵوێستەی ئەفسەرەکە ئەو مانایە قووڵ دەکاتەوە، کە هەموو کاربەدەستانی ئەم سیستەمە هیچ لۆجیکێکیان نییە کاتێ ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن. لەسەرێکی تریشەوە، قسەکەی ئەفسەرەکە ئەو مانایە قووڵ دەکاتەوە، کە پووچگەرایی سیستەمی تۆتالیتاریی گەیشتووەتە ڕادەیەک تەنانەت سەگیش پێویستە مل بۆ دەستووری فەرمیی سیستەمەکە کەچ بکات.

یەکێک لە فەرمانەکانی سوپا، قەدەغەکردنی قسەکردنە بە زمانی چیانشینەکان. دیارە لە ڕێگەی حاشاکردن لە زمانی میللەتێک، کە، دواجار، قەدەغەکردنی گرینگترین "هۆ"ی دەربڕینە لە کولتوور و فەرهەنگی ئەو میللەتە، ڕێژیمێکی تۆتالیتاری دەتوانێت شوناسی ئەو میللەتە و دواجاریش ئەو هەڕەشەیە بسڕێتەوە، کە ڕووبەڕووی سیستەمەکەی دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ "سارا" دەڵێت، کە ئەو لە چیانشینەکان نییە، هەروەها مێردەکەیشی چیانشین نییە، هەڵوێستی کاربەدەستە حکوومەتییەکان ئەوە دەسەلمێنێت، کە فەرمانە سوپاییەکە، دواجار، لە چوارچێوەی هەوەس و ئارەزووی خۆیاندایە، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە مێردەکەی "سارا" چیانشین نییە، ئەوان هەر بەوە تاوانباری دەکەن، کە "دوژمنی وڵاتە"، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشیان بە دەستەوە نییە لەسەر ئەم تاوانە.

دوا ڕووبەڕووبوونەوەی پووچگەرا لە نێوان "سارا" و کاربەدەستەکاندا، لە کۆتاییی بەشی یەکەمدایە، کە کاربەدەستەکان بۆیان دەردەکەوێت، "سارا" چیانشین نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، چاوەشەکە

بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، کە دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، پێشێلکارییەکی سێکسی دەکات کاتێ دەستی دەخاتە سەر سکی "سارا" و پێی دەڵێت:" تۆ بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ بە چ زمانێک لە قنگەوە قسە دەکەیت؟" هەروەها بانگەشەی ئەوەیش دەکات، کە ژنەکە" گیانی هێندە پڕە لە تاوان، لێی دەڕژێت". کاتێ چاوەشەکە سەرنج دەدات، کە ژنەکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزتری هەیە لە ژنەکانی تر و لە زیندانییەکان، بە قسەیەک بڕیاری خۆی بەسەردا یەکلا دەکاتەوە و ژنەکە بە "رۆشنبیرێکی گاندەر" ناو دەبات و دەڵێت، "سمتی ئەم رۆشنبیرانە [یش] بە جوانترین شێوە دەلەرنەوە". لە رێگەی ئەم پێشێلکارییە سێکسییەوە، چاوەشەکە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی ژنەکە دەسڕێتەوە و ئیتر پێویست بەوە ناکات بە شێوازێکی مرۆڤانەوە رەفتاری لەگەڵدا بکات. بەهەرحاڵ، "سارا" لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژییەدا خۆڕاگر دەبێت. "پینتەر"، لەم دیمەنەدا، توانای مرۆڤ پێشان دەدات لە خۆڕاگری لە بەرانبەر دەستدرێژیکردن. ئاخر دەبوو ئەو ژنە خۆی ڕابگرێت و دەستدرێژیکردنەکەی ئەوان پشتگوێی بخات، هاوار نەکات، لاواز نەبێت، هیچ شتێک نەکات، تەنیا گوێی پێ نەدات. بۆیە کاتێک ئەوان ئەم خۆڕاگرییەی ئەویان بینی، هەر بۆ سووکایەتیپێکردن باسی قنگیان کرد.

لە بەشی دووەمدا، نووسەر بێمانایی قەدەغەکردنی زمانی چیانشینەکان بە ڕوونی پێشان دەدات کاتێ "پاسەوانەکە داردەستەکەی [بە ژنە بەتەمەنەکەدا] دەکێشێت" هەر لەبەرئەوەی هەوڵ دەدات لەگەڵ کوڕە زیندانییەکەی بە زمانی خۆی قسە بکات. ئەم قەدەغەکردنە نەک هەر ئاخاوتنی نێوان ژنەکە و کوڕەکەی، بگرە

گـفـتـوگـۆی نێـوان ژنەکـە و پاسـەوانەکـەیش دەوەسـتێـنێ. کـاتێ پاسـەوانەکە بـە ژنەکە دەڵێت، کە زمـانەکـەی "زمـانێکی قـەدەغـەیە" و پێویستـە "بە زمـانی پایەتەخت قسـە بکات"، ژنەکە بەردەوام دەبێت لە قسـەکردن بە زمـانی خۆی لەگەڵ کوڕەکەی و پاسەوانەکەیش بەردەوام دەبێت لە لێدانی ژنەکە بە دار. "پینتـەر" لەم دیمەنەدا تەکنیکی بێدەنگی بەکـار دێنێ. ئەمـەیش تەکنیکێکە لە زۆربەی شـانۆنامـەکـانیدا، وەکـو فـــۆرمــێکی زمـــان بـەکـــاری دێنێت و ڕەنگدانەوەی پێــوەندیکردنی کارەکتەرەکانە بە یەکترەوە. بێدەنگی لای "پینتەر" ڕەفتارێکی زارەکیی بەرگـریکردن، هێـرشکـردن یا قـایلبـوونـە بەو پێـیـەی، کـە زۆرجـار کـاریگەریەتیی بێـدەنگی لە قـسـەکـردن گـەورەترە. لە بەشـی یەکـەمی شانۆنامەکەدا، "سارا" بەربەرەکانیی خۆی پێشان دەدات کاتێ وەڵامی پرسیارەکەی چاوەش لەبارەی سەگەکە ناداتەوە، چونکە بە پرسیارێکی بێـمـانا و نابەجـێی دەزانێت. لە بـەشـی دووەمـدا، زیندانیـیـەکـە بە پاسـەوانەکـە دەڵێت، کـە دایکی "نازانێت بـە زمـانی پایەتەخت قـسـە بکات" و "قسـەی پێ ناکات". دوای ئەمـانـە دوو مـاوەی بێدەنگی دێت و پاسەوانەکە بە کارێکی بەرگریکردنیان دەزانێت. بۆیە پێی دەڵێت: "جا ئەمە خـەتای کێیە؟... خۆ خەتای من نییە... هـەمـووتان کۆمەڵێ گەندە و گوون"

دوا بەشـی شـانۆنـامـەکـە هەر لە ژووری چاوەڕوانیـیـەکـەدا بـەڕێوە دەچێت. ژنە بـەتەمـەنەکـە لەگـەڵ کوڕە زیندانیـیـەکەی ئامـادەن. دیارە کوڕەکە ئەشکەنجە دراوە. چاوەشەکە دەڵێت: "یاساکانیان گۆڕیوە. ئەو ژنە دەتوانێت قـسـە بکات. دەتوانێت بە زمـانی خـۆی قـسـە بـکات". زیندانیـیـەکـە هەوڵ دەدات ئەم هـەواڵـە بە دایکی ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەو

بێــدەنگ دەبێت. ناتوانێت تەنانەت یەک وشـــەیش دەربـبـــڕێت. بۆیە، کوڕەکە "لەسەر کورسییەکە بە ئەژنۆدا دەکەوێت. هەنسک دەدات و بە توندی هەڵدەلەرزێت". لێرەدا چاوەشـەکە مەبەسـتە خراپەکـەی خۆی دەدات بە دەستـەوە کاتێ دەڵێت: "سەیری ئەمە بکە. تۆ هەمـوو هەوڵێک بدە تا یارمەتییان بدەیت و ئەوانیش لە خۆیان تێک دەدەن".

ئەگەرچی بیرۆکەی شانۆنامەکە لە واقیعی تاڵی کوردستانی باکورەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام "پینتەر" ڕەهەندێکی جیهانیی داوەتە بەرهەمەکەی، چونکە ڕووداوەکان لە وڵاتێکدا ڕوو دەدەن، کە ناوی نەهاتووە، هەروەک چۆن ناوی زیندانەکەیش نەهاتووە. بۆیە ڕووداوەکان گوزارشت لە هەلومەرجی ترس و تۆقاندن دەکەن لەژێر هەر سیستەمێکی زۆردار بێت. شانۆنامەکە کورتە، بەڵام پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە لە ڕەخنەی شانۆیی. لە سەرێکەوە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە وێنەیەکی ڕاستەقینەی قوربانییان و چەوسێنەران دەکێشێت لەژێر سایەی ڕێژیمێکی تۆتالیتاری، چونکە کۆمەڵێک دیمەنی ترسناک سەبارەت بە چەوساندنەوە لە خۆ دەگرێت و بە وردی ستەمکاری و توندوتیژیی دەوڵەت لە چوارچێوەی چەوسانەوەی سیاسی لە ڕێگەی کۆمەڵێک وێنەی ڕوون و بەرچاودا دەپشکنێت. لە سەرێکی تریشەوە، ناتوانین بڵێین لە باری بنیاتی درامییەوە هەر واقیعییە و هیچی تر، چونکە "پینتەر" ڕیالیزم بە ڕەگەزەکانی شانۆی ئەبسێرد دەبەستێتەوە. لە ئەنجامدا، وێنەیەکی زۆر قێزەون و دڵداخورپێن لەبارەی تۆقاندنی سیاسییەوە دەخاتە ڕوو.

"تیش دەیس" لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیی بەرهەمەکانی "پینتەر" لە بەرگی دووەمی کتێبی "ڕابەرنامە بۆ ئەدەبی ئینگلیزی"[٤] هۆکارەکانی

ئەو تەكنیكە بێهاوتایەی پینتەر ڕوون دەكاتەوە. "دەیس" ئاماژە بەوە دەكات، كە نووسەرەكانی پێشوو هەستیان كردووە، ناچارن هەڵسوكەوتی كارەكتەرەكانیان ڕوون بكەنەوە. "پینتەر" لە شانۆنامەكانیدا وا پێشان دەدات، كە زیاتر خستنەڕووی هەلومەرجەكان مەتەڵەكە ئاڵۆزتر دەكات، دۆخە تەمومژاوییەكە قووڵتر دەكاتەوە، ئاماژە هەڵخەڵەتێنەرەكان سەبارەت بە سەرچاوەی نیگەرانییەكانی كارەكتەرەكان ڕوون دەكاتەوە. لە كاتێكدا زۆربەی شانۆنووسەكان ڕووداوە شانۆییەكان بە شێوەیەكی ڕیزبەند لەسەر تەختەی شانۆ بە ڕوونی پێشان دەدەن، "پینتەر" بە شێوەیەكی هونەری زیرەكانەوە ئەوە هەڵدەبژێرێت، كە لە باری مانادا زۆر شاراوە و نادیار و تەنانەت ناكۆك بن لەگەڵ ئەوەی، كە پێشان دەدرێت، چونكە لە جیاتیی ڕووبەڕووبوونەوەیەكی ڕوون و ئاشكرا، هەڕەشەیەكی نادیار و لێڵ پێشان دەدات، كە تێگەیشتنی گرانە. یەكێك لەو ڕێگەیانەی، كە "پینتەر" لە شانۆنامەی "زمانی چیا"دا بەكاری دێنێت بۆ تێكشكاندنی باری ڕوونی و ڕیزبەندیی ڕووداو و ڕێكوپێكیی شێوەكەی برێتییە لە هەندێك دیمەنی كورت و پچڕپچڕ ، وەكو دیمەنی زیندانییەكان و ئەو ژنانەی دێن بۆ سەردانیان، كە ماوەیەكی زۆر كەم دەخایەنن. ئەم دیمەنە كورتانە هیچ ئاماژەیەكی ڕوونكەرەوە یا كرۆنۆلۆجییان نییە تا یارمەتیی بینەر بدەن پارچەكان بە یەكتر ببەستێتەوە و چیرۆكەكەی وەكو چیرۆكێكی ڕوون و ماناگەیێن بە ئاسانی بۆ بخرێتە ڕوو، بەڵام كاریگەرییەتییەكەیان لەوەدایە، نووسەر پێشانی دەدات، كە كارەكتەرەكان نەك هەر هەست بە دابڕان یا نامۆبوون دەكەن، بگرە ئەزموونیشیان لەگەڵ ئەم هەستكردنەدا هەیە.

بە درێژاییی بەشی یەکەم، ژنەکان لە پیاوەکان دابڕاون و لەلایەن کاربەدەستانی زیندانەکەوە دەچەوسێندرێنەوە و ئازار دەدرێن. سێ بەشەکەی تر، بە کورتی چەند دیمەنێکی ژنەکان پێشان دەدات، کە سەردانی پیاوەکان دەکەن. یەکێک لە تایبەتمەندیەتییەکانی ئەم دیمەنانە پێوەندیی پچڕپچڕی نێوان ژن و پیاوەکانە، واتە، گفتوگۆکان زۆر کورتن. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ ئەگەرێک نییە بۆ یەکگرتنەوەیان.

"پینتەر" لە وتارێکدا، کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە "هامبۆرگ" پێشکێشی کرد و لە پێشەکیی بەرگی چوارەمی "کۆبەرهەم"ەکەیدا بڵاو بووەتەوە، هۆکاری ئەم کورتبڕییە لە ئاخاوتنی کارەکتەرەکانیدا بە گشتی بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: "پێویستە بەوپەڕی وریایی و هێمنییەوە بەدوای وێنەکەدا بگەڕێیت. هەر کاتێ دۆزیتەوە، پێویستە زەق بکرێتەوە، بەرە بەرە جێگەی خۆی بگرێت، بیر و هۆشی خۆت بە وردی بخەیتە سەر و لە دۆخی خۆیدا بەهێزی بکەیت"[٥]، هەروەها ئەوەیش دەخاتە ڕوو، کە "کلیلی شانۆنامەکان کورتبڕییە، کورتبڕی لە جووڵە، لە هێما، لە هەست و دەربڕینی هەست... بۆیە هیچ بەفیڕۆدانێک و تێکەڵاو و پێکەڵاوییەک نییە". "پینتەر" ڕەگەزەکانی ئەبسێرد دەخاتە ناو دیمەنە کورتکراوەکان بۆ بەهێزکردنی کرۆکی پووچگەرایی و دڕندەیی. زمان لەم دیمەنانە بە زۆری لە ئاستێکی شاراوە و نادیار کار دەکات. واتاکان لە خودی وشەکاندا نین، بگرە لە شێوە و هۆکاری بەکارهێنانیانن لەلایەن کارەکتەرەکانەوە. زۆرجار وشەکان بێبایەخ و قسەی هیچوپووچن.

"پینتەر" لە فیستیڤاڵێکی درامی لە ساڵی ١٩٦٢ لە "بریستۆڵ"

فۆرمەکانی تەکنیکی بێدەنگی ڕوون دەکاتەوە، کە لە پێشەکیی بەرگی دووەمی "کۆبەرهەم"ەکەیدا بڵاو بووەتەوە. لەوێ ئاماژە بە دوو جۆر لە بێدەنگی دەکات: یەکەمیان ئەو بێدەنگییەیە، کە پێچەوانەی قسەکردنە و ئەوەی تر بێدەنگییەکە، کە زمان بە لێشاو تێیدا بەکار دێت، بەڵام ئەوەی لە قسەکردن دەگوترێت ئەوە نییە، کە قسەکەر مەبەستییەتی. قسەکردن لەم حاڵەتەدا فرت و فێڵێکە بۆ شاردنەوەی شتێکی تر، کە ئێمە نایبیستین، بەڵام دەکرێت لە ئاماژەکەی بگەین. دەشێت مەبەستەکە دوورخستنەوە بێت لە گاڵتەپێکردن، توندوتیژی، خەم و خەفەت یا شاردنەوەی ڕاستییەک بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر لە دۆخی خۆی بهێڵێتەوە. نموونەیەکی بەرچاو بۆ ئەم جۆرە قسەکردنە فریودەرە لە بەشی سێیەمی ئەم شانۆنامەیەدایە کاتێ مێردەکەی "سارا" لە ڕاڕەوەکە دەکەوێتە خوارەوە. دیارە ئەشکەنجە دراوە. بۆیە "سارا" هاوار دەکات. لێرەدا، چاوەشەکە بەبێ پچڕان و بە لێشاو قسە دەکات کاتێ بە "سارا" دەڵێت: "بەڵی تۆ لە دەرگەیەکی هەڵەوە هاتوویتە ژوورەوە. هەبێ و نەبێت خەتای کۆمپیوتەرەکەیە". پاشان دڵنیای دەکات لەوەی، ئەگەر هەر زانیارییەکی بوێت لەبارەی "هەر لایەنێکی ژیانەوە لەم شوێنەدا، ئەوا کەسێک هەیە هەموو سێشەممەیەک دێت بۆ فەرمانگەکە، تەنیا ئەو ڕۆژانە نەبێت، کە باران دەبارێت..."

مەبەستی چاوەشەکە لەم ئاخاوتنە بۆ ئەوەیە سەرنجی "سارا" لە دۆخی ڕاستەقینەی مێردەکەی بەلادا ببات. بەواتایەکی تر ئەوەی شاراوەیە گرینگترە لەوەی دەردەبڕێت.

لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا، کێشەکە یەکلا نابێتەوە. تەنیا دیمەنێک، کە لەلای بینەر دەمێنێتەوە، دیمەنێکی پووچگەرایە: چاوەشەکە گلەیی

له زیندانییەکان دەکات، کە بە ئومێدەوە پێشوازییان لە یاسا تازەکە نەکردووە، ئەو یاسایەی، وەکو گوتمان بە هەوەس و ئارەزووی خۆیان دەیگۆڕن. تێکهەڵکێشکردنی داهێنەرانەی ڕەگەزەکانی ئەبسێرد لەگەڵ واقیع، لە شانۆنامەی "زمانی چیا"دا، چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی لێ دەکەوێتەوە لەبارەی شێوەی کارکردنی دیکتاتۆرییەتی سیستەمی سیاسی و ئەنجامەکانیەوە.

"پینتەر" لە زۆربەی ئەو شانۆنامانەی لە هەشتاکانەوە نووسیونی، جوگرافیای تایبەت بە زمان وەک ئاماژەیەک بۆ چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی لە دنیای سەردەمدا بەکار دێنێت. بۆ نموونە، ڕووداوەکانی شانۆنامەی "یەکێک بۆ ڕێگا" لە دنیای ناو شاردا ڕوو دەدەن. شانۆنامەی "کاتی ئاهەنگ" لەناو خانوویەکی بۆرژوای تازەباودا و لە شارێکی زۆر گەورەدا ڕوو دەدەن. شانۆنامەی "زمانی چیا" ، وەک لە ناونیشانەکەوەیەوە دەردەکەوێت، لە دەرەوەی شار بەڕێوە دەچێت. بەڵام هەموو شانۆنامەکان گوزارشت لە باڵادەستیی شار، بەواتایەکی تر لە سەنترالیزمی شار بەسەر وڵاتدا دەکەن. لە "زمانی چیا"دا، دەستەیەکی بێبەزەیی دەستیان بەسەر شاردا گرتووە. شانۆنامەکان بە ڕێگەی جیاجیا گوزارشت لە سووکایەتیپێکردنی ژن دەکەن لەلایەن پیاوەوە. "زمانی چیا" تۆقاندن و مەترسییەکانی ژیان دەخاتە ڕوو لەژێر ڕێژیمە تۆتالیتارییە بە ڕواڵەت دیموکراتییەکان. بەواتایەکی تر، ئەو ڕێژیمانەی، کە پەیڕەوی دیموکراتییەتێکی پۆلیسی دەکەن. بیرۆکەی سەرەکیی شانۆنامەی "زمانی چیا" بەکارهێنانی زمانە وەکو "هۆ"یەک بۆ داگیرکردنی ڕۆحی، کە مەترسیدارترە لە داگیرکردن لە ڕێگەی سەربازییەوە یان دیکتاتۆرییەتی سیاسییەوە. ڕەخنەگر و ڕووناکبیری

کینی"نغۆغی ثیۆنگ" دەڵێت:

"داگیرکردنی ئابووری و سیاسی جێبەجێ نابێت بەبێ داگیرکردنی هزریی مرۆڤەکان. بۆیە کۆنترۆڵکردنی کولتوور بە مانای کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو "هۆ"یانەیە، کە مرۆڤ لە دیاریکردنی شووناس بەکاریان دێنێت ئەو کاتەی پێوەندیی بە خەڵکی ترەوە دەکات. ئەم کۆنترۆڵکردنە بۆ کۆڵۆنیالیزم دوو دیوی هەمان پرۆسێس بوو: تێکدان یا کەمکردنەوەی بەهای کولتووری خەڵک بەپێی نەخشەیەکی ورد، هەروەها بەرزڕاگرتنی زمانی داگیرکەر. زاڵبوون بەسەر زمانی خەڵک لە ڕێگەی زمانی نەتەوەی بالادەست و داگیرکەر گرینگ بوو بۆ سەپاندنی دەسەلات بەسەر هزری نەتەوەی ژێردەست"[٦] .

"پینتەر" باسی کولتوورێک دەکات لە دەرەوەی شار لەلایەن کولتووری پایەتەختەوە هەوڵی سڕینەوەی دەدرێت. زمانی پایەتەخت یەکی زمانی نەتەوەکانی تر دەخات. ئەگەر ئەوان مل بۆ زمانی پایەتەخت کەچ نەکەن، تووشی ئەشکەنجەی جەستەیی دەبنەوە و سووکایەتییان پێ دەکرێت. ئەمەیش کرۆکی سەنترالیزمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییە.

"زمانی چیا" وێنەی حکوومەتێکی دیکتاتۆر دەکێشێت، کە ئامانجی سەرەکیی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تاکڕەهەند و پاتریارکییە. مرۆڤەکان دەکەونە ژێر چەپۆکی دۆخێکی کۆمەلایەتیی ناهەمواری دڕندە، کە ڕێگە بە جیاوازییەکان یا بەرگرییەکان نادات و ئامانجی سەرەکیی یەکخستنی زمان و شێوەی بیرکردنەوەیە. هەر شێوەیەکی بیرکردنەوە، لەگەڵ ئەو هاوکۆک نەبێت، سزا دەدرێت. سەیر لەوەدایە، کە زیندانەکە دەبێت بە دوو بەش بۆ جیاکردنەوەی زیندانییە

دێهاتییەکان، کە لە مافی قسەکردن بە زمانی دایک بێبەش کراون لە زیندانییەکانی شار، کە بە "رۆشنبیر" ئاماژەیان بۆ دەکرێت. بەم شێوەیە، سیستەمەکە تەنانەت لەناو چەوساوەکانیشدا، جیاوازییەکی ڕوون و بەرچاو لە نێوان شار ( پایەتەخت) لەگەڵ چیانشینەکاندا دەکات. سەرنەکەوتن لە دروستکردن و قووڵکردنەوەی ئەم جیاوازییە تاوانێکە و مایەی سزایەکی توندە.

کاتێ چەوسێنەران لەم شانۆنامەیەدا زمانی نەتەوەیەک بە نایاسایی دادەنێن و بەکارهێنانی قەدەغە دەکەن، هەلومەرجەکە بۆ نووسەرەکەش دەبێت بە کێشەیەکی ئاڵۆز. چۆن نووسەر لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە زمانێک بکات، کە ئامادەبوونی نییە؟ بەواتایەکی تر، چۆن "پینتەر" گوزارشت لە ئاکامەکانی ئەم چەوساندنەوەیە بکات لە کاتێکدا هەلومەرجی ڕاستەقینەی ژیان "هۆ"یەکانی ئەم گوزارشتکردنە، مەبەستم دیالۆگە بە زمانە قەدەغەکراوەکە، کە بیرۆکەی ئەم بەرهەمە دراميیەیە و کۆڵەکەیەکە لە بنیاتی درامی، ڕەت دەکاتەوە؟

"ئان. سی. هۆڵ"[7] لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی"دەنگەکان لە تاریکییەوە" ئاماژە بە تەکنیکێک دەکات، کە تەکنیکێکی سینەمایییە و بە زۆری لە فیلمە دۆکۆمێنتارەکاندا بەکار دێت، ئەویش تەکنیکی دەنگی پشت پەردەیە و "پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا سوودی لێ وەرگرتووە. بینەر گوێی لە دەنگەکە دەبێت بێ ئەوەی خاوەنەکەی ببینێت و بەدەگمەنیش وێنەکە بە قسەکەرەکەوە دەبەستێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکەدا، "پینتەر" ڕوونی دەکاتەوە، ئەگەر زمان بۆی نەبێت "هۆ"یەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکات، ئەگەری تێکدانی بەم شێوەیەی، کە لە

تەكنیكەكەدا بەرجەستە دەبێت، دروست دەكات.

"پینتەر" لە نمایشكردنی ئامادەنەبوونی زمان لە شانۆنامەكانیدا، ئاراستەیەكی سەركەوتوو بۆ كارەكتەرەكان دروست دەكات لە رێگەی ئاخاوتنی بێمانا، بێدەنگی بە هەموو فۆرمەكانییەوە، وچانی كورت، وەستان لە قسەكردن، تەتەڵەكردنی زمان... هتد. بێجگە لەمەش، لە رووی ماناوە، بینەر بە ئاقارێكی هەڵەدا دەبات سەبارەت بە لێكدانەوەی رستەیەك، چونكە سەرەتای رستەكە شتێك دەگەیەنێت، كە پێچەوانەی راستییە، واتە ئەوەی ناگوترێت لەوە گرینگترە كە دەگوترێت. "پینتەر" پێی وایە ئەمە كەموكوورییە لە زمان. كاتێ بینەر هەست دەكات كارەكتەرەكە دەیەوێت شتێك بڵێت، هەر شتێك بێت بۆ ئەوەی دۆخە نائاساییەكەی خۆی روون بكاتەوە، بەڵام وشەیەك یا چەند وشەیەك لە رستەكەدا دەپەڕێنێت بێ ئەوەی ئاماژەكەی تێك بدات. لە ئەنجامدا دوو هەستی دژبەیەك لەلای بینەر دروست دەكات. بەهەرحاڵ، سەرەڕای كەموكوورییەكانی زمان، بەڵام "پینتەر" دەستبەرداری بەكارهێنانی نابێت لە رێگەی قسەكردن و پەنا بۆ پانتۆمایم نابات، وەك ئەوەی "پێكێت" لە "نمایشی بێدەنگ"دا دەیكات، بگرە بە شێوەیەكی زیرەكانە بەكاری دێنێت.

شانۆنامەی "زمانی چیا" هەلومەرجێكی تازە بوو بۆ "پینتەر" و تەنانەت رەنگە مایەی كێشە بووبێت بۆ رێبازە درامییەكەی، چونكە بووە هۆی دروستكردنی جۆرە ناكۆكییەك لەنێوان خولیا سیاسییەكانی، كە لە قۆناغێكی سەرەتاییدا بوون، لەگەڵ خولیا ئێستاتیكییەكانی، وەكو شانۆنووس. خەمە درامییەكانی گۆڕان و بوون بە خەمی سیاسی، كەچی لە شانۆنامەكانی پێشوو خەمەكان سیاسی

نەبوون. ڕەنگە گۆڕانی هەڵوێستی "پینتەر" بەرانبەر بە زمان هەر لە چوارچێوەی گۆڕانی خەمە درامییەکانییەوە بێت بۆ خەمی سیاسی. بێجگە لەمەش، گرینگیی ئەم شانۆنامەیە لە باری تەکنیکەوە، لە گۆڕانی هەڵوێستی "پینتەر"دایە بەرانبەر بە زمان. بۆیە، ئەگەر ئێمە ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین، کە قوربانییەکان لە شانۆنامەی "زمانی چیا"دا تەنانەت بواری ئەوەیشیان نابێت پێوەندییەکی ناڕوون ـ لە جۆری ئەو پێوەندییانەی، کە دوو هەستی دژ بەیەک لای بینەر دروست دەکەن ـ لە ڕێگەی ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر دروست بکەن، هەروەها ئەوەیش بخەینە بەرچاو، کە خەمی ئەوان نەبوونی زمانەکەیانە، ئاخۆ "پینتەر" دەتوانێت ئەو بیرۆکەیە دوور بخاتەوە، کە مرۆڤ بیری زمانەکەی نەکات و سۆز و هەستناسکی بەرانبەریدا دوور بخاتەوە، لە کاتێکدا، لە هەموو شانۆنامەکانی پێشووی هەوڵی داوە ئەم بیرۆکەیە بڕووخێنێت؟ دیارە لەم شانۆنامەیەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تەکنیکی "دەنگی پشت پەردە"وە، جۆرێک لە تەبایی لە نێوان ئەم دوو بیرۆکە دژبەیەکەدا دروست بکات.

بەریتانیاییەکان لە بواری شانۆدا، بەر لە شانۆنامەی "زمانی چیا"، ئەزموونیان لەگەڵ بیرۆکەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە هەیە لە بەکارهێنانی زمانی زگماک، چونکە پێشتر شانۆنووسی ئێرلەندی "بریان فرایەڵ" لە شانۆنامەی "وەرگێڕانەکان"دا بیری بینەرە بەریتانیاییەکانی هێنایەوە، چۆن ئینگلیزەکان مافی بەکارهێنانی زمانی ئێرلەندییان زەوت کردبوو لە سەدەی نۆزدەمدا. شانۆنامەکەی "فرایەڵ" پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا لەلای "وێڵزییەکان"، چونکە ئەوانیش بیریان نەچووبوو، کە ئینگلیزەکان زمانی "وێڵسی"یان لە

خەڵکی "وێیلز" زەوت کردبوو لە سەدەی پێشوودا. سەرەڕای ئەمەیش، لە ڕوانگەی مانای دەقاودەقی شانۆنامەی "زمانی چیا"دا، بینەر دەتوانێت بیبەستێتەوە بە کێشەی کوردەوە. کاتێ شانۆنامەکە بۆ یەکەم جار لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ لە شانۆی "ناشنەڵ پییێتەر" نمایش کرا، "پینتەر"، وەکو دەرهێنەری شانۆنامەکە، جۆرێک لە شڵەژان و نائاسوودەیی لای بینەران دروست کرد لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە شێوەی پێشوازیکردنی ئەوان لە ڕووداوەکانی شانۆنامەکە. سەربازەکان جلی شەڕیان لەبەر کردبوو. چاوەشە زمانپیسەکە بە ئەکسێنتی توندوتیژیی لەندەنی قسەی دەکرد.

گوتمان شانۆنامەی "زمانی چیا"، پێش ئەویش "یەکێک بۆ ڕێگا" خاڵی وەرچەرخان بوون بۆ "پینتەر، چونکە خەمە ئێستاتیکییەکانی گۆڕان بۆ خەمی سیاسی و ئیتر شانۆنامەکانی بە هەمان نەفەسی پێشتر نەنووسی، جگە لە شانۆنامەی "مانگەشەو"، کە لە ساڵی ١٩٩٨ نووسی. سەرەڕای ئەمەش لەیەکچوون هەیە لە نێوان ئەم دوو شانۆنامەیە و ئەوانەی پێشتری، هەروەک چۆن جیاوازیش هەیە لە شێوازی مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ شانۆ، کە من لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

دیارە شانۆنامەی "زمانی چیا" لەژێر باری هەمان هەست و بە هەمان نەفەسی شانۆنامەی "یەکێک بۆ ڕێگا" نووسراوە، کە لە ساڵی ١٩٨٤دا نووسیویەتی. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەو پێوەندییەیە، کە "پینتەر" خۆی دەیبینێت لە نێوان شانۆنامەکانی "زمانی چیا" و "یەکێک بۆ ڕێگا" لە لایەک و هەندێک لە شانۆنامەکانی پێشتری، بە تایبەتیش شانۆنامەکانی"ئەسانسێرەکە" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "شەتڵگای شووشەبەند". "پینتەر" لە

چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "نیکۆلاس هێرن"دا[8]، کە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی "یەکێک بۆ ڕێگا" لە ساڵی ١٩٨٤ ئەنجام درا، ئاماژە بەم سێ شانۆنامەیە دەکات، کە باسی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵات بە شێوازێکی خراپ دەکەن، بەڵام ئەو، شانۆنامەکان بە میتافۆر وەسف دەکات، چونکە ڕەفتار و کردارەکان ڕوون نین و بە پێچوپەنان، کەچی ڕەفتارەکان لە شانۆنامەی "یەکێک بۆ ڕێگا" ڕوون و بێ پێچوپەنان ئەگەرچی باسی هەمان بابەت دەکەن. سەیر لەوەدایە، کە "پینتەر" هەمان بیرۆکە لە ساڵی ١٩٨٨ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "ئان فۆرد" دووبارە دەکاتەوە: "پێم وایە شانۆنامەکانی"ئەسانسێرەکە" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "شەتڵگای شووشەبەند"، مێتافۆرن. ڕاستییەکەی، کاتێک تۆ لێیان ورد دەبیتەوە، هەست دەکەیت بە توندی ڕەخنە لە هەڵوێستی زۆردارەکان دەگرن". دیارە ئەمە هەمان بابەتی شانۆنامەکانی "یەکێک بۆ ڕێگا" و "زمانی چیا"ن. بێجگە لەمەش، "مارتین ئەسلین"، ڕەخنەگری شانۆیی، هەمان ئەو لەیەکچوونە دەبینێت لە نێوان ئەم دوو شانۆنامەیە و ئەوانەی پێشتری، چونکە مەسەلەی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان، ئینجا جەستەیی بێت یا زارەکی، خەسڵەتی سەرەکیی ڕووداوەکانی هەموو شانۆنامەکانن. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک مرۆڤ کورتەیەک لەبارەی بابەتی شانۆنامەی "زمانی چیا" ئامادە دەکات، کارەکە بە ڕێکوپێکییەوە دەکرێت، بێ ئەوەی لە دوا بەشی شانۆنامەکەدا تووشی هیچ دڵەڕاوکێیەک بێت. ئەمەیش پێچەوانەی شانۆنامەکانی پێشتریەتی، وەکو شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون". مرۆڤ هەر نازانێت دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم شانۆنامەیە، "ماکان" و "گۆڵدبێرگ" لە بنچینەدا کێن، چونکە ئەمە

هیچ پێوەندییەکی بە بابەتەکەوە نییە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە، کە "ستانلی"، کارەکتەری سێیەم، سەبارەت بە شێوازی هەڕەشەئامێزی ئەم دوو کارەکتەرەوە، هەست بە نائاسوودەیی و مەترسیی لەدەستدانی شووناسەکەی بکات. بۆیە "پینتەر" زیاتر بە تەنگ پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکانەوەیە و پێویستە هەر لەم چوارچێوەیەش سەیری بەکارهێنانی زمان بکرێت. با ئەم حیوارەی نێوان سێ کارەکتەرەکەی شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" بە نموونە بێنینەوە:

**گۆڵدبێرگ:** هیچ کۆمەڵەیەک مامەڵەت لەگەڵ ناکات، تەنانەت هیچ کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیش.

**ماکان:** تۆ خەیانەت لەگەڵ جلوبەرگی خۆت دەکەیت.[٩]

**گۆڵدبێرگ:** لە جیاتیی بێجامە چی لەبەر دەکەی؟

**ستانلی:** هیچ.

**گۆڵدبێرگ:** تۆ ڕەگ و ڕیشەی خۆتت بۆگەن کردووە.

**ماکان:** رات چییە بەرامبەر بە ئەلبیگێسنە هەڵگەڕاوەکان؟[١٠]

**گۆڵدبێرگ:** کێ دارەکانی یاریی کریکێتی لەناو ئاودا خوساند لە مێلبۆرن؟[١١]

**ماکان:** رات چییە بەرامبەر بە خوا لێخۆشبوو ئۆلیڤەر پلەنکیت؟[١٢]

**گۆڵدبێرگ:** دە بڵێ دەی، وێبەر. بۆ مریشکەکە لە ڕێگاکە پەڕییەوە؟[١٣]

**ستانلی:** ویستی... ویستی... ویستی...

**ماکان:** نازانێ!

**گۆڵدبێرگ:** بۆ مریشکەکە لە ڕێگەکە پەڕییەوە؟

**ستانلی**: ویستی...

**ماکان**: نازانێ. نازانێ کامەیان لەپێش ئەوی تریانە![14]

**گۆڵدبێرگ**: کامەیان لەپێش ئەوی تریانە؟

**ماکان**: مریشک؟ هێلکە؟ کامەیان پێشتر پەیدا بوو؟

**گۆڵدبێرگ و ماکان**: کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟ کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟ کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟

**ستانلی**: (هاوار دەکا)[15]

مرۆڤ لەو ڕیزە پرسیار و تۆمەتانە هیچ ئاماژەیەک بۆ تاوانێکی ڕاستەقینە نادۆزێتەوە. ئەم تۆمەتانە بۆ ئەوە بەکار نایەن، چونکە تۆمەتی ڕاستەقینەن، بگرە بۆ ئەوە بەکار دێن تا "ماکان" و "گۆڵدبێرگ" دەسەڵاتی خۆیان بەسەر "ستانلی"دا بسەپێنن و دواتر، شوناسەکەی بسڕنەوە. ئەمەیە شێوە و مەبەستی بەکارهێنانی زمان لەو شانۆنامانەدا، کە زۆر جیایە لە بەکارهێنانی زمان لە شانۆنامەی "زمانی چیا".

بینەر یا خوێنەری شانۆنامەی "زمانی چیا" گومانی لەوە نییە، کێ کارەکتەری نێگەتیڤە و کێیش پۆزەتیڤە. ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە، کە بینەر یا خوێنەرانی شانۆنامەکانی پێشتری "پینتەر" پێی ڕاهاتوون، چونکە ئەوەی دەبێت بە جێگەی سەرنج لە شانۆنامەکانی پێشتر، ناڕوونی و بە پێچوپەناکەیانە. بۆیە لە "زمانی چیا"دا هەموو ئەو ڕەگەزە یەکلانەکەرەوانە دەڕووخێن، چونکە شانۆنامەکە یەک ڕەهەند لە خۆ دەگرێت. ئەگەر ئاخاوتنی ئەفسەرەکە لە شانۆنامەی "زمانی چیا"دا بە نموونە بێنینەوە، کە دەڵێت: "ئێستا گوێ بگرن. ئێوە چیانشینن. گوێتان لە منە؟ زمانی ئێوە مردووە. قەدەغەیە. بۆ ئێوە نییە

لەم شـوێنـە بە زمـانی چیا قسـە بکەن. نابێت بە زمـانی خـۆتان لەگەڵ پیاوەکانی خۆتان قسە بکەن. قەدەغەیە. تێ گەیشتن؟ دەبێ قسەی پێ نەکەن. ئەمە یاخیبوونە. دەتوانن تەنیا بە زمـانی پایەتەخت قسە بکەن. ئەمە تەنیا زمانێکە، لێرەدا ڕێگەی پێ دراوە... "

هیچ ئامـاژەیەکی نـاڕاسـتـەوخـۆ، هـیچ تەمـومـژی و ناڕوونـیـیـەک لەم ئاخـاوتنەدا نییـە. ئەفسـەرەکە زۆر ڕاشکاوە و بینەریش پەیامـەکەی بە ڕوونی وەردەگـرێت. ئـەمــە ڕێک پێــچــەوانەی بـەکـارهـێنانـی زمـانـە لە شـانۆنامـەکانی پێشـتر، کە بەکارهێنانی زمان وەکو "پەردە دووکەڵ" بۆ شـاردنەوەی نهێنییـەکان، لـە شەڕی نێوان کارەکتـەرەکاندا لە پێناوی زاڵبــوونـی ئەم بەســەر ئەوی تردا خــەســڵــەتێکی تـایبــەتی بـوو لەو شانۆنامانەدا.

لە سەرێکی ترەوە، کاتێ زیندانییەکە بە دایکی ڕادەگەیەنێ، کە ئیتر دەتوانێت بە زمـانی زگمـاکی خۆی قسە بکات، دایکی بێدەنگ دەبێت. نـاتوانێت تـەنانـەت یەک وشـــەیش دەرببـــڕێت. دیارە ئەمــــە یەکــــەم کارەکتەری "پینتەر" نییە، کە توانای قسەکردن لە دەست دەدات بەهۆی هەندێک پاڵەپەســتـۆی دەرەکـیـیـەوە. ئەم حـاڵەتە لە شـانۆنامــەکـانی پێــشــتــریش هەیە. "ســتــانلـی" لە شــانۆنامــەی "ئاهـەنگی جــەژنی لەدایکبوون"دا لەژێر پـاڵەپەسـتۆی "مـاکـان" و "گۆڵدبێرگ"دا، دەبێت بە کــەســێکی بێــمــێــشـک و قـســەی هەلـەق و مــەلەق دەکــات. "لام" لە شــانۆنامــەی "شــەتڵگای شــووشــەبـەند"دا لەلایەن خــاتوو "کــەتس" و "گیبس"ەوە ئەشکەنجە دەدرێت و لـە دوا بەشـی شانۆنامـەکەدا، وەک وڕ و کاس بێت، جوولەی لەبەر دەبڕێت و بە بێدەنگییـەوە دادەنیـشێت و ڕادەمێنێ. هـەروەها "دەیڤیس" لە شـانۆنامـەی "سـەرایـیـدار"دا لەلایەن

"میک"، کـه زمـانێکی بەهێـز بەوپەڕی کـارامـەییـیـەوە بەکـار دێنێت، تا ڕادەیەک لە قـسـەکـردن دەکـەوێت. بەڵام لە هـیـچ کـام لەم شـانۆنامـانە ڕوونکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە، بیسـەلمێنێ، کە کارەکتەرەکان هەوڵ دەدەن "سـتـانلی" یان "لام" یاخـۆ "دەیڤـیس" تێک بشکێنن. مـەبەسـتـەکـانیـان ڕوون نـیـیـە. لە بەرامـبـەریشـدا، لە "زمـانی چیـا"دا مەبەستی ئەفسەرەکە ڕوون و ئـاشکرایە و نیازی کـارپێکردنی هەیە بە شـێـوازێکی خـراپ. بۆیە کـاتێ ژنـە بەتـەمـەنەکـە، لەلایەن کـوڕە ئەشکـەنجـەدراوەکـەیەوە پێی ڕادەگـەیەندرێت، کـە دەتوانێت بە زمـانی خۆی قسـە بکات، جێگەی سـەرسـڕمانییـە ئەگـەر قسـەی پێ نەکرێت. تەنانەت ڕووناکییەکەیش کز نابێت و گفتوگۆی پشت پەردەیش نییە لەم دیمەنەدا وەک لە بەشی دووەم و سێیەمدا هەیە. هـەمـوو شتێک ڕوون و بەرچاوە.

لـەلایـەکی تر، هـەر لەبارەی زمـان لـە باری نـاوەڕۆکـەوە، دیارە زمانپیسیی چاوەشەکە ئەو راستییە دەسەلمێنێت، کە سیستەمەکە، لە هەوڵدانی بۆ سـەرکوتکردن و قەدەغـەکردنی زمـانی چیا، زمـانـی خەڵکی خـۆیشی تێک داوە. بەکـارهێنانی هـەمـان وشـە ناشـیـرینەکـانی چاوەشـەکـە لەلایەن "سـارا"وە ئەوە ڕوون دەکـاتـەوە، کـە ئەو لە دنیـای دڕندە و تـوندوتیـژیی چاوەشـەکـە و ئەفـسـەرەکـە و پاسـەوانەکـان گەیشتووە و تەنیا زمانێکیش، کە ئەوان تێی بگەن، ئەوەیە، کە "سارا" سـەرجێگەیی لەگەڵ "دۆکس" بکات (ئـەو پیاوەی، کە لەگەڵ چاوەشـەکە باسی لێوە دەکەن). لێرەدا "سـارا" بۆ یەکەم جار وەڵامـێکی ڕاست و دروست لە چاوەشـەکەوە دەبیستێ. ئەمەیش دەیسەلمێنێت، کە "سارا" لە تێگەیشتنەکـەیدا بەرامبـەر بە دنیای ئـەوان ڕاستـە: **ژنە جحێڵەکە:**

دەتوانم گانی بدەمێ[١٦]؟ ئەگەر من لەگەڵ ئەو سەرجێگەیی بکەم، هەموو شتێک باش دەبێت.

**چاوەشی پۆلیسەکە:** هەڵبەت، کێشەیەک نییە.

**ژنە جحێڵەکە:** سوپاس.

# زمانی چیا

کارەکتەرەکان

ژنێکی جحێڵ
ژنێکی نەختێک بەتەمەن
چاوەشی پۆلیس
پاسەوان
زیندانییەک
پیاوێکی کڵاولەسەر
پاسەوانی دووەم

ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار لە بیستی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ لەسەر شانۆی "ناشنەڵ ثیێتەر" لە لەندەن پێشکێش کرا. شانۆنامەکە لە دەرهێنانی"هارۆڵد پینتەر" خۆی بوو.

یەکەم

کۆمەڵێک ژن بە ڕیز وەستاون. ژنێکی بەتەمەن دەستی خۆی ڕادەژەنێت. سەبەتەیەک لەبەر پێی دانراوە. ژنێکی جحێڵ دەستی خستووەتە سەر هەردوو شانی ژنە بەتەمەنەکە.

"چاوەشێکی پۆلیس دەردەکەوێت و ئەفسەرێکیشی لە دواوەیە. چاوەشەکە ئاماژە بۆ ژنە جحێڵەکە دەکات"

**چاوەشی پۆلیس:** ناوت!

**ژنە جحێڵەکە:** ناوی خۆمان گوت.

**چاوەشی پۆلیس:** ناوت چییە؟

**ژنە جحێڵەکە:** ناوی خۆمان گوت.

**چاوەشی پۆلیس:** ناوت چییە؟

**ژنە جحێڵەکە:** ناوی خۆمان گوت.

**ئەفسەرەکە:** "بۆ چاوەشی پۆلیسەکە"

ئەو قسە قۆڕانە مەکە.

"بۆ ژنە جحێڵەکە"

هیچ سکاڵایەکت هەیە؟

**ژنە جحێڵەکە:** گازیان لەم ژنە گرتووە.

**ئەفسەرەکە:** لە کێ؟

"وچانێکی کورت"

لە کێ؟ گازیان لە کێ گرتووە؟

**ژنە جحێڵەکە:** لەم ژنە. دەستی بریندارە. گازیان لە دەستی گرتووە.

ئەوەتا خوێنی لێ دەتکێ.

**چاوەشی پۆلیس:** "بۆ ژنە جحێڵەکە"

ناوت چییە؟

**ئەفسەرەکە:** دەمت داخە.

"دەچێتە لای ژنە بەتەمەنەکەوە"

دەستت چی لێ هاتووە؟ کەسێک گازی لێ گرتوویت؟

"ژنەکە بە هێواشییەوە دەستی بەرز دەکاتەوە. ئەفسەرەکە بەوردی سەیری دەکات"

**ژنە جحێڵەکە:** سەگێکی گەورەی زۆر دڕ.

**ئەفسەرەکە:** کامە سەگ؟

"وچانێکی کورت"

کامە سەگ؟

"وچانێکی کورت"

چاوەشی پۆلیس!

**چاوەشی پۆلیس:** " دەچێتە پێشەوە"

گەورەم!

**ئەفسەرەکە:** سەیری دەستی ئەم ژنە بکە. وابزانم پەنجە گەورەکەی لێ دەبێتەوە.

"بۆ ژنە بەتەمەنەکە"

کێ وای لێ کردیت؟

"ژنەکە چاوی لێ زەق دەکاتەوە"

کێ وای لێ کردیت؟

**ژنە جحێڵەکە:** سەگێکی گەورە.

**ئەفسەرەکە:** ناوی چی بوو؟

"وچانێکی کورت"

ناوی چی بوو؟

"وچانێکی کورت"

هەموو سەگێک ناوی خۆی هەیە! کە بەناوی خۆیان بانگیان بکەیت، وەڵام دەدەنەوە. دایک و باوکیان ناویان لێ دەنێن و ئەمە دەبێتە ناوەکەیان، دەبێتە ناوەکەیان! پێش ئەوەی گاز بگرن، ناوی خۆیان دەڵێن. ئەمە دەستوورێکی فەرمییە. ناوی خۆیان دەڵێن، ئینجا گاز دەگرن. ناوی چی بوو؟ ئەگەر تۆ پێم بڵێیت یەکێک لە سەگەکانی ئێمە گازی لەم ژنە گرتووە بێ ئەوەی ناوی خۆی بڵێت، ئەوا من ئەو سەگە دەتۆپێنم!

"بێدەنگی"

ئێستا، ئاگەدار بە! بێدەنگ بە و ئاگەدار بە! چاوەش!

**چاوەشی پۆلیس:** گەورەم؟

**ئەفسەرەکە:** هەر سکاڵایەکیان هەیە وەریان بگرە.

**چاوەشی پۆلیس:** سکاڵاتان هەیە؟ کەسێ سکاڵای هەیە؟

**ژنە جحێڵەکە:** بە ئێمەیان گوت، ئەم بەیانییە لە سەعات نۆ لێرە بین.

**چاوەشی پۆلیس:** راستە. زۆر ڕاستە. سەعات نۆی ئەم بەیانییە. زۆر تەواوە. سکاڵاکەت چییە؟

**ژنە جحێڵەکە:** ئێمە لە سەعات نۆی بەیانییەوە لێرەین. ئێستا سەعات پێنجی ئێوارەیە. ئەوە هەشت سەعاتی تەواوە لێرە وەستاوین. لەناو ئەم بەفرەدا. پیاوەکانی ئێوە سەگە گەورە دڕەکانیان لە ئێمە

بەردا تا بمانترسێنن. یەکێکیان گازی لە دەستی ئەم ژنە گرت.

**ئەفسەرەکە:** ناوی ئەو سەگە چی بوو؟

**ژنە جحێڵەکە:** "سەیری دەکات"

نازانم ناوی چی بوو.

**چاوەشی پۆلیس:** گەورەم ڕێگەم پێ دەدەن؟

**ئەفسەرەکە:** بڵێ.

**چاوەشی پۆلیس:** مێردەکانتان، کوڕەکانتان، باوکەکانتان، هەموو ئەو پیاوانەی ئێوە چاوەڕوانیان دەکەن گەندە و هیچوپووچن. ئەوانە دوژمنی وڵاتن. هیچوپووچ و گەندەن.

**ئەفسەرەکە::** " لە ژنەکان دەچێتە پێشەوە"

ئێستا گوێ بگرن. ئێوە چیانشینن. گوێتان لە منە؟ زمانی ئێوە مردووە. قەدەغەیە. بۆ ئێوە نییە لەم شوێنە بە زمانی چیا قسە بکەن. نابێت بە زمانی خۆتان لەگەڵ پیاوەکانی خۆتان قسە بکەن. قەدەغەیە. تێ گەیشتن؟ دەبێ قسەی پێ نەکەن. ئەمە یاخیبوونە. دەتوانن تەنیا بە زمانی پایەتەخت قسە بکەن. ئەمە تەنیا زمانێکە، لێرەدا ڕێگەی پێ دراوە. ئەگەر بە زمانی چیا قسە بکەن زۆر بە توندی سزا دەدرێن. ئەمە فەرمانی سوپایە. زمانی ئێوە قەدەغەیە. مردووە. هیچ کەسێک بۆی نییە بە زمانی ئێوە قسە بکات. ئیتر زمانی ئێوە بوونی نییە. هیچ پرسیارێکی ترتان هەیە؟

**ژنە جحێڵەکە:** من بە زمانی چیا قسە ناکەم.

"بێدەنگی. ئەفسەرەکە لەگەڵ چاوەشی پۆلیسەکە لەسەرەخۆ گەمارۆی ژنە جحێڵەکە دەدەن. چاوەشی پۆلیسەکە دەست دەخاتە سەر سکی ژنەکە"

**چاوەشی پۆلیس:** تۆ بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ بە چ زمانێک لە قنگەوە قسە دەکەیت؟

**ئەفسەرەکە:** چاوەش ، ئەم ژنانە هێشتا هیچ تاوانێکیان نەکردووە. بیرت نەچێت.

**چاوەشی پۆلیس:** گەورەم! خۆ تۆ مەبەستت ئەوە نییە ئەوانە بێتاوانن؟

**ئەفسەرەکە:** نا، نا، نەخێر، من وا ناڵێم.

**چاوەشی پۆلیس:** ئەم ژنەیان گیانی هێندە پڕە لە تاوان، لێی دەرژێت.

**ئەفسەرەکە:** بە زمانی چیا قسە ناکات.

**ژنە جحێڵەکە:** "دەستی چاوەشی پۆلیسەکە لە خۆی دوور دەخاتەوە و ڕووی لە هەردوو پیاوەکە دەکات"

من ناوم "سارا جۆنسن"ە. هاتووم تا چاوم بە مێردەکەم بکەوێت. ئەمە مافی خۆمە. کوا، لە کوێیە؟

**ئەفسەرەکە:** ناسنامەکەتم پێشان بدە.

"ژنەکە ناسنامەکەی پێشان دەدات. ئەفسەرەکە بەوردی سەیری دەکات و ڕووی لە چاوەشەکە دەکات"

ئەمە مێردەکەی چیانشین نییە. لەگەڵ دەستەوتاقمێکی خراپ تێکەڵ بووە.

**چاوەشی پۆلیسەکە:** ژنەکەیشی هەر وایە. ئەم گاندەرە لە کەسێکی ڕۆشنبیر دەکات.

**ئەفسەرەکە:** بەڵام تۆ گوتت قنگی خوارە.

**چاوەشی پۆلیس:** سمتی ئەم ڕۆشنبیرانە بەجوانترین شێوە دەلەرنەوە.

"شانۆ تاریک دەبێت"

دووەم

"ژووری چاوەڕوانی بەندیخانە"

"زیندانییەک دانیشتووە. ژنە بەتەمەنەکە دانیشتووە و سەبەتەیەکی بەدەستەوەیە. پاسەوانێک لە دواوەی وەستاوە"

"زیندانییەکە و ژنە بەتەمەنەکە بە ئەکسێنتی لادێییانەی زۆر دیار قسە دەکەن"

"بێدەنگی"

**ژنە بەتەمەنەکە:** بیستم...

"پاسەوانەکە داردەستەکەی پیا دەکێشێت"

**پاسەوانەکە:** قەدەغەیە. زمانێکی قەدەغەیە.

"ژنەکە سەیرێکی دەکات. پاسەوانەکە دارێکی پیا دەکێشێت"

ئەوە قەدەغەیە.

"بۆ زیندانییەکە"

پێی بڵێ با بە زمانی پایەتەخت قسە بکات.

**زیندانییەکە:** نازانێت بە زمانی پایەتەخت قسە بکات.

"بێدەنگی"

قسەی پێ ناکات

"بێدەنگی"

**ژنە بەتەمەنەکە:** من سێوم لایە...

**پاسەوانەکە:** "دارێکی تری پیا دەکێشێت و هاوار دەکات"

قەدەغەیە! قەدەغەیە، قەدەغەیە، قەدەغەیە! سەیری ئەم بەزمە!

"بۆ زیندانییەکە"

ئەوە لە قسەکانی من ناگات؟

**زیندانییەکە:** نەخێر.

**پاسەوان:** تێ ناگات؟

"خۆی بەسەر ژنەکەدا دەچەمێنێتەوە"

تێ ناگەیت؟

"ژنەکە چاوی لێ زەق دەکاتەوە"

**زیندانییەکە:** پیرەژنە. تێ ناگات.

**پاسەوانەکە:** جا ئەمە خەتای کێیە؟

"پێ دەکەنێت"

خۆ خەتای من نییە. بزانە. با شتێکی تریشت پێ بڵێم. من ژنم هەیە و سێ منداڵیشم هەیە. ئێوە هەمووتان کۆمەڵێ گەندە و گوون.

"بێدەنگی"

**زیندانییەکە:** من ژنم هەیە. سێ منداڵیشم هەیە.

**پاسەوان:** چیت هەیە؟

"بێدەنگی"

تۆ چیت هەیە؟

"بێدەنگی"

تۆ چیت بە من گوت؟ چیت هەیە؟

"بێدەنگی"

تۆ چیت هەیە؟

"تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و یەک ژمارە لێ دەدات"

چاوەش؟ من لە ژووره شینەکەم... بەڵێ... گوتم با پێتان ڕابگەیەنم، جەنابی چاوەش... وا بزانم ئێمە تووشی گرفتێک هاتووین.

"نیوەی ڕووناکییەکە کز دەبێت. کەسەکان هەر لە شوێنی خۆیانن"

چەند دەنگێک دوور لە بینایی بینەران:

**دەنگی ژنە بەتەمەنەکە:** کوڕەکەت لە چاوەڕوانی تۆدایە.

**دەنگی زیندانییەکە:** گازیان لە دەستت گیر کردووە.

**دەنگی ژنە بەتەمەنەکە:** هەموویان چاوەڕوانی تۆ دەکەن.

**دەنگی زیندانییەکە:** دەستی دایکمیان بریندار کردووە.

**دەنگی ژنە بەتەمەنەکە:** کە دەگەڕێیتەوە، پێشوازییەکی زۆر گەرمت لێ دەکەن. هەموو کەسێک چاوەڕوانی تۆ دەکات. هەموویان چاوەڕوانن تۆ بێیتەوە. هەموویان چاوەڕوانن چاویان بە تۆ بکەوێت.

"شانۆ ڕووناک دەبێتەوە"

"چاوەشی پۆلیس دێتە ژوورەوە"

**چاوەشی پۆلیس:** چ گرفتێک هەیە؟

"شانۆ تاریک دەبێت"

## سێیەم

دەنگەکان لە تاریکیدا:

**دەنگی چاوەشی پۆلیس:** ئەو ژنە هیچوپووچە کێیە؟ ئەو ژنە بێئابڕووە لێــرە چی دەکــات؟ کێ ڕێگەی بەم ژنە بێـــحـــەیایە داوە لە دەرگەکەوە بێتە ژوورەوە؟

**دەنگی پاسەوانی دووەم:** ژنی خۆیەتی.

"شانۆ ڕووناک دەبێتەوە"

"ڕاڕەوێک"

"پیاوێکی کڵاولەسەر لەلایەن پاسەوانەکە و چاوەشەکە ڕێی لێ دەگیرێت. ژنە جحێڵەکە لە دوورەوە وەستاوە و سەیریان دەکات"

**چاوەشی پۆلیسەکە:** ئەمە چییە، پێشوازیکردن لە خاتوو "داک ماک"؟ کوا مەشروبە لەعنەتییە فیشکەکەرەکە کێ مەشرووبە لەعنەتییە فیشکەکەرەکەی بۆ خاتوو "ماک داک" هێناوە؟

"دەچێتە لای ژنە جحێڵەکە"

بە خێربێن، خانم. ببوورن. نەختێک پشێوی لە بەڕێوەبەرایەتی هەبوو. داوای لێبــووردن دەکەم. تۆیان بە دەرگەیەکی هەڵەدا بردووە. جێگەی سەرسوڕمانە. ئەمە زیان بە یەکێک دەگەیەنێت. بەهەرحاڵ، ئێستا، چۆن خزمەتت بکەم، خاتوونی بەڕێز، وەک لە فیلمەکانی سینەمادا دەیڵێن؟

"نیوەی ڕووناکییەکە کز دەبێت. کەسەکان لە شوێنی خۆیانن"

چەند دەنگێک دوور لە بینایی بینەران:

**دەنگی پیاوەکە:** بە دیارتەوە دەبم تا دەخەویت. پاشان تۆ چاوەکانت دەکەیتەوە. چاوت دەکەیتەوە. سەرت بەرز دەکەیتەوە و من بەسەر خۆتەوە دەبینیت.

**دەنگی ژنە جحێڵەکە:** تۆ زەردەخەنەیەک داتدەگرێت. کاتێ من چاوەکانم دەکەمەوە تۆ بەسەر خۆمەوە دەبینم، بزەت بەسەر لێوەوەیە.

**دەنگی پیاوەکە:** ئێمە لە دەرەوەین، لە قەراغی دەریاچەکە.

**دەنگی ژنە جحێڵەکە:** بەهارە.

**دەنگی پیاوەکە:** لە باوەشت دەگرم. گەرمت دەکەمەوە.

**دەنگی ژنە جحێڵەکە:** کە چاوی خۆم دەکەمەوە، تۆ بەسەر خۆمەوە دەبینم، بزە دایگرتوویت.

"شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. پیاوە کڵاولەسەرەکە دەکەوێتە خوارەوە. ژنە جحێڵەکە هاوار دەکات"

**ژنە جحێڵەکە:** چارڵی!

"چاوەشەکە پەنجەکانی خۆی دەتەقێنێتەوە. پاسەوانەکە پیاوەکە ڕادەکێشێت"

**چاوەشی پۆلیسەکە:** بەڵێ تۆ لە دەرگەیەکی هەڵەوە هاتوویتە ژوورەوە. هەبێ و نەبێت خەتای کۆمپیوتەرەکەیە. فریوی داویت، بەڵام با پێت بڵێم: ئەگەر تۆ هەر زانیارییەکت دەوێت لەبارەی هەر لایەنێکی ژیانەوە لەم شوێنەدا، ئەوا کەسێک هەیە هەموو سێشەممەیەک دێت بۆ فەرمانگەکە، تەنیا ئەو ڕۆژانە نەبێت، کە باران دەبارێت. ئەو لەو بابەتەی، کە بە پەسندی دەزانێت زۆر

بەئاگـايە. لەو ڕۆژانەدا، زەنگێکی بۆ لێ دە، ئیتـر ئەو یەکسـەر چاوی پێت دەکەوێت. ناوی "دۆکس"ە، "جۆزێف دۆکس".

**ژنە جحێڵەکە:** دەتوانم گانی بدەمێ؟ ئەگەر من سـەرجێگەیی لەگەڵ ئەو بکەم، هەموو شتێک باش دەبێت.

**چاوەشی پۆلیسەکە:** هەڵبەت، کێشـەیەک نییە.

**ژنە جحێڵەکە:** سوپاس.

"شـانۆ تاریک دەبێت"

## چوارەم

"ژووری چاوەڕوانی لە بەندیخانە"

"پاسەوان، ژنە بەتەمەنەکە، زیندانییەکە"

"بێدەنگی"

"زیندانییەکە خوێنی بەسەر دەموچاویەوەیە. بە ترس و لەرزەوە دادەنیشێت. ژنەکە بێدەنگە. پاسەوانەکە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات. ڕووی بۆ لای هەردووکیان وەردەگێڕێت و سەیریان دەکات"

**پاسەوان:** بە ڕاست، بیرم چوو پێتان بڵێم. یاساکانیان گۆڕیوە. ئەو ژنە دەتوانێت قسە بکات. دەتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات، هەتا ئاگەدارییەکی تر.

**زیندانییەکە:** دەتوانێت قسە بکات؟

**پاسەوان:** ئا، هەتا ئاگەدار دەکرێنەوە. یاسای تازەیە.

"وچانێکی کورت"

**زیندانییەکە:** دایە، دەتوانیت قسە بکەیت.

"وچانێکی کورت"

دایە، من وا قسەت لەگەڵ دەکەم، دەزانیت؟ ئێمە دەتوانین قسە بکەین. تۆ دەتوانیت بە زمانی خۆمان قسەم لەگەڵ بکەیت.

"ژنەکە بێدەنگە"

تۆ دەتوانیت قسە بکەیت.

"وچانێکی کورت"

دایە. گوێت لە منە؟ من بە زمانی خۆمان قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.

"وچانێکی کورت"

گوێت لە منە؟

"وچانێکی کورت"

ئەوە زمانی خۆمانە.

"وچانێکی کورت"

گوێت لە من نییە؟ گوێی لە منە؟

"ژنەکە وەڵام ناداتەوە"

دایە؟

**پاسەوان:** پێی بڵێ، دەتوانێت بە زمانی خۆی قسەت لەگەڵ بکات. یاسای تازەیە. هەتا ئاگەدارییەکی تر.

**زیندانییەکە:** دایە؟

"وەڵام ناداتەوە. بەبێدەنگی دانیشتووە"

"ترس و لەرزی زیندانییەکە زیاد دەبێت. لەسەر کورسییەکە بەئەژنۆدا دەکەوێت. هەنسک دەدات و بە توندی هەڵدەلەرزێت"

"چاوەشی پۆلیسەکە دەچێتە ژوورەوە و لە زیندانییەکە ورد دەبێتەوە، کە لەسەر زەوییەکەدا هەڵدەلەرزێت"

**چاوەشی پۆلیسەکە:** "بۆ پاسەوانەکە" سەیری ئا ئەمە بکە. تۆ هەموو هەوڵێک بدە تا یارمەتییان بدەیت و ئەوانیش لە خۆیان تێک دەدەن.

"شانۆ تاریک دەبێت"

# خۆڵەمێش

## Ashes to Ashes

Ashes to Ashes
Published in 2001
By Faber and Faber Limited
3 Queen Square, London WCIN 3AU

# شانۆنامەی "خۆڵەمێش" و هۆلۆکۆست

عەلی عوسمان یاقووب

شانۆنامەی "خۆڵەمێش" لە شوێنێکی دیاریکراو ـ کە خانوویەکی گەورەی ئینگلیزییە ـ و لە کاتێکی دیاریکراودا ـ کە ئێستایە ـ بینەر یا خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ مێژوو، بۆ کەمپی "بوکەنوۆڵد"[١]، بۆ ئەنفالستان، بۆ هەر شوێنێک و لە هەر کات و زەمەنێکدا، کە فیکەی پۆلیسی تێدا دەبیسترێت، کە دەسەڵاتی سیاسی زۆر ڕێزی دەگیرێت، وێڕای دەستەپاچەکردنی مرۆڤ لە بڕیاردان، کە کۆمەڵانی خەڵک کوێرانە دوای سەرۆک و سەرکردەکانیان دەکەون، ئەوانیش بەرەو فەوتاندن و لەناوبردنیان دەبەن، کە ئەوپەڕی متمانە بە ڕەوایی تاوانبارکردن دەدرێت، کە مرۆڤە بێتاوان و بێدەسەڵاتەکان بە نێچیری ڕەوا دادەنرێن، کە پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکان بە حاڵەتێکی سروشتی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەزانرێن. لە ڕوانگەی ئەم بینینەوە، دەکرێت لەوە دڵنیا بین، کە "پینتەر" لەژێر کاریگەریتیی هیچ فەلسەفەیەکی سیاسییەوە هیچ شانۆنامەیەکی نەنووسیوە. بۆیە دەڵێت: "من دڵنیام هەندێک نووسەر... . زۆر بەئاسانی دەتوانن دابنیشن و شانۆنامە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتەوە بنووسن. من ناتوانم ئەمە بکەم"[٢]. "پینتەر"، وەکو شانۆنامەنووس، پێی وا بوو دەبێ ئازاد بێت لە پشکنینی هەلومەرجە ئاڵۆزەکان بێ ئەوەی ڕوونکردنەوە لەم بارەیەوە بە پێویست بزانێت."بۆ ئەوەی ببیت بە

سیاسەتوان، پێویستە وێنەیەکی بێ پێچوپەنا بخەیتە ڕوو تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئاراستەی بیروباوەڕی تۆشدا هاوتەریب نەبێت"[٣].

کارکردن لەسەر سیاسەت لە شانۆنامەکانی "پینتەر" بریتییە لە زەقکردنەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەژێر سیستەمە بە ڕووالەت دیموکراسییەکان، مل پێ کەچکردنی تاک لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ بۆچوونەکانی ئەو دەسەڵاتە. ئەمەیش زیاتر لەو شانۆنامانە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە دوای ساڵی١٩٨٠وە نووسیونی ئەگەرچی ئەو پێی وایە هەردەم نووسەرێکی سیاسی بووە بە شێوەیەک لە شێوەکان و وەکو هاووڵاتییەکی ئەم دنیایە بە ئەرکی سەر شانی زانیوە قسە بکات. "پینتەر" لە چاوپێکەوتنێکدا، کە ڕەخنەگری شانۆیی "میل گیسۆ" لە ساڵی ١٩٩٤دا لەگەڵیدا ئەنجامی داوە، دەڵێت: "ئێمە هەر دەڵێین لە نیشتمانی سەربەخۆ دەژین ، بەڵام ئەمە قسەی قۆڕە ئەگەر نەتوانین بە ئازادی قسە بکەین. ئەرکی سەر شانمانە ڕای خۆمان بە تەواوی دەربڕین"[٤].

دیارە سەپاندنی دەسەڵاتی یەکێک بەسەر یەکێکی ترەوە، وەکو خەسڵەتێکی زاڵ لە گشت شانۆنامەکانی "پینتەر" هەر لە یەکەم شانۆنامەیدا، کە "ژوورەکە"یە لە ساڵی ١٩٥٧ تا دەگاتە دوایین شانۆنامەی، کە "یادکردنەوە"یە لە ساڵی ٢٠٠٠، بەرچاون هەرچەندە لە شانۆنامە بەراییەکانی پێش ساڵی١٩٨٠ ئەم مەسەلەیە لە ڕێگەی پێوەندییە کەسێنییەکانەوە دەورووژێندرێت. بەهەرحاڵ، دوای ئەم مێژووە مەسەلەکان بەشێوەیەکی تر زیاتر زەق دەبنەوە، چونکە ململانێکان فراوانتر دەبن و لە چوارچێوەی پێوەندیی تاک بەدەسەڵاتەوە دەردەکەون، وەک لە شانۆنامەی "زمانی چیا" و "یەکێک

بۆ ڕێگا"دا دەردەکەوێت.

شانۆنامەی "خۆڵەمێش"، بە پێچەوانەی "زمانی چیا" و یەکێک بۆ ڕێگا"دا، کە ڕووداوەکانیان لە زیندان و خستنەزیندانەوە بەڕێوە دەچن، لە ژوورێکی دانیشتن، لە خانوویەکی گەورە و خۆشی لادێیەک بەڕێوە دەچێت، کە باخێکی لە پشتە. کاتێ خۆر لە دوورەوە ئاوا دەبێت، دیارە. ژنێک و پیاوێک ـ "ڕێبێکا" و "دێڤلین" ـ کە بە ڕواڵەت ژن و مێردن و تەمەنیان لە چلەکانە، لەبارەی بیرەوەرییەکانی "ڕێبێکا"وە لەگەڵ ئەو کوڕە بەدڕەفتارەی، کە پێشتر خۆشی ویستووە، لە گەرمەی گفتوگۆدان. بیرەوەرییەکان لەسەرێکەوە "دێڤلین" تووڕە دەکەن و لەسەرێکی تریشەوە هەوەسی سێکسی دەبزوێنن. بۆیە زۆری لێ دەکات تا زیاتر شتەکان سەبارەت بە پێوەندییەکەی لەگەڵ کەسە نەناسراوەکە ئاشکرا بکات. شێوازی گێڕانەوەی "ڕێبێکا" خەریکە وا لە بینەریش بکات گومانی لەلا دروست بێت سەبارەت بە ڕاستی و دروستیی بەشێک لەم بیرەوەرییانە. شانۆنامەکە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت، کە پێوەندییە کەسێنییەکان ئاراستەیەکی پێچەوانەی ڕووداوە گشتییەکان وەردەگرن و پاشان لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئەم ناکۆکییە بەرە بەرە نامێنێت تا لە کۆتاییدا مەسەلە کەسێنییەکان ئاوێتەی مەسەلە گشتییەکان دەبن، کاتێ ڕووناکیی ژوورەکە و باخچەکەی پشتەوە کز دەبن و بە ئاستەم دیار دەکەون.

کە شانۆنامەکە دەست پێ دەکات، بینەر هەر وا دەزانێت سەیری یەکێک لە شانۆنامەکانی پێشتری "پینتەر" دەکات: دوو کارەکتەر لە گەرمەی گفتوگۆیەکی سادەدان، کە ڕاستییەکەی لە شەڕێکدان لە پێناوی سەپاندنی دەسەڵات. لە وەڵامی پرسیارەکانی "دێڤلین"دا،

"ڕێبێکا" ڕای دەگەیەنێت، کە کاری سێکسیی لەگەڵ خۆشەویستەکەی پێشتری ئەنجام داوە و لەگەڵیدا چووەتە ژێر باری ڕیتوالێکی مازۆشیانە. ئەمە دیمەنێکی سەرەتای شانۆنامەکەیە، کە بریتییە لە تێکەڵاوێک لە زۆرلێکردنی سێکسی و خۆبەدەستدانی خۆویست، وەکو "مایکڵ بیلینگتن" باسی لێوە دەکات[٥].

واقیعی شانۆنامەکە لێرەدا دەچەسپێت و ئەم ڕەهەندانە لە خۆ دەگرێت: دنیایەک لە دڕندەیی، دەسەڵات سەپاندن، هەروەها نیگەرانی و نائاسوودەیی، کە لە ئەنجامی پرسیارە بەردەوامەکانی "دێڤلین" دەکەونەوە. بەهەرحاڵ، کاتێک "دێڤلین" بە سووربوونەوە داوا دەکات، کە "ڕێبێکا" وێنەیەکی ڕاست و دروستی خۆشەویستەکەی پێشتری بۆ بخاتە ڕوو، سەیر دەکەین زۆرلێکردنە سێکسییەکەی ئەو پیاوە لە "ڕێبێکا" وا دەخرێتە ڕوو، کە هەر درێژکراوەی ڕۆڵە گشتییەکەی ئەو پیاوە بێت، کە بریتی بوو لە سەردانی کارگەکە و ڕفاندنی منداڵە ساواکان لە باوەشی دایکەکان وەک "ڕێبێکا" باسی لێوە دەکات. دیارە کارگەکە "زۆر شێدار بوو. هەتا بڵێیت شێدار بوو" و حەمامی تێدا نەبوو. هەلومەرجی ژیان و کارکردنی زۆر خراپ و ترسناک بوو. کرێکارەکان شەپقەکانیان بەرز دەکردەوە، چونکە زۆر ڕێزیان لەو پیاوە، لە ڕەوشتبەرزی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە، واتە خۆشەویستەکەی "ڕێبێکا" دەگرت.

ئەگەرچی "پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا بە هیچ شێوەیەک ناوی هۆلۆکۆست و نازییەکان ناهێنێت، بەڵام ئەو دیمەنانەی، کە بە درێژاییی شانۆنامەکەدا دەکەونە بەرچاو، وەکو: شۆستەی وێستگەی شەمەندەفەرەکە، پەلاماردان و ڕفاندنی منداڵە ساواکان لە باوەشی

دایکەکانیان و گریان و زریکەی دایکەکان، دیمەنی زستانەکە و کارگە سەیرەکە، بە ئاراستەی مەسەلەی هۆلۆکۆستدا دەکەونەوە. ئەمە بێجگە لە ناونیشانی شانۆنامەکە، کە بۆچوونەکە بەهێزتر دەکات. "ڕێبێکا"، ئەو کارەکتەرەی، کە ئەو هەموو کردەوە دڕندانەییانەی بیر دەکەوێتەوە، ژنێکە و لە ساڵی ١٩٩٦دا، تەمەنی لە دەوروبەری چلەکانە، چونکە نووسەر لە سەرەتاوە دەڵێت "کات: ئێستایە" بۆیە ڕێی تێ ناچێت خۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیابێت، بەڵکو دەشێت بیستبێتی. دیارە ئەگەر مرۆڤ ئاگەداری ئەو سەرچاوانە بێت، کە باسی هۆلۆکۆستیان کردووە یا شتێکی لەم بارەیەوە بیستبێت، هەرکە ئەم شانۆنامەیە دەخوێنێتەوە، هەرچی لە زاکیرەیدایە سەبارەت بەم مەسەلەیە دەورووژێت و دێتە پێشەوە. دەشێت "پینتەر" هەندێک لە زانیارییەکانی لە کتێبی "هیچ کام لە ئێمە ناگەڕێتەوە" وەرگرتبێت، کە "شارلۆت دێلبۆ"[٦] لەبارەی ئەو ساڵانەی لە کەمپی "ئاشویتز"ەوە لەگەڵ جوولەکەکان بەسەری بردووە، نووسیویەتی، هەرچەندە خۆی جوولەکە نەبووە. دەشێت لە هەر سەرچاوەیەکی تر لەبارەی هۆلۆکۆستەوە وەری گرتبێت، بەڵام دیمەنەکانی "مەلۆتکە" و" ڕۆیشتن بۆ ناو دەریاکە" لەو دیمەنانەن، کە "دێلبۆ" باسی لێوە کردوون. بەهەرحاڵ "پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا، دووجار بیرەوەری بەکار دێنێت: یەکەمیان بیرەوەرییەکی قووڵە، کە ئەزموونی خۆی نییە، بگرە وەری گرتووە و لە زاکیرەیدا هەڵگیراوە. دوەمیشیان بیرهاتنەوەی ئاسایی ئێستایە بۆ بیرەوەرییە قووڵەکان. ئەگەر لە چوارچێوەی هەردوو ڕەگەزی کات و شوێندا لە شانۆنامەکە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە بۆشاییی نێوان بیرەوەرییە زیندووەکانی "ڕێبێکا" لەبارەی دڕندەییی

نازییـەکـانـەوە لەگـەڵ ژیانی ئاســوودە و هێـمنی ڕۆژانەی خــۆی لە دەوروبەرێکی ئینگلیزیدا، کێشە بۆ ڕاڤەکردنی شانۆنامەکە دروست دەکات، چونکە چۆن دەبێت شتێکی بیر بێتەوە، کە نە بەسەری هاتووە و نە بینیویەتیشی؟ دیارە "ڕێبێکا" خۆیشی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم کێشەیە دەکات کاتێ دەڵێت:

" تا ئێستا من هیچ شتێکم بەسەر نەهاتووە. هیچ شتێک بەســــەر هیچ هاوڕێیـــەکم نەهاتووە. من هیچ ئازارێکم نەچەشتووە، هەروەها هاوڕێکانیشم".

کەواتە نکووڵی لەوە دەکات، کە هیچ ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هۆڵۆکۆستەوە هەبووبێت.

ڕەخنەگری شانۆیی "میل گیسۆ" لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ "هارۆڵد پینتەر"، کە بەر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیە بە چەند ساڵێک ئەنجامی داوە، پرسیاری لێ دەکات ئاخۆ نیازی نییە لەبارەی هۆڵۆکۆستەوە بنووسێت، ئەمیش لە وەڵامدا دەڵێت "نازانم. شتێک لە خەیاڵمدا هەیە، کە هانم دەدات کارێک لەبارەی ئەمەوە بکەم. کارێکی زۆر گرانە". دواتر، لە ساڵی ٦٩٩ ئەم بابەتە هاتە پێشەوە کاتێ شانۆنامەی "خۆڵەمێش"ی نووسی. دیارە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە، کـــە لەبارەی "هۆڵۆکۆست"ەوە نەنووســێت، بگرە لەبارەی بیرەوەرییەکانییەوە سەبارەت بە هۆڵۆکۆست بنووسێت.

بە پێی بۆچوونی "مایکڵ بیلینگتن"(١٩٣٩)، کە لە ساڵی ١٩٧١ەوە وەکو ڕەخنەگری شانۆیی لە ڕۆژنامەی "گاردیان" کار دەکات، "پینتەر" پێشتر بەرچاوڕوونییەکی هەبووە لەبارەی بابەتی ئەم شانۆنامەیەوە. "بیلینگتن" پێی وایە، کە خوێندنەوەی ژیاننامەی "ئەلبێرت سپێر"، کە

"گیتا سێغێنی"(١٩٢١) نووسیویەتی، "پینتەر"ی هان داوە ئەم شانۆنامەیە بنووسێت.

"پینتەر" لە پشووی زستان لە "باربۆداس" کتێبەکەی "گیتا سێغێنی" لەبارەی ژیاننامەی "ئەلبێرت سپێر"ەوە دەخوێنێتەوە و دەڵێت:

"کتێبێکی زۆر شۆکئامێز بوو. من بەو ڕاستییە زۆر سەرم سوڕما، کە "سپێر" خۆی ئەو کارگانەی لە ئەڵمانیای نازی دامەزراندووە و ڕێک خستووە و خۆیشی بەرپرسیار بووە لە کرێکارە کۆیلەکان... خوێندنەوەی کتێبەکە زۆر وێنەی تری پێوەست بەمانەوە لەلا وروژاندم، وەکو دیمەنی ئەو نازییانەی، کە منداڵە ساواکانیان بە نووکی قەمەی تفەنگەکانیان بەرز دەکردەوە و لە پەنجەرەکانەوە فڕێیان دەدانە دەرەوە. ڕاستییەکەی، من لەو پشووە دانەنیشتبووم بیر لەوە بکەمەوە، کە شانۆنامەیەک لەبارەی ئەمەوە بنووسم، بەڵام کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، یەکسەر شتێک ڕووی دا. وەک هەموو جارێک، دانیشتم و بە دوو کارەکتەرەوە لە دەفتەرێکدا دەستم بە نووسین کرد. یەکێکیان پیاو، ئەوی تریان ژن، یەکەم دێر، لە بنچینەدا، هی پیاوەکە بوو، پرسیاری لە ژنەکە کرد: چ جۆرە شتێکە؟" من لەوێوە دەستم پێ کرد، بەڵام دەبوو زیاتر بۆم ڕوون بێتەوە ئەم دوو کارەکتەرە کێن"[٧]

دیارە "ئەلبێرت سپێر"، بەدەر لەوەی، کە وەزیری هێزی چەکدار و کەرەسەی جەنگ بوو، هاوڕێیەکی نزیکی "هیتلەر"یش بوو. "بیلینگتن" مەسەلەی ئەو خۆشەویستییەی، کە "ڕێبێکا" باسی لێوە دەکات دەبەستێتەوە بە "سپێر"، کە تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵی بوو

لەگەڵ کچێکدا، کە نیوەی تەمەنی ئەوی هەبوو، لە پێوەندیدا بوو. کچەکە، دوای ئەوەی یاداشتەکانی "سپێر"ی خوێندبووەوە، پێوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ دروست کردبوو[8].

ئەگەر ئێمە ئەو سەرچاوەیەی، کە "بیلینگتن" باسی لێوە دەکات لەگەڵ شانۆنامەکە بەراورد بکەین، سەیر دەکەین هەندێک لە بیرەوەرییەکانی "ڕێبێکا" لە هی ئەو ژنە نەناسراوە وەرگیراون، کە لەگەڵ "سپێر" پێوەندیی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرێکەوە "ڕێبێکا" شتەکان وا دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی ئەزموونی خۆی بن لەگەڵ خۆشەویستەکەی. لە سەرێکی تریشەوە، دەشێت سڕبوون و تا ڕادەیەک هۆش لەبەر برینی "ڕێبێکا" بەهۆی توندوتیژییە سێکسییەکەی خۆشەویستەکەیەوە هەوڵێکی "پینتەر" بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەیلە نابەجێ و بێمانایەی، کە ژنە نەناسراوەکە لەگەڵ یەکێک لە پیاوە گەورەکانی "ڕایخی سێیەم"دا هەیبووە. بۆیە کاتێ "ڕێبێکا" مل بۆ ئەم دڕندەیی و توندوتیژییە کەچ دەکات، دەبێت بە قوربانی، با بە ویستی خۆیشییەوە بێت، وەکو "بیلینگتن" باسی لێوە دەکات.

ئەگەرچی خوێندنەوەی کتێبەکەی "سێغێنی" هەندێ لایەنی شانۆنامەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بە هەندێک دیودا زۆر ناتەریب و جیاوازە لەگەڵیدا. بۆ نموونە، "ڕێبێکا" لەگەڵ قوربانییەکاندا نەک هەر هاوسۆزە، بگرە هەست دەکات پێوەندییەکی ڕۆحی بەمانی دەبەستێتەوە. دیارە ئەمە هاوتەریب نییە لەگەڵ ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی، کە ژنە جحێڵە نەناسراوەکە لەگەڵ سەرکردەیەکی نازییەکان هەیبووە، وەک لە کتێبەکەی "سێغێنی"دا هاتووە. بەواتایەکی

تر، سەرەڕای ئەوەی، کە شانۆنامەکە پێوەندییەکی ڕوونی بە باسەکەی "سێغێنی"یەوە هەیە، بەڵام لە باری هەست و سۆز و فیکرییەوە ئاراستەیەکی تری وەرگرتووە. بەپێچەوانەی هاوسۆزییەکەی "ڕێبێکا"، گێڕانەوەکەی ئەو هیچ کار لە"دێڤلین" ناکات و هەستی ناجوولێنێت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت "ڕێبێکا" لە گێڕانەوەکەیدا لەبارەی "دۆرێست" و ئەو دیمەنانەی لەوێ بینیویەتی، "دێڤلین" بەدەر دەنێت:

" ئۆه، نا، تۆ لەوێ نەبوویت. پێم وا نییە هیچ کەسێکی تر لەوێ بووبێت. نا، هەر خۆم بووم. من بە تەنیا بووم"

تەنیای "ڕێبێکا" لەو ڕۆژەدا، ئەوە دەسەلمێنێ، کە بە تەنیا ئەزموونی لەگەڵ بەسەرهاتەکەدا هەیە و ئەزموونەکەیش لە هی خەڵک جیاوازە. دوور نییە "پینتەر"، سەبارەت بەوەی کە خۆی جوولەکەیە، بۆیە لە بینینی "ڕێبێکا" دەگات لەبارەی هۆلۆکۆستەوە ئەگەرچی لە دەوروبەرێکی ئینگلیزیدا دەژێت.

بێجگە لەمەش، هەریەک لە ناوی"ڕێبێکا" و "دێڤلین" کۆدێکی ئەتنیکی و کولتووریی جیاوازە لە ئەوەی تر. "ڕێبێکا" ناوێکی ژنانەیە و لە نێو جوولەکاندا باوە. ئەمەیش وا دەکات بە دنیایەکەوە بەند بێت، کە "دێڤلین"ی هاوسەری لێی بەدەرە، چونکە ناوی "دێڤلین" ناوێکی ئێرلەندییە[٩]. جیاوازی لە هەڵوێستەکانیان لە بنچینەدا ڕەگەزییە، بەڵام لەمەش زیاتر، سنوورێکی کولتووریی هەیە لە نێوان جوولەکە و ئەوانەی جوولەکە نین. ئەمەیش وا دەکات بینینیان بۆ مەسەلەی هۆلۆکۆست جیاواز بێت. کەواتە نووسەر بەتەنگ دیوی ناوەوەی ئەم دوو کارەکتەرەوەیە زیاتر لەوەی بایەخ بە ڕواڵەتی دەرەوە بدات. بۆشاییی نێوانیان لێرەدایە. سەرەڕای ئەوەی، کە لە باری

جەستەییەوە زۆر لە یەکترەوە نزیکن و لە ماڵێکی ئینگلیزیدا دەژین، بەڵام "دێڤلین" هیچ بەشدارییەکی لە دنیای ناوەوەی "ڕێبێکا"دا نییە. ئەوان لە ناوەوە لە دوو دنیای تەواو جیاواز لە یەکتردا دەژین.

نووسەر لە تێبینییەکی کورتدا لەبارەی کارەکتەرەکانەوە، هەر لە سەرەتاوە دەڵێت، تەمەنیان لە چلەکانە و کاتەکەش ئێستایە، واتە ساڵی (١٩٩٦) ە. ئەمەیش، وەک پێشتر باسمان کرد، بە دیوێکی تردا ئەوە دەگەیەنێت، کە "ڕێبێکا" هیچ بیرەوەرییەکی لەگەڵ جەنگی جیهانیی دووەمدا نییە، بەڵام بە بەردەوامیش ئاماژەی بۆ دەکات. یەکەم جار، لە وەڵامێکی ناڕوونی پرسیارێکی "دێڤلین" سەبارەت بە کاری خۆشەویستەکەی پێشتری ئاماژەی بۆ دەکات: "وا بزانم

> پێوەندیی بە ئاژانسی گواستنەوە هەبوو. پێم وایە جۆرێک بوو لە ڕێگەپێشاندەری گەشتیاران. نا نا، ئەمە نەبوو. جارجار کاری دەکرد. هەموو کاتێک نەبوو. مەبەستم ئەوەیە، ئەمە بەشێک بوو لە کارکردن لە ئاژانسەکە. پلە و پایەیەکی بەرزی هەبوو، زانیت. بەرپرسیاریەتیی زۆر بوو."

ئەم ناڕوونی و پێچ و پەنایە لە وەڵامی "ڕێبێکا" یاخۆ فۆرمەلەنەکردنی پێناسەیەکی ڕوون بۆ کاری خۆشەویستەکەی، کە پێوەست بێت بە ئاژانسی گواستنەوە، وا لە ئێمە دەکات گومان بکەین، کە پاڵنەرێکی لە پشتەوەیە: "وا بزانم پێوەندیی بە... پێم وایە جۆرێک

> بوو لە... . نا نا... مەبەستم ئەوەیە... زانیت... "

دڵەڕاوکێی ئێمە بە پرسیارە بەردەوامەکانی "دێڤلین" لەبارەی سروشتی کاری خۆشەویستەکەی پێشتری "ڕێبێکا"وە و هەروەها بێمەیلیی "ڕێبێکا" لە وەڵامدانەوەی ڕاست و دروست، زیاتر دەبێت.

به پێی بۆچوونی "هانا کۆلینکۆڤ"، سەرەڕای هەموو تەمومژییەکان، قسەکانی "ڕێبێکا" هەندێک زانیاری دەبەخشن، بە تایبەتی کاتێک سەبارەت بە خۆشەویستەکەی پێشتری بە "دێڤلین" دەڵێت:" ئەو ڕابەر بوو، زانیت، ڕابەر بوو". "ڕێبێکا" پێی وایە شتەکەی بۆ "دێڤلین" ڕوون کردووەتەوە، بەڵام وەڵامەکە بۆ "دێڤلین" بە تەواوی ڕوون نییە بۆیە بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: "ڕابەری گەشتیاری؟". "ڕێبێکا" وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە و بابەتی قسەکردنەکە دەگۆڕێ. دیارە وشەی "Führe"، لە زمانی ئەڵمانیدا، وەکو "کۆلینکۆڤ" ڕوونی دەکاتەوە بۆ "ڕابەر" و "ڕابەری گەشتیاری" بەکار دێت[١٠]. بە پێی کتێبەکەی "سێغێنی"، "سپێر" لە چوارچێوەی ئەرکە وەزارییەکانیدا، بەرپرسیاریەتیی گواستنەوەیشی لەسەر شان بوو، بە تایبەتی سیستەمی هێڵی ئاسنین. هەر لەم سەرچاوەیەوە، "ڕێبێکا" لە شانۆنامەکەدا باسی بەرپرسیاریەتیی ئاژانسی گواستنەوە و پلە و پایە بەرزەکەی خۆشەویستەکەی دەکات. دیارە سووربوونی "دێڤلین" لەسەر ڕۆڵی "ڕابەر" و ڕابەری گەشتیاری و ڕابەری پێوەست بە ئاژانسی گواستنەوە، دواتریش ئەو ڕابەرەی، کە خەڵکەکەی بۆ ناو دەریاکە دەبرد، ئاماژەن بۆ گرینگیی ئەم وشەیە بێ ئەوەی نهێنییەکەی ئاشکرا بکرێت.

ئەگەر مرۆڤ لەو بۆچوونەی سەرەوە بەگومانیش بێت، بەڵام ئەو گومانە دەڕەوێتەوە کاتێک "ڕێبێکا" وا ڕای دەگەیەنێت، کە مەبەست لە "ڕابەر" کارێکی دڕندانەی نازییەکانە:

"جا هەر وا بوو. بە ڕاستی بۆ ئاژانسێکی گەشتیاری کاری دەکرد. ڕابەر بوو. هەموو جارێک دەچوو بۆ وێستگە

ناوەخۆییەکەی شەمەندەفەران و بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشت. منداڵە ساواکانی لە باوەشی دایکەکانیان دەڕفاند و ئەوانیش دەیانقیژاند."

ئەمە یەکەم نموونەیە لەبارەی ڕفاندنی منداڵە ساواکانەوە لە باوەشی دایکەکانیان. دیارە "ڕێبێکا" بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەم قسەیەی لە دەم دەردەچێت کاتێ دووبارە باسی پیشەی خۆشەویستەکەی دەکات. وێنەکە زۆر بەکورتی و بە خێراییەوە دەکێشرێت. تەنیا چوارچێوەیەکی گشتیی پرۆسێسەکەیە، بەڵام ئەنجامەکەی فەوتاندن و پەرش و بڵاوکردنە و چەندان چیرۆکی تری بەدوادا دێت لەبارەی گواستنەوەی جوولەکەکانەوە بۆ کەمپەکان بە مەبەستی قڕکردنیان بێ ئەوەی نووسەر زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕوات. ئەم بیرەوەرییەی "ڕێبێکا" لەگەڵ بیرەوەریی هاوینی ئەو ڕۆژەی لە "دۆریست" هاوتەریبە، کە لە پەنجەرەکەوە سەیری ناو باخەکەی دەکرد و ئاپۆڕەیەکی گەورەی خەڵکی بینی هەندێک ڕابەر بۆ ناو دەریاکەیان دەبردن. ئیتر شەپۆلەکە بەرە بەرە لە خۆی لوول دان و جانتاکانیان بەسەر ئاوەکەوە بەرز و نزم دەبووەوە.

ئەگەرچی "ڕێبێکا" ئەزموونی لەگەڵ ئەو کارە دڕندەییانەدا نییە، کە دەیانگێڕێتەوە، بەڵام گومان لە ڕاستیی بیرەوەرییە ترسناکەکانیدا نییە. ئەوەی خوێندوویەتییەوە یا بیستوویەتی لەو کەسانەی، کە لە دوای هۆڵۆکۆست ماونەتەوە، بوونەتە بەشێک لە بیر و هۆش و هەست و نەستی. بۆیە وەکو کەسێکی هەستیار هاوسۆزە لەگەڵ ئێش و ئازارەکان. ئەم هاوسۆزییە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کاتێک "ڕێبێکا" بۆ جاری دووەم لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، پیرەمێردێک

دەبینێت لەگەڵ کوڕێکی بچووک، لەسەر شەقامەکە دەڕۆن. هەریەکەیان جانتایەکی بە دوای خۆیەوە ڕادەکێشێت. بەڵام لە پڕێکدا ژنێک دەبینێت شوێنیان کەوتووە. کۆرپەیەکی لە باوەشە. ژنەکە لە شوێنی خۆی دەوەستێت و کۆرپەکەی باوەشی ماچ دەکات، کە کچە. گوێی لە ترپەی دڵی کۆرپەکەی ڕادەگرێت. دڵی لێ دەدات. هەناسە دەدات. لە پڕێکدا "ڕێبێکا" وا پێشان دەدات، کە شوێنی ژنەکەی گرتووەتەوە. بۆیە بەسەرهاتەکە دەکات بە هی خۆی و دەڵێت:

"من لە باوەشم گرت. هەناسەی دەدا. دڵی لێی دەدا".

لێرەدا "ڕێبێکا" دەچێتە ناو دنیای ئەو دیمەنەی، کە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکا و ڕۆڵی دایک دەبینێت. هەر دەڵێی سەیری فیلمێک دەکات و لە شاشەکەوە دەچێتە ژوورەوە. ئیتر دوای ئەمە، "ڕێبێکا" بە تەواوی پشت لە "دێڤلین" دەکات، کە هیچ هاوسۆزییەک پێشان نادات و خۆیشی بە خەیاڵ دەبێت بە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لەبارەی هۆڵۆکۆستەوە کاتێ دەچێتە ناو مەنەلۆجێک تەنیا دەنگدانەوە و چەند وچانێکی کورت لە خۆ دەگرێت. مەنەلۆجەکە هەمو بیرەوەرییە جیاوازەکانی "ڕێبێکا" لە خۆ دەگرێت، لە شەمەندەفەر و دایک و مەلۆتکە و ڕفاندنی منداڵە ساواکان.

لە شانۆنامەکەدا هیچ لێکدانەوەیەکی لۆجیکی بۆ ڕق، بۆ دەستنیشانکردنی هیچ گرووپێکی تایبەت بە مەبەستی هێرشکردنە سەر یان بۆ هیچ گەمەیەکی دڕندانەی دەسەڵاتی چەوسێنەر نییە. "ڕێبێکا"، ئەگەرچی لە سەرەتاوە لەلایەن "دێڤلین"ەوە هان دەدرێت و ئەو کوشتن و کردارە دڕندانەی بیر دێنەوە، کە بینیونی، بەڵام دواین بیرەوەریی ئەو، کە لەدەستدانی منداڵە ساواکەیەتی، وەکو کارێکی

بەرەنگاربوونەوە دێتە بەرچاو. "دێڤلین" داوا دەکات، "ڕێبێکا" دەستە نووقاوەکەی ئەم ماچ بکات و پاشان پێی دەڵێت: "داوام لێ بکە دەستم لە قوڕگت بئاڵێنم". "ڕێبێکا"، نە دەستی ماچ دەکات و نە داوایش لە "دێڤلین" دەکات دەستی لە قوڕگی بئاڵێنێت، بگرە بێدەنگ دەبێت. دێڤلین" پاڵەپەستۆی دەستی لەسەر قوڕگی "ڕێبێکا" کەم دەکاتەوە. لێرەدا "ڕێبێکا" باسی لەدەستدانی منداڵە ساواکەی دەکات. قسەکانی لە ژوورەکەدا دەنگ دەدەنەوە. "دێڤلین" دەستی لەسەر قوڕگی "ڕێبێکا" لادەبات، بەڵام "ریبێکا" و "دەنگدانەوە"کە ئەوە دەگێڕنەوە، چۆن منداڵە ساواکەیان لە "ڕێبێکا" سەند و ئەویشیان ناچار کرد بوونیی منداڵەکە ڕەت بکاتەوە. ئەمە دوا وێنەی شانۆنامەکەیە، نەک چیرۆکە کەسێنییەکەی "ڕێبێکا"، بگرە بەرەنگابوونەوە بێدەنگەکەی و پاشانیش دووبارەبوونەوەی بیرەوەرییەکانی.

ئەگەرچی "پینتەر" بەردەوامە لە شێوازە تەمومژاوییەکەی، چونکە ڕوون نییە ئەم ڕووداوانە لە کوێ ڕوو دەدەن و ئەم خەڵکانە کێن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین بڵێین، کە دواین بەرەنگاربوونەوە و بیرهاتنەوەکە، وەکو بیرۆکەی سەرەکیی شانۆنامەکە و ئەدەبی هۆلۆکۆست بە گشتی، ڕەنگە ئەوە بگەیەنێت، کە سەرچاوەی هێز و بەرگریکردن، چ بۆ تاک و چ بۆ گرووپ لەوەدا بێت، کە ڕابردوو بیر نەچێتەوە.

## کارەکتەرەکان

دێڤلین

ڕێبێکا

هەردووکیان تەمەنیان لە چلەکانە

کات: ئێستایە

سەرنج: ئەم شانۆنامەیە یەکەم جار لە ١٢ی سەپتێمبەری ١٩٩٦ لەلایەن "ڕۆیاڵ کۆرت" لە شانۆی "ئەمباسەدۆر ثیەتەر" لە لەندەن نمایش کرا و "هارۆڵد پینتەر" خۆی دەرهێنەری بوو.

خانوویەک لە دەرەوەی شار

نهۆمی یەکەم. پەنجەرەیەکی گەورەی هەیە و باخچەیەکیش لە پشتەوە.

دوو کورسیی دەسکدار. دوو لەمپا.

سەرلەئێوارەیە و هاوینە.

کە شانۆگەرییەکە بەڕێوە دەچێت، ژوورەکە تاریک دادێت و چراکان بە تین دەبن.

لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا، ڕووناکیی ژوورەکە و باخچەکەی پشتەوە کزە و بە ئاستەم دیار دەکەون.

لەمپاکە زۆر گەشە، بەڵام ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە.

"دێڤلین بە پێوە وەستاوە و پێکێکی بە دەستەوەیە. ڕێبێکا دانیشتووە"

"بێدەنگی"

**ڕێبێکا:** با پێت بڵێم... بۆ نموونە... ئەو بەسەر سەرمەوە وەستا و مشتەکۆڵەکەی بە توندی قوچاند. پاشان دەستەکەی تری لە ملم ئاڵاند و بە توندی گرتی و سەری منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. مشتەکۆڵەکەی... بە ئاستەم بەر دەمم کەوت. ئینجا گوتی: "دەستم ماچ بکە"

**دێڤلین:** جا، وات کرد؟

**ڕیبێکا:** ئا، بەڵێ. دەستیم ماچ کرد. گرێی پەنجەکان. پاشان مشتەکۆڵەکەی کردەوە و ناولەپی پێ دام... تا ماچی بکەم... منیش ماچم کرد.

"بێدەنگی"

دوای ئەمە قسەم کرد،

**دیڤلین:** چیت گوت؟ ئەوەی تۆ گوتت چی بوو؟ چیت گوت؟

"بێدەنگی"

**ڕیبێکا:** گوتم "دەستت لە قوڕگم بئاڵێنە" . لەژێر لێوەوە قسەکەمم هەر لە ڕێی دەستەکەیەوە، کە ماچم کرد، پێم گوت، بەڵام گوێی لە دەنگم بوو. لە ڕێی دەستەکەیەوە گوێی لێ بوو. هەستی بە دەنگی من کرد لەناو دەستی خۆیدا. لەوێ گوێی لێ بوو.

"بێدەنگی"

**دیڤلین:** ئینجا وای کرد؟ دەستی لە قوڕگت ئاڵاند؟

**ڕیبێکا:** ئا، بەڵێ. وای کرد. وای کرد. دەستی لەوێ گیر کرد، بە هێمنییەوە، لەسەرەخۆ، زۆر بە هێمنییەوە، زۆر بە نەرمییەوە. ئاخر ئەو بۆ من شێت و شەیدا بوو.

**دیڤلین:** شەیدای تۆ بوو؟

"وچانێکی کورت"

مەبەستت چییە، شەیدای تۆ بوو؟ مەبەستت چییە؟

"وچانێکی کورت"

دەتەوێ بڵێیت هیچ پاڵەپەستۆی نەخستە سەر قوڕگت؟ دەتەوێ وا بڵێیت؟

**ڕیبێکا:** نەخێر.

**دێڤلین:** ئەدی مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چی بڵێیت؟

**ڕیبێکا:** نەختێک... پاڵەپەستۆی... خستە سەر قورگم، بەڵێ. بە شێوەیەک، سەرم بۆ دواوە چوو، بەهێمنییەوە، بەڵام بە ڕاستی.

**دێڤلین:** ئەدی لەشت؟ لەشت بۆ کوێ چوو؟

**ڕیبێکا:** لەشم بۆ دواوە چوو، لەسەرەخۆ، بەڵام بە ڕاستی.

**دێڤلین:** ئینجا قاچەکانت کرانەوە؟

**ڕیبێکا:** بەڵێ.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** قاچەکانت کرانەوە؟

**ڕیبێکا:** بەڵێ.

"بێدەنگی"

**دێڤلین:** هەست دەکەیت خەریکە بێهۆش دەکرێیت؟

**ڕیبێکا:** کەی؟

**دێڤلین:** ئێستا.

**ڕیبێکا:** نەخێر.

**دێڤلین:** بە ڕاست؟

**ڕیبێکا:** نەخێر.

**دێڤلین:** بۆ نا؟

**ڕیبێکا:** کێ بێهۆشم دەکات؟

**دێڤلین:** من.

**ڕیبێکا:** تۆ؟

**دێڤلین:** چۆن بیر دەکەیتەوە؟

**ڕیبێکا:** پێم وایە تۆ کەسێکی بۆگەنیت.

**دێڤلین:** من بۆگەنم؟ من! هەبێ و نەبێ گاڵتە دەکەیت.

**ڕێبێکا:** من گاڵتە دەکەم؟ تۆ گاڵتە دەکەیت.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** تۆ دەزانیت من بۆچی ئەم پرسیارانە لە تۆ دەکەم، وا نییە؟ خۆت بخەرە شوێنی من. من ناچارم ئەم پرسیارانە لە تۆ بکەم. زۆر شت هەن، من نایانزانم. من هیچ... لەبارەی ئەم شتانەوە نازانم. هیچ شتێک. لە تاریکی دام. پێویستیم بە ڕووناکییە. باشە، تۆ پێت وایە پرسیارەکانم ناماقووڵن؟

"وچانێکی کورت"

**ڕێبێکا:** پرسیاری چی؟

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** سەیرکە. بۆ من شتێکی گرینگە ئەگەر بە ڕوونی پێناسەیەکی ئەوم بۆ بکەیت.

**ڕێبێکا:** پێناسەی ئەو بکەم؟ مەبەستت چییە لە پێناسەی ئەو؟

**دێڤلین:** لە باری جەستەییەوە. مەبەستم ئەوەیە، لە چی دەکرد؟ لە مەبەستەکەم دەگەیت؟ درێژی، پانی... ئەو شتانە. بەرزی، پان و پۆڕی. مەبەستم ئەوەیە، جگە لە... سروشت و ئارەزووەکانی، هەر شتێکی تر... یان ڕەوشت و ڕەفتاری... هەروەها باری ڕۆحی و دەروونی... هەڵوێستی... من هەر دەمەوێت، ئا، پێویستیم ... بەوەیە بیرۆکەیەکی ڕوونم هەبێت لەبارەی ئەوەوە... قەی ناکا، بیرۆکەیەکی ڕوون نا، تەنیا بیرۆکەیەک، ڕاستییەکەی... لەبەرئەوەیە من هیچ بیرۆکەیەکم لەبارەی ئەوەوە نییە. لە باری هەموو ئەمانەدا... شێوەکەی چۆن بوو؟ مەبەستم ئەوەیە لە چی

دەکـــرد؟ ناتوانیت شـــێـــوەکـــەیم بـۆ باس بکەیت، شـــێـــوە ڕاسـتـەقـینەکەی؟ دەمەوێت وێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەوم لە بەرچاو بێت، تێ دەگەیت... وێنەیەک بۆ هەر شوێنێک بچم، هەر لە بەرچاوم بێت. مەبەستم ئەوەیە، هەموو ئەوەی، کە دەتوانیت باسی بکەیت، دەستـەکانیەتی، دەستێک لەسەر دەموچاوت، ئەوەی تر لە پشت ملت. پاشـان دەســتـەکـەی یەکـەم لەسـەر قورگت. هەڵبەت، جگە لە دەستەکانی، شتی زیاتری هەیە. ئەدی چاوەکانی؟ ئاخۆ چاوی هەبوو؟

**ڕیبێکا:** 'ڕەنگیان چۆن بوو؟

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** ئەمە ڕێک ئەو پرسیارەیە، کە من دەمەوێت بپرسم... دڵدارەکەم.

**ڕیبێکا:** چەندە سەیرە پێت بڵێن، دڵدارەکەم. تا ئێستا کەسێک بە منی نەگوتووە، دڵدارەکەم، جگە لە خۆشەویستەکەم.

**دێڤلین:** من باوەڕ ناکەم.

**ڕیبێکا:** تۆ باوەڕ بەمە ناکەیت؟

**دێڤلین:** باوەڕ ناکەم جارێک بەدڵدارەکەم بانگی تۆی کردبێت.

"وچانێکی کورت"

پێت وایە ناماقووڵییە، کە ئەو وشەیە بەکار دێنم؟

**ڕیبێکا:** وشەی چی؟

**دێڤلین:** دڵدارەکەم.

**ڕیبێکا:** ئا، بەڵێ، تۆ بە منت گوت، دڵدارەکەم. چەندە سەیرە.

**دێڤلین:** سەیرە؟ بۆ؟

**ڕیبێکا:** باشـە، تۆ چۆن دەتوانیت بە من بڵێیت، دڵدارەکەم؟ خۆ من

دڵداری تۆ نیم. ئەمە دوایین شتە، کە بمەوێت. من دڵداری هیچ کەسێک نیم.

**دیڤلین:** ئەوە گۆرانییە.

**ڕیبێکا:** چی؟

**دیڤلین:** "من یاری هیچ کەسێک نیم"

**ڕیبێکا:** گۆرانییەکە دەڵێت "ئێستا تۆ یاری هیچ کەسێک نیت". بەهەرحاڵ، من وشەی "یار"م بەکار نەهێنا.

"وچانێکی کورت"

ناتوانم پێت بڵێم ئەو لە چی دەکرد.

**دیڤلین:** بیرت چووەتەوە؟

**ڕیبێکا:** نەخێر. بیرم نەچووەتەوە، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە. بەهەرحاڵ، ئەوە چەند ساڵێکە ڕۆیشتووە.

**دیڤلین:** ڕۆیشتووە؟ بۆ کوێ چووە؟

**ڕیبێکا:** کارەکەی وای کرد بڕوات. کاری هەبوو.

**دیڤلین:** کارەکەی چی بوو؟

**ڕیبێکا:** چی بوو؟

**دیڤلین:** چ جۆرێک کاری هەبوو؟ چ کارێک بوو؟

**ڕیبێکا:** وا بزانم پێوەندیی بە ئاژانسی گواستنەوەوە هەبوو. پێم وایە جۆرێک بوو لە ڕێگەپێشاندەری گەشتیاران. نا نا، ئەمە نەبوو. جارجار کاری دەکرد. هەموو کاتێک نەبوو. مەبەستم ئەوەیە، ئەمە بەشێک بوو لە کارکردن لە ئاژانسەکە. پلە و پایەیەکی بەرزی هەبوو، زانیت. بەرپرسیاریەتیی زۆر بوو.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** چ ئاژانسێک؟

**ڕێبێکا:** ئاژانسی گەشتوگوزار.

**دێڤلین:** چ جۆرێک لە ئاژانسی گەشتوگوزار؟

**ڕێبێکا:** ئەو ڕابەر بوو، زانیت، ڕابەر بوو.

**دێڤلین:** ڕابەری گەشتوگوزار؟

"وچانێکی کورت"

**ڕێبێکا:** من باسی ئەو شوێنەم بۆ تۆ کرد... ئەو کاتەی منی بۆ ئەو شوێنە برد؟

**دێڤلین:** شوێنی چی؟

**ڕێبێکا:** دڵنیام بۆم باس کردوویت.

**دێڤلین:** نەخێر. هەرگیز بۆت باس نەکردووم.

**ڕێبێکا:** سەیرە. دەتوانم سوێند بخۆم بۆم باس کردوویت.

**دێڤلین:** هیچ شتێکت بە من نەگوتووە. هیچ کاتێک باسی ئەوەت لای من نەکردووە. هیچ شتێکت بە من نەگوتووە.

"وچانێکی کورت"

چ شوێنێک؟

**ڕێبێکا:** ئۆه، پێم وایە جۆرێک بوو لە کارگە.

**دێڤلین:** مەبەستت چییە، کە دەڵێیت، جۆرێک بوو لە کارگە؟ کارگە بوو یان نا؟

**ڕێبێکا:** دەزانیت چۆن، شتیان دروست دەکرد، ڕێک وەکو هەر کارگەیەک، بەڵام کارگەیەکی ئاسایی نەبوو.

**دێڤلین:** بۆ ئاسایی نەبوو؟

**ڕێبێکا:** هەموویان شەپقەیان لەسەردا بوو... کرێکارەکان... شەپقەی

نەرم... کە ئەو چووە ژوورەوە و منیشی دوای خۆی دا، ئەوان شەپقەکانیان لەسەر داکەند. ئینجا منی بەناو کۆڵانەکان و ڕیزە کرێکارەکاندا برد.

**دیڤلین:** شەپقەکانیان لەسەریان داکەند؟ مەبەستت ئەوەیە، شەپقەکانیان بەرز کردەوە؟

**ڕێبێکا:** بەڵێ.

**دیڤلین:** بۆ وایان کرد؟

**ڕێبێکا:** دواتر خۆی پێی گوتم ، چونکە ئەوان زۆر ڕێزیان دەگرت.

**دیڤلین:** بۆ؟

**ڕێبێکا:** چونکە کەشتییەکی بەتەواوی بەڕێوە دەبرد. بڕوایەکی پتەویان پێی هەبوو. ڕێزیان لە... پوختەیی و ڕەوشتبەرزی و بیروباوەڕی دەگرت. دەیگوت، ئەگەر داوایان لێ کردبا، لە هەورازەشاخەکەی کەنار دەریاوە پێشیان دەکەوت و سەری دەخستن، ئینجا دەیهێنانە خوارەوە بەرەو دەریاکە. ئەو ماوەیەی، کە ڕابەریی دەکردن، هەموو بە یەکەوە گۆرانییان دەگوت.. دەیگوت، ئەوان بە ڕاستی زۆر دەنگخۆش بوون.

**دیڤلین:** ئەدی لەگەڵ تۆ چۆن بوون؟

**ڕێبێکا:** من؟ ئۆه، تا بڵێیت باش بوون. من بە زەردەخەنەوە سەیرم دەکردن، ئەوانیش هەروا وەڵامیان دەدامەوە.

"وچانێکی کورت"

تەنیا شتێکی ئەو شوێنە، ئەوە بوو، کە زۆر شێدار بوو. هەتا بڵێیت شێدار بوو.

**دیڤلین:** ئەوانیش وەکو پێویست جلوبەرگیان بۆ ئەو ئاووهەوایە

نەکردبووە بەر؟

**ڕیبێکا:** نەخێر.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** من وام زانی تۆ گوتت بۆ ئاژانسی گەشتیاری کاری دەکرد؟

**ڕیبێکا:** شتێکی تریش هەبوو. ویستم بچم بۆ حەمامەکە، بەڵام بە ڕاستی نەمدۆزییەوە. هەموو شوێنێک گەڕام. دڵنیا بووم یەکێکیان هەبوو. بەڵام هەر نەمدۆزییەوە.

"وچانێکی کورت"

جا هەر وا بوو. بە ڕاستی بۆ ئاژانسێکی گەشتوگوزاری کاری دەکرد. ڕابەر بوو. هەموو جارێک دەچوو بۆ وێستگە ناوەخۆییەکەی شەمەندەفەر و بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشت. منداڵە ساواکانی لە باوەشی دایکەکانیان دەڕفاند و دایکەکانیش دەیانقیژاند.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** بە ڕاست؟

"بێدەنگی"

**ڕیبێکا:** ئەریّ دەزانیت، من زۆر پەشۆکاوم.

**دێڤلین:** تۆ؟ بۆ؟

**ڕیبێکا:** ڕەنگە لەبەر ئەو فیکەکێشانەی پۆلیس بێت، کە دوو دەقیقە بەر لە ئێستا بیستمان.

**دێڤلین:** فیکەی پۆلیسی چی؟

**ڕیبێکا:** تۆ گوێت لێ نەبوو؟ هەڵبەت گوێت لێ بوو. هەر دوو دەقیقە پێش ئێستا بوو.

**دیڤلین**: بۆ چی بوو؟

**ڕێبێکا**: بەهەرحاڵ، من زۆر پەشۆکاوم.

"وچانێکی کورت"

من بە ڕادەیەک پەشۆکاوم، کە بڕوا ناکرێت.

"بێدەنگی"

ناتەوێ هۆکارەکەی بزانیت؟ باشە، من بە هەر شێوەیەک بێت، پێت دەڵێم. ئەگەر نەتوانم بە تۆ بڵێم، دەتوانم بە کێ بڵێم؟ سەیرکە، من هەر چۆنێک بێت، پێت دەڵێم. ئەو فیکەیە زۆر پەشۆکاوی کردم. دەزانیت... کە دەنگی فیکەکە وردە وردە لە گوێمدا کەم بووەوە، زانیم بۆ یەکێکی تر وردە وردە بەرزتر دەبێتەوە.

**دیڤلین**: مەبەستت ئەوەیە، هەردەم یەکێک هەر هەیە لە شوێنێکی تر، کە ئەو فیکەیەی بەر گوێ بکەوێت؟ دەتەوێ وا بڵێیت؟

**ڕێبێکا**: بەڵێ. هەردەم. بۆ هەتا هەتایە.

**دیڤلین**: ئەمە وات لێ دەکات هەست بکەیت، ئاسوودەیت؟

**ڕێبێکا**: نەخێر! وام لێ دەکات هەست بکەم نائاسوودەم! زۆر نائاسوودە.

**دیڤلین**: بۆ؟

**ڕێبێکا**: پێم ناخۆشە کپ بێتەوە. ڕقم لە دەنگدانەوەکەیەتی. حەز ناکەم جێم بێڵێت. پێم ناخۆشە لە دەستی بدەم. تووڕە دەبم، کە بۆ یەکێکی تر بێت. دەمەوێ هەردەم بۆ خۆم بێت. دەنگێکی زۆر خۆشە، وا نییە؟

**دیڤلین**: خۆت نیگەران مەکە. هەردەم یەکێکی تر هەیە. ئێستا یەکێک بەڕێوەیە بۆ لات. بڕوا بکە. هاکا دیسان بیستتەوە، لە هەر چرکەساتێکدا.

**ڕێبێکا:** بە ڕاست؟

**دێڤلین:** دڵنیـــا بە. ئەوانە خـــەڵکێکی زۆر ســـەرقـــاڵن بە ئیش و کارەکانیانەوە، ئەو پۆلیسانە. زۆر کاریان هەیە بیکەن. زۆر شت هەیە پێویستە ئاگەداریان بن، بە وردی چاوەدێرییان بکەن. بە بەردەوامی ئاگەداری و بانگەواز وەردەگرن. زۆربەیان بە کۆدن. بە ڕۆژ، چرکەساتێک تێ ناپەڕێت بێ ئەوەی ئەوان لەم سووچە یا لەو سووچەوە داوا نەکرێن و ئەرکیان پێ نەسپێردرێت. بە ئۆتۆمۆبێلی پۆلیسەوە دێن و فیکە دەکێشن. بۆیە، تۆ، لانی کەم لەم بارەیەوە ئاسوودە بە. وا نییە؟ ئیتر هەرگیز بە تەنیا نابیت. هیچ کاتێک بێ فیکەکێشانی پۆلیس نابیت. بەڵێنت پێ دەدەم.

"وچانێکی کورت"

گوێ بگرە، ئەو کوڕەی، کە ئێستا باسیت دەکرد... مەبەستم ئەو کوڕەیە، کە دەتوانم بڵێم من و تۆ باسمان دەکرد... کەی بە ڕاستی بینیت؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەو هەموو شتە بە ڕاستی کەی ڕوویان دا؟ من بە تەواوی... چۆن دەری برم... بە تەواوی لام ڕوون نەبووەتەوە. بەر لەوەی من بناسیت ڕوویان دا یان دوای ئەوە بوو؟ ئەو پرسیارە بۆ من تا ڕادەیەک گرینگە. دڵنیام تۆ لە پرسیارەکەم دەگەیت.

**ڕێبێکا:** بە ڕاست، شتێک هەیە زۆر حەزم کردووە پێت بڵێم.

**دێڤلین:** چییە؟

**ڕێبێکا:** ئەو کاتەی دەمویست تێبینییەک بنووسم، چەند تێبینییەک بۆ ئۆتووخانەکە بنووسم. ئێ... با بەڕاشکاوی بیڵێم... لیستەیەکی دوور و درێژ. دەزانیت، من پێنووسەکەم لەسەر مێزە بچووکەکەی قاوەخواردنەوە دانا، پێنووسەکە گلۆر بووەوە.

**دیڤلین:** نا؟

**ڕیبێکا:** ئا، یەکسەر گلۆر بووەوە، هەتا سەر مافوورەکە چوو. لە بەرچاوی من.

**دیڤلین:** ئۆی!

**ڕیبێکا:** ئەو پێنووسە، ئەو پێنووسە لە سەدا سەد بێتاوانە.

**دیڤلین:**

ئاخر تۆ نازانیت ئەو بێتاوانە.

**ڕیبێکا:** بۆ نازانم؟

**دیڤلین:** چونکە تۆ نازانیت پێشتر لە کوێ بووە، نازانیت چەند دەستی تر ئەو پێنووسەی گرتووە، چەند دەستی تر پێی نووسیوە، خەڵکی تر چییان لێ کردووە. تۆ هیچ لەبارەی مێژووی ئەو پێنووسەوە نازانیت. هیچ شتێک لەبارەی مێژووی دایک و باوکییەوە نازانیت.

**ڕیبێکا:** پێنووس دایک و باوکی نییە.

"وچانێکی کورت"

**دیڤلین:** تۆ ناتوانیت لەوێ دانیشیت و قسەی ئاوا بکەیت.

**ڕیبێکا:** دەتوانم لێرە دانیشم.

**دیڤلین:** ناتوانیت لەوێ دانیشیت و قسەی ئاوا بکەیت.

**ڕیبێکا:** تۆ باوەڕ ناکەیت، من مافی ئەوەم هەیە لێرە دانیشم؟ پێت وا نییە، من مافی ئەوەم هەبێت لەسەر ئەو کورسییە دابنیشم، لەو شوێنەی کە تێیدا دەژیم؟

**دیڤلین:** من دەڵێم تۆ مافی ئەوەت نییە لەسەر ئەو کورسییەی ئەوێ یان لەسەر هەر کورسییەکی تر دابنیشیت و قسەی ئاوا بکەیت.

ئینجا گرینگ نییە تۆ لێرە بژیت یا نەژیت.

**ڕێبێکا:** مافی ئەوەم نییە چ قسەیەک بکەم؟

**دێڤلین:** کە ئەو پێنووسە بێتاوان بوو.

**ڕێبێکا:** پێت وایە تاوانبار بوو؟

"بێدەنگی"

**دێڤلین:** تۆ تێبینیی ئەوەت کردووە، کە من دەمەوێ تۆ لەم تێکەوتنە ڕزگار بکەم؟ من هەوڵ دەدەم دەربازت بکەم. خۆ دەشێت ئەوە من بم بمەوێ دەرباز بم. مەسەلەکە ترسناکە، دەبینیت؟ من کەوتمە ناو لمی فشەڵ.

**ڕێبێکا:** وەکو کێ؟

**دێڤلین:** ئەمە شتێکە من ڕێک ناوی دەنێم بینینێکی بۆگەن و ناپەسند، ئەگەر وشەی بینین بۆچوونەکەم زەق بکاتەوە. ئاگەدار بە، چۆن باسی خوا دەکەیت. ئەوە خوای تاک و تەنیای ئێمەیە. ئەگەر تۆ وازی لێ بهێنیت، ئەو پشتت لێ دەکات. هەر ئاوڕیشت لێ ناداتەوە. ئینجا ئەو کاتە چی دەکەیت؟ دەزانی ئەمە وەک چی وایە، ئەو بۆشایییە؟ وەک ئەوە وایە ئینگلتەرە لەگەڵ بەرازیل لە "وێمبلی" یاری بکات و کەسیش لە یاریگەکە نەبێت. دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوت؟ هەردوولا بۆ یاریگەیەکی چۆڵ و هۆڵ یاری بکەن. گەمەی سەدەیە. بێدەنگییەکی تەواو. ڕۆحلەبەرێک نییە سەیری بکات. بێدەنگییەکی تەواوە جگە لە فیکەی ناوبژیوانەکە و نەختێک قسەی قۆڕ. ئەگەر تۆ واز لە خودا بێنیت، مانای ئەوەیە گەمەی گەورە و جوانی تۆپی پێ بە یەکجاری لە بیر دەچێتەوە. لە کاتی زیادە دوای کاتی زیادە و دوای کاتی زیادە هیچ خاڵێکی براوە تۆمار ناکرێت، هیچ

خاڵێکی براوە بۆ هەمیشە تۆمار ناکرێت. نەبوونە. گیرخواردنە، ئیفلیجبوونە. دنیایەکە بەبێ براوە.

"وچانێکی کورت"

هیوادارم وێنەکەت وەرگرتبێت.

"وچانێکی کورت"

ئێستا ماوەم بدە ئەمەت پێ بڵێم. کەمێک پێش ئێستا تۆ... با بڵێین... تۆ ئاماژەیەکی تا ڕادەیەک ناڕاستەوخۆت بۆ ئەو کوڕە کرد... بۆ دڵدارەکەت؟... هەروەها بۆ منداڵە ساواکان و دایکەکان تا دوایی، بۆ شۆستەکان. من لەوە بۆم دەرکەوت، کە تۆ باسی جۆرێک لە کاری دڕندانە دەکەیت. ئێستا با ئەو پرسیارەت لێ بکەم. پێت وایە تۆ چ دەسەڵاتێکت هەیە، کە مافی ئەوەت پێ بدات گفتوگۆ لەسەر کاری دڕندانەی ئاوا بکەیت؟

**ڕیبێکا:** من ئەو دەسەڵاتەم نییە. من تا ئێستا هیچ شتێکم بەسەر نەهاتووە. هیچ شتێک بەسەر هیچ هاوڕێیەکم نەهاتووە. من هیچ ئازارێکم نەچەشتووە، هەروەها هاوڕێکانیشم.

**دێڤلین:** باشە.

"وچانێکی کورت"

دەتوانین وردتر قسە بکەین؟ با قسە لەبارەی مەسەلەی وردترەوە بکەین. با زیاتر باسی مەسەلەی کەسێنی بکەین، قسە لەبارەی ئەو شتانەوە بکەین، کە ڕاستەوخۆ دەکەونە چوارچێوەی ئەزموونی خۆت. مەبەستم ئەوەیە، بۆ نموونە، کاتێک سەرتاشێک سەری تۆ دەخاتە ناو هەردوو دەستەکانی و بە نەرمییەوە قژت دەشوات و دەست بە پێستی سەرتەوە دێنێت، کە ئەو کارە دەکات و تۆ چاوەکانت دادەخەیت و ئەویش کاری

خۆی دەکات، ئەو متمانەی تەواوی بە تۆ هەیە. وا نییە؟ ئێ خۆ ئەوە هەر سەری تۆ نییە، کە دەکەوێتە ناو هەردوو دەستەکانی، بگرە هەموو ژیانتە، ڕۆحتە... بەختیاریتە.

"وچانێکی کورت"

کەواتە ئێستا دەزانیت ئەوەی من دەمویست بیزانم، ئەمەیە... کاتێک دڵدارەکەت دەستی خستە سەر قوڕگت، سەرتاشەکەی بیری تۆ هێنایەوە؟

"وچانێکی کورت"

من باسی دڵدارەکەت دەکەم. ئەو پیاوەی ویستی تۆ بکوژێت.

**ڕێبێکا:** من بکوژێت؟

**دیڤلین:** ئازارت بدات تا دەمریت.

**ڕێبێکا:** نا، نا. ئەو هەوڵی نەدا من بکوژێت. نەیویست بمکوژێت.

**دیڤلین:** هەناسەی لێ بڕیت، خنکاندتی. بە قسەی خۆت، ئەوەندە لە خنکاندنەوە نزیک بوو، هیچ جیاوازییەکی نەبوو. وا نییە؟

**ڕێبێکا:** نا، نا. سۆزی بۆ من هەبوو. منی زۆر خۆش دەویست.

"وچانێکی کورت"

**دیڤلین:** باشە، ئەو کوڕە هیچ ناوێکی هەبوو؟ بیانی بوو؟ ئەدی من ئەو کاتە لە کوێ بووم؟ دەتەوێ چی لە من بگەیەنیت؟ تۆ دڵسۆز نەبوویت بۆ من؟ بۆ متمانەت بە من نەکرد؟ بۆ ددانت پێ نەنا؟ خۆ باشتر هەستت بە ئاسوودەیی دەکرد. بە ڕاستی دەبوو تۆ وەکو قەشە ڕەفتارت لەگەڵ من کردبا. دەبوو تۆ وات کردبا من ئەوپەڕی توانام بەکار هێنابا. من هەردەم ویستوومە ئەوپەڕی توانای خۆم بەکار بێنم. ئەمە یەکێک بووە لە خواستە

بەرزەکانی من بە درێژاییی ژیانم. ئێستا من ئەو هەلە باشەم لە دەست چوو. ئەگەر ئەو هەموو شتە پێش ئەوە ڕووی دابا، کە من چاوم بە تۆ کەوت، ئەو کاتە پێویست نەدەبوو هیچ شتێکم پێ بڵێیت. من کارم بە ڕابردووی تۆوە نییە. من بە ئومێدی ئەوە نەبووم باسی ڕابردووی خۆم بۆ تۆ بکەم. گرینگ نییە یەکێکم هەبوو‌بێت. کاتێک تۆ لە ماوەیەکی ژیاندا خەریکی خوێندن دەبیت، بە شتی سەیر سەیر نیگەران نابیت، خۆت دەزانیت، کچان و شتی لەم بابەتە. تۆ مێشکت لەسەر شتی ترە. ئاخۆ تۆ خانەخوێیەکی ژنت هەبووە، وریا و دڵسۆز بێت، بتوانێت دوای سەعات یازدەی شەو، هێلکە و لەتە گۆشتی سوێرکراوی بەرازت بۆ پەیدا بکات؟ جێگەی خەوتنت گەرمە؟ ئاخۆ تیشکی خۆرت بەر دەکەوێت؟ سووپەکە ساردە؟ زۆر بە دەگمەن سمتی کارەکەرە ژنەکەی ژوورەکەت دەلەرێنیتەوە، ئەگەر گریمان تەنیا یەک کارەکەر هەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ شتێک لەمانە ڕوو نادات ئەگەر ژنت هەبێت. ئەگەر ژنت هەبێت، بیرکردنەوەت، ڕامانت، ڕا و بۆچوونت، ئاراستەی خۆیان وەردەگرن. ئەمەیش مانای ئەوەیە، تۆ هەرگیز ماوە نادەیت برازاوا بباتەوە. گوو لە برازاوا بێت، ئەمە هەردەم دروشمی من بووە. ئەو پیاوە سەری خۆی لا دەدات و بۆ پێشەوە دەچێت، ئینجا لە کۆتاییدا چ قسەیەک دەبیسێت، ئەمەیان کێشە نییە. ئەوەیە پیاوی بە غیرەت و بە کردوکۆش.

"وچانێکی کورت"

پیاوێک گوێ بە هیچ شتێک یا کەسێک نادات.

پیاوێک هەست بە توندوتیژیی ئەرکەکەی دەکات.

"وچانێکی کورت"

هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئەم دوو قسەیەی دواییدا نییە. بڕوام پێ بکە.

"وچانێکی کورت"

تۆ لە مەبەست و مانای قسەکەم دەگەیت؟

**ڕێبێکا:** ئا، بەڵێ. شتێک هەیە بیرم چوو پێت بڵێم. سەیر بوو. لە پەنجەرەکەوە سەیری باخەکەم کرد. بەڵێ، لە پەنجەرەکەوە سەیری ناو باخەکەم کرد. ناوەڕاستی هاوین بوو، لە خانووەکەی دۆرێست. بیرتە؟ ئۆه، نا، تۆ لەوێ نەبوویت. پێم وا نییە هیچ کەسێکی تر لەوێ بووبێت. نا، هەر خۆم بووم. من بە تەنیا بووم. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و ئاپۆڕەیەکی گەورەی خەڵکم بینی بەناو دارستانەکەدا بەرەو دەریاکە دەڕۆیشتن. ڕێک بە ئاراستەی دەریاکە. دیار بوو سەرمایان بوو، پاڵتۆیان لەبەر بوو هەرچەندە ڕۆژەکە زۆر خۆش بوو. خۆش بوو، گەرم بوو، ئیتر ڕۆژی دۆرێست بوو. هەموویان جانتایان هەڵگرتبوو. لەناویاندا... ژمارەیەک ڕابەر هەبوون... ڕێگەیان پیشان دەدان. ڕابەرییان دەکردن. بەناو دارستانەکەدا دەڕۆیشتن و منیش لە دوورەوە دەمبینین لە هەورازە شاخەکەوە بۆ دەریاکە دەهاتنە خوارەوە. پاشان لە بەرچاوم دیار نەمان. لێم بوو بە مەراق. بۆیە چووم بۆ نهۆمی سەرەوە و لە بەرزترین پەنجەرەی خانووەکەوە. لەوێ لە درەختەکانی سەری سەرەوەڕا سەیرم کرد. ڕێگەکەم هەتا کەناری دەریاکە دەبینی. ڕابەرەکان لەمبەرەوە بۆ کەنارەکە هەموو خەڵکەکەیان دوای خۆیان دابوو. ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو . دنیا هێندە کشومات بوو نەبێتەوە.

خـۆرەتاوێکی خـۆش بوو. مـن گـشت خـەڵکەکـەم بینی بـۆ ناو دەریاکە دەچوون. ئیتر شـەپۆلەکە بەرە بەرە لە خـۆی لوول دان. جانتاکانیان بەسـەر ئاوەکەوە بەرز و نزم دەبوونەوە.

**دێڤلین:** ئەمــە کــەی بوو؟ کــەی لە دۆرێست ژیایت؟ من هـەرگــیــز لە دۆرێست نەژیاوم.

"وچانێکی کورت"

**ڕیبێکا:** ئەرێ بەڕاست، دەمێک نییە، یەکێک پێی گوتم، کە نەخۆشییەک هەیە پێی دەگوترێت ئەستووربوونی مێشک.

**دێڤلین:** مـەبەستت چییـە، دەڵێیت "یەکێک پێی گوتم"؟ ئەدی کە دەڵێیت "دەمێک نییە" مەبەستت چییە؟ تۆ باسی چی دەکەیت؟

**ڕیبێکا:** ئەم ئەسـتووربوونەی مێشک مـانای ئەوەیە، بۆ نموونە، کـاتێک تۆ نەخـتێک شلـەی چەور دەڕژێنیت، یـەکسـەر بڵاو دەبێتـەوە و گــەورە دەبێت تـا دەبێت بـە دەریایـەکی گــەورە لە شلـەی چەور. دەبێت بە دەریایەکی گەورە لە شلـەی چەور و لە هـەموو لایـەکەوە ئابڵـووقـەت دەدات. تۆ لەناو دەریایەکی گەورە لـە چەوراییی شل دەخنکێیت. شـتێکی ترسناکە. بەڵام، دواجـار، هـەمـووی هـەڵەی خـۆتـە. تۆ ئەمـەت بەسـەر خـۆتەوە هێناوە. تۆ "قـوربانـی"ی ئـەمـە نیت. تۆ "هـۆکـار"ی ئەمـەیت، چونکە ئەوە تۆ بوویت یـەکـەم جـار شلە چەورەکەت ڕشت. تۆ بوویت دەستت لە مەلۆتکەکە بەردا.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** لە چی؟

**ڕیبێکا:** لە مەلۆتکەکە.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** ئینجا پرسیارەکە ئەمەیە؟ تۆ ئامادەیت لەناو شلەی چەوریی خۆتدا بخنکێیت؟ یان تۆ ئامادەیت لە پێناوی ولاتەکەتدا بمریت؟ سەیرکە، تۆ دەڵێی چی، خۆشەویستەکەم؟ بۆ نەچین بۆ دەرەوە و لێخورین بۆ ناو شار و بچین بۆ سینەما؟

**ڕێبێکا:** ئەمە شتێکی سەیر و خۆشە. خەونم پێوە دیوە... زۆر لەمێژە... گوێم لە یەکێک بوو پێی گوتم خۆشەویستەکەم.

"وچانێکی کورت"

سەرم بەرز کردەوە. خەونم دەبینی. نازانم کە خەونم دەبینی، سەرم بەرز کردەوە یان هەرکە چاوم کردەوە، بەلام لەو خەونەدا یەکێک بانگی دەکردم. ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە، کە یەکێک لەو خەونەدا بانگی دەکردم. پێی دەگوتم خۆشەویستەکەم.

"وچانێکی کورت"

بەڵێ.

"وچانێکی کورت"

چووم بۆ دەرەوە، بۆ ناو شارە سەهۆڵبەندەکە. ڕەنگی بەفرەکە سەیر بوو. سپی نەبوو. ها، سپی بوو، بەلام هەندێک ڕەنگی تری لەناو بوو. دەتگوت چەندین دەماری تێدایە و بەناویدا دەڕۆن. وەکو بەفری ئاسایی، بەفر چۆنە ئاوا ساف و لووس نەبوو. بلۆق بلۆق بوو. کە چوومە وێستگەکە، شەمەندەفەرەکە لەوێ بوو. خەڵکی تریش لەوێ بوون.

"وچانێکی کورت"

هاوڕێ نزیکەکەم، ئەو پیاوەی دڵی خۆم پێ دابوو، ئەو پیاوەی هەر لەو چرکەساتەوە، کە یەکترمان بینی، زانیم پیاوی خۆمە،

خۆشەویستەکەم، دۆستە خۆشەویستەکەم. من ئاگام لێی بوو لەسەر شۆستەکە دەڕۆیشت و کۆرپەکانی لە باوەشی دایکەکانیان ڕادەپسکاند و دایکەکانیش دەیانقیژاند.

"بێدەنگی"

**دیڤلین:** ئەدی "کیم" و منداڵەکانت بینی؟

"ڕیبێکا سەیرێکی دەکات"

تۆ ئەمڕۆ چوویت تا "کیم" و منداڵەکان ببینیت؟

"بەوردییەوە سەیرێکی تری دەکات"

"کیم"ی خوشکت لەگەڵ منداڵەکان.

**ڕیبێکا:** ئەها. "کیم"! لەگەڵ منداڵەکان، ئا، ئا، بەڵێ. هەڵبەت بینیمن. بەیەکەوە چامان خواردەوە. ئەدی بە تۆم نەگوت؟

**دیڤلین:** نەخێر.

**ڕیبێکا:** هەڵبەت بینیمن.

"وچانێکی کورت"

**دیڤلین:** چۆن بوون؟

**ڕیبێکا:** "بێن" قسەی دەکرد.

**دیڤلین:** بەڕاست؟ چی دەگوت؟

**ڕیبێکا:** بڵێم چی، شتی وەکو "من ناوم "بێن"ە". شتی لەم بابەتە و "دایکم ناوی دیکمە". ئا لەم شتانە.

**دیڤلین:** ئەدی چی لەبارەی "بێتسی"یەوە دەزانیت؟

**ڕیبێکا:** بە قنگەخشکێ دەڕۆیشت.

**دیڤلین:** ئەها، بەڕاست؟

**ڕیبێکا:** وا بزانم بەر لەوەی ئێمە بە شوێنەکەی خۆمان بزانین، ئەو، بە

ڕاستی فێری ڕۆیشتن دەبێت.

**دێڤلین:** دوور نییە فێری قسەکردنیش بێت. فێر بێت بڵێت "من ناوم 'بێتسی'یە"و شتی تری لەم بابەتە.

**ڕیبێکا:** بەڵێ، هەڵبەت من بینیمن بەیەکەوە چامان خواردەوە، بەڵام ئاخ... خوشکە بەستەزمانەکەم... نازانێت چی بکات.

**دێڤلین:** مەبەستت چییە؟

**ڕیبێکا:** با پێت بڵێم، پیاوە دەیەوێت بگەڕێتەوە... زانیت... بە بەردەوامی تەلەفۆنی بۆ دەکات و داوای لێ دەکات بیگەڕێنێتەوە. دەڵێت چیی تر بەرگە ناگرم. بە قسەی خۆی وازی لە ئەوەی تر هێناوە. دەڵێت ئێستا بە تەنیا دەژی. وازی لە ئەوەی تر هێناوە.

**دێڤلین:** بەڕاست؟

**ڕیبێکا:** ئا، وا دەڵێت. دەڵێت، بیری منداڵەکان دەکەم.

"وچانێکی کورت"

**دێڤلین:** ئەدی بیری ژنەکەی دەکات؟

**ڕیبێکا:** دەڵێت. وازم لە ئەوەی تر هێناوە. بە قسەی خۆی، ئەو هەرگیز مەسەلەکەی بە ڕاستی نەبووە، گاڵتە بووە. خۆت دەزانیت، هەر بۆ ڕابواردن و جووتبوون بوو.

**دێڤلین:** ئێ!

"وچانێکی کورت"

ئەدی "کیم"؟

"وچانێکی کورت"

ئەدی "کیم"

**ڕیبێکا:** ئەو ژنە بە هیچ شێوەیەک نایەوێت پیاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ

لای. دەڵێت مەحاڵە جارێکی تر لەسەر هەمان جێگە لەگەڵیدا بخەوم. هەرگیز، هەتا هەتایە.

**دیڤلین:** بۆ نایەوێت؟

**ڕیبێکا:** هەرگیز، هەتا هەتایە.

**دیڤلین:** ئاخر بۆ نایەوێت؟

**ڕیبێکا:** هەڵبەت من "کیم" و منداڵەکانم بینی. بەیەکەوە چامان خواردەوە. بۆ دەپرسیت؟ پێت وایە من نەمبینیون؟

**دیڤلین:** نا، من نازانم. هەر ئەوەیە تۆ گوتت دەچم چایان لەگەڵ دەخۆمەوە.

**ڕیبێکا:** ئێ، من بە ڕاستی چام لەگەڵ ئەوان خواردەوە. بۆ لەگەڵیان نەخۆمەوە؟ خۆ ئەو خوشکمە.

"وچانێکی کورت"

دەزانیت دوای چا خواردنەوە بۆ کوێ چووین؟ بۆ سینەما. فیلمێکم بینی.

**دیڤلین:** ئێ، چ بوو؟

**ڕیبێکا:** کۆمیدی بوو.

**دیڤلین:** بە ڕاست؟ سەیر بوو؟ پێ کەنیت؟

**ڕیبێکا:** خەڵکی تر پێ کەنین. بینەرەکانی تر پێ کەنین. سەیر بوو.

**دیڤلین:** بەڵام تۆ پێ نەکەنیت؟

**ڕیبێکا:** خەڵکەکە پێ کەنین. کۆمیدی بوو. کچێکی تێدا بوو... دەزانیت... لەگەڵ پیاوێک. لە چێشتخانەیەکی تازە لە نیویۆرک نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. کچەکە پیاوەکەی خستە پێکەنین.

**دیڤلین:** چۆن؟

**ڕێبێکا**: با پێت بڵێم... نوکتەی بۆ گوت.

**دیڤلین**: ئەها، تێگەیشتم.

**ڕێبێکا**: پاشان لە دیمەنی دووەمدا، لە گەشتێکدا بردی بۆ بیابانەکە. دەزانیت، پێشتر لە ژیانیدا لە بیابان نەژیابوو. دەبوو فێر بێت چۆن ڕابێت.

"وچانێکی کورت"

**دیڤلین**: زۆر سەیرە.

**ڕێبێکا**: بەڵام پیاوێک لەپێش من دانیشتبوو، بە لای ڕاستەوە. بە درێژاییی فیلمەکە هەر بێدەنگ بوو. لە شوێنی خۆی نەجووڵایەوە. پیاوێکی کەللەڕەق بوو. وەک مردووی وشکهەڵاتوو وابوو. تەنیا جارێکیش پێ نەکەنی. وەکو جەستەیەکی بێگیان دانیشتبوو. من لێی دوور کەوتمەوە. هەتا توانیم لێی دوور کەوتمەوە.

"بێدەنگی"

**دیڤلین**: ئێستا سەیرکە، با دەست پێ بکەینەوە. ئێمە لێرە دەژین. تۆ لە... دۆرسێت... یا لە هەر شوێنێکی تر ناژیت. تۆ لێرە دەژیت لەگەڵ من. ئەمە ماڵی ئێمەیە. خوشکێکی باشت هەیە. لە نزیک خۆتەوە دەژیت. دوو منداڵی جوانکیلەی هەیە. تۆ پووریانیت. تۆ ئەمەت لا خۆشە.

"وچانێکی کورت"

باخێکی جوان و دڵگیرت هەیە. تۆ باخەکەی خۆتت خۆش دەوێت. تۆ بە تەنیا دروستت کردووە. دەست و پەنجەکانت بۆ ڕووەک چاندن ڕەنگینن. خۆ پەنجەکانیشت زۆر جوانن.

"وچانێکی کورت"

گـوێت لێ بوو چیم گـوت؟ من تەنیـا سـتـایشـم کـردوویت. ڕاستییەکەی، من هەر هەندێک ستایشم کردوویت. با دەست پێ بکەینەوە.

**ڕێبێکا:** پێم وا نییە بتوانین دەست پێ بکەینەوە... ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا دەستمان پێ کرد. دەستمان پێ کرد. ناتوانین دەست پێ بکەینەوە. دەتوانین دوایی پێ بێنینەوە.

**دێڤلین:** بەڵام ئێمە هەرگیز دواییمان پێ نەهێناوە.

**ڕێبێکا:** با، دواییمان پێ هێناوە. جارێکی تر و جارێکی تر و جارێکی تر. دەتوانین جـارێکی تر دوایی پێ بێنین. جـارێکی تر و جارێکی تر و جارێکی تر.

**دێڤلین:** ئەرێ ئێمە وشەی "دوایی پێ هێنان" بەهەڵە بەکار ناهێنین؟ ئاخـر تۆ ناتوانیت "جـارێکی تر" دوایی پێ بێنیت. دەتوانیت تەنیا یەکجار دوایی پێ بێنیت.

**ڕێبێکا:** نەخێـر. تۆ دەتوانیت یەکجار دوایی پێ بێنیت و پاشان جارێکی تر دوایی پێ بێنیت.

"بێدەنگی"

"بە نەرمییەوە گۆرانی دەڵێت"

'خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش' ـ

**دێڤلین:** "خاک و خۆڵیش بۆ خاک و خۆڵ" ـ

**ڕێبێکا:** " ئەگەر ژن چۆکت پێ نەدات" ـ

**دێڤلین:** "ئەوا مەی هەر پێت ئەدات."

"وچانێکی کورت"

من هەردەم زانیومە، کە تۆ منت خۆش دەوێت.

**ڕیبێکا:** بۆ؟

**دیڤلین:** چونکە تۆش حەز لە هەمان ئاواز دەکەیت.

"بێدەنگی"

گوێ بگرە.

"وچانێکی کورت"

تۆ بۆ پێشتر هەرگیز باسی ئەو دۆستەی خۆتت لای من نەکردووە؟ من مافی خۆمە زۆر تووڕە بم. تێ دەگەیت؟ من بە ڕاستی مافی خۆمە زۆر تووڕە بم. تێ دەگەیت؟

"بێدەنگی"

**ڕیبێکا:** ئەرێ بەڕاست، شتێک هەیە ویستم بۆتی بگێڕمەوە. لە ژوورێکی سەرەوەی ناو تەلارێکی زۆر بەرز، لە ناوەڕاستی شار، وەستابووم. ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرە. خەریک بوو پەردەی پەنجەرەکان دادەمەوە، بەڵام کەمێک لەبەر پەنجەرەکە وەستام و سەیری ئەستێرەکانم کرد. پاشان سەیرێکی خوارەوەم کرد. پیرەمێردێکم بینی لەگەڵ کوڕێکی بچووک، لەسەر شەقامەکە دەڕۆیشتن. هەریەکەیان جانتایەکی بە دوای خۆیەوە ڕادەکێشا. جانتای کوڕە بچووکەکە لە خۆی گەورەتر بوو. سەبارەت بە ئەستێرەکانەوە، شەوەکە زۆر ڕووناک بوو. پیرەمێردەکە و کوڕەکە لەسەر شەقامەکە دەڕۆیشتن. هەریەکە دەستی ئەوەی تری گرتبوو. نەمدەزانی بۆ کوێ دەچن. بەهەرحاڵ، خەریک بوو پەردەکان دادەمەوە، بەڵام لە پڕێکدا ژنێکم بینی شوێنیان کەوتبوو. منداڵێکی ساوای بەباوەشەوە بوو.

"وچانێکی کورت"

پێم گوتیت شەقامەکە شەختەبەند بوو؟ شەختەبەند بوو. بۆیە ژنەکە دەبوو زۆر بە وریاییەوە بەسەر قۆرت و کۆسپەکاندا هەنگاو بنێت. ئەستێرەکان بە دەرەوە بوون. ژنەکە شوێنی پیاوەکە و کوڕەکە کەوت هەتا ئەوان ئاوڕیان لێ دایەوە و ڕۆیشتن.

"وچانێکی کورت"

ئەم لە شوێنی خۆی وەستا. کۆرپەکەی باوەشی ماچ کرد.

کۆرپەکەی کچ بوو.

"وچانێکی کورت"

کۆرپەکەی ماچ کرد.

"وچانێکی کورت"

گوێی لە ترپەی دڵی کۆرپەکەی ڕاگرت. دڵی لێی دەدا.

" ژوورەکە تاریک دەبێت. چراکان زۆر گەشن"

"ڕێبێکا زۆر بەبێدەنگییەوە دادەنیشێت"

کۆرپەکە هەناسەی دەدا.

"وچانێکی کورت"

من لە باوەشم گرت. هەناسەی دەدا. دڵی لێی دەدا.

**دێڤلین**: "دێڤلین دەچێتە لای ڕێبێکا. بەسەر سەریەوە دەوەستێت و سەیری دەکات. دەستی دەنووقێنێت و لە دەموچاوی نزیکی دەکاتەوە. دەستی چەپی دەخاتە پشت ملی بە توندی دەیگرێت. سەری لە مشتەکۆڵەکەی نزیک دەکاتەوە. مشتەکۆڵەکەی بەر دەمی دەکەوێت"

دەستم ماچ کە.

**ڕێبێکا**: "لە شوێنی خۆی ناجووڵێت"

**دێڤلین:** "مشتەکۆڵەکە دەکاتەوە و ناولەپی دەستی لەسەر قورگی ڕێبێکا دادەنێت. ڕێبێکا جووڵەی ناکات"

قسە بکە. بیڵێ. بڵێ "دەست بنێ بە بینمەوە"

"ڕێبێکا جووڵە ناکات"

داوام لێ بکە دەست بنێم بە بینتەوە.

**ڕێبێکا:** "نە قسە دەکات و نە جووڵەیش دەکات"

**دێڤلین:** "دەستی لەسەر قورگی ڕێبێکا دادەنێت. لەسەرەخۆ پاڵەپەستۆی زیاد دەکات. سەری ڕێبێکا بۆ دواوە دەچێت. هەردووکیان بێدەنگن"

**ڕێبێکا:** "قسە دەکات. قسەکانی دەنگ دەدەنەوە. دێڤلین پاڵەپەستۆی دەستی لەسەر قورگی ڕێبێکا کەم دەکاتەوە"

ئێمەیان برد بۆ لای شەمەندەفەرەکان.

**دەنگدانەوە:** شەمەندەفەرەکان.

**دێڤلین:** "دەستی لەسەر قورگی ڕێبێکا هەڵدەگرێت"

**ڕێبێکا:** کۆرپەکانیان دەرفاند

**دەنگدانەوە:** دەرفاند

"وچانێکی کورت"

**ڕێبێکا:** من کۆرپەکەی خۆمم هەڵگرت و لە دەسماڵەکەمم ئاڵاند

**دەنگدانەوە:** دەسماڵەکەمم ئاڵاند

**ڕێبێکا:** بە دەسماڵەکەوە کردم بە مەلۆتکە

**دەنگدانەوە:** بە مەلۆتکە

**ڕێبێکا:** خستمە ژێر باڵی چەپم

**دەنگدانەوە:** باڵی چەپم

"وچانێکی کورت"

**ڕیبێکا**: ئیتر بە کۆرپەکەوە ڕۆیشتم

**دەنگدانەوە**: کۆرپەکەوە ڕۆیشتم

"وچانێکی کورت"

**ڕیبێکا**: بەڵام کۆرپەکە گریا

**دەنگدانەوە**: کۆرپەکە گریا

"وچانێکی کورت"

**ڕیبێکا**: ئینجا پیاوەکە داوای لێ کردم بگەڕێمەوە

**دەنگدانەوە**: لێ کردم بگەڕێمەوە

**ڕیبێکا**: پێی گوتم تۆ چیت هەیە لەوێ

**دەنگدانەوە**: چیت هەیە لەوێ

**ڕیبێکا**: دەستی درێژ کرد بۆ مەلۆتکەکە

**دەنگدانەوە**: بۆ مەلۆتکەکە

**ڕیبێکا**: منیش مەلۆتکەکەم پێ دا

**دەنگدانەوە**: مەلۆتکەکەم پێ دا

**ڕیبێکا**: ئەمە دوایین جار بوو مەلۆتکەکە هەڵبگرم

**دەنگدانەوە**: مەلۆتکەکە هەڵبگرم

"بێدەنگی"

**ڕیبێکا**: ئینجا سەرکەوتین بۆ ناو شەمەندەفەرەکە

**دەنگدانەوە**: ناو شەمەندەفەرەکە

**ڕیبێکا**: ئینجا گەیشتینە ئەم شوێنە

**دەنگدانەوە**: ئەم شوێنە

**ڕیبێکا**: ئیتر چاوم بە ژنێک کەوت، کە دەمناسی

**دەنگدانەوە:** کە دەمناسی

**ڕێبێکا:** ژنەکە پێی گوتم، کۆرپەکەت چی بەسەر هات

**دەنگدانەوە:** چی بەسەر هات

**ڕێبێکا:** کوا کۆرپەکەت

**دەنگدانەوە:** کوا کۆرپەکەت

**ڕێبێکا:** منیش گوتم کامە کۆرپە

**دەنگدانەوە:** کامە کۆرپە

**ڕێبێکا:** من لەبارەی هیچ کۆرپەیەکەوە نازانم

**دەنگدانەوە:** کۆرپەیەکەوە نازانم

"وچانێکی کورت"

**ڕێبێکا:** لەبارەی هیچ کۆرپەیەکەوە نازانم

"بێدەنگییەکی دوور و درێژ"

شانۆ تاریک دەبێت

## پەراوێزەکان

پەراوێزی تایبەت بە شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن"

١. بڕوانە لاپەڕەکانی ٢٤٤ – ٢٥٠ لە:

Bilington, Michael, Harold Pinter, Faber, and faber 1996

پەراوێزی تایبەت بەشانۆنامە "زمانی چیا"

١. "ئینتەرناشنەڵ پێن" ڕێکخراوێکی نووسەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە و ئامانجەکەیشی قووڵکردنەوەی هاوئاهەنگی و دۆستایەتیی نێوان نووسەرانە لە سەرتاسەری جیهاندا. ئامانجێکی تریشی جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی ئەدەب لە پێشخستنی لەیەکگەیشتن و پێشاندانی هاوسۆزی بەرانبەر بە کولتووره جیاوازەکان و خەباتکردن لە پێناوی ئازادیی ڕادەربڕین. زۆر لە نووسەرانی سەر بەم ڕێکخراوەیش لە پێناوی ئەمەدا تووشی ئەشکەنجە و زیندانیکردن و تەنانەت کوشتنیش هاتوون. ڕێکخراوەکە تەنیا ڕۆماننووس و شانۆنووس و شاعیران ناگرێتەوە، بگرە هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی جیهان دەگرێتەوە. جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە هەریەک لە "جۆزێف کۆنراد"، "بێرناردشۆ"، "ئارثەر میلەر"، "ئێچ. گی. وێڵز"و "هارۆڵد پینتەر" لەم ڕێکخراوە ئەندام بوون."وەرگێڕ"

٢. بڕوانە لاپەڕە ٤ لە: "Enter Stage Left: Harold Pinter's Radical Departures"," interview with Anna Ford, The Listener. 27 October 1988

٣. پوختەی ئەم نامەیەم بە سوپاسەوە لەلایەن برای هونەرمەند، "دانا ڕەئووف"ەوە پێ گەیشت. "وەرگێڕ"

٤. بڕوانە: Reference guide to English literature.Vol. 2. Writers H-Z, Chicago :St. James Press, Cop. 1991

٥. بڕوانە پێشەکیی کتێبی:_

Complete Works, Vol. 4.Grove Press, 1981

٦. لاپەڕە ١٦ لە: Thiong’o, Ngugi wa. Decolonising the Mind London: James Currey Ltd, 1986

٧. لاپەڕە ١٧ ـ ٢٢ لە: Hall, Ann C. "Voices in the Dark: The Disembodied

Voice in Harold Pinter's Mountain Language." Pinter Review: Annual Essays 1991

٨. بڕوانە: Harold Pinter in interview with Nicholas Hern, "A Play and its Politics," One for the Road, New York: Grove Press, 1985.

the Road, New York: Grove Press, 1985, 22.

٩. واتە تۆ قەشەیت و پەیمانی خۆتت شکاندووە، چونکە مەبەستی لە جلوبەرگ عەبای قەشەیە."وەرگێڕ"

١٠. بەگوێرەی ئینساکلۆپیدیای ویکیپێدیا Wikipedia ئەمانە کۆمەڵەیەکی ئاینی بوون، کە لە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی هەڵگەڕابوونەوە. سەرەتا لە سەدەی یازدەم لە هەرێمی لاندۆک لە فرەنسا پەیدا بوون. لە سەدەی دوازدە و سێزدە گەشەیان کرد، بۆیە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی لە نێوان ١٢٠٩ – ١٢٢٩ شاڵاوێکی سەربازییان لە دژیان ئەنجام دا، کە بیست ساڵی خایاند. "وەرگێڕ"

١١. لە ساڵی – ١٩٥٥ لە کاتێکدا سێیەم پێشبڕکێی یاریی کریکێت لە نێوان ئینگلتەرە و ئوسترالیا لە مێلبۆرن ساز درا، هەندێ کەس بێ گوێدانە یاسای یارییەکە، دارەکانی یارییەکە، واتە یاری (کریکێت)یان تەڕ کردبوو بۆ ئەوەی خێرایی تۆپەکە کەم بکەنەوە. دیارە بە مەیش یارمەتیی یاریزانە ئوسترالییەکانیان دابوو. ئەم کردەوە ناشیرینە لە ڕۆژنامە نیشتمانییەکان بڵاو کرایەوە. شایانی باسە یاریی کریکێت، کە بە تۆپ و گەڵاکوتک دەکرێت یارییەکی باوە لە ئینگلتەرە. "وەرگێڕ"

١٢. ئۆلیڤەر پلانکیت Oliver Plunkett دوایین شەهیدی ئیرلەندا بوو لە سەدەی حەڤدەم. "وەرگێڕ"

١٣. قسەیەکی باوە بە گاڵتە دەگوترێ و وەڵامەکەیشی ئاساییە :" چونکە ویستی بچێتە لایەکەی تری ڕێگەکە"

١٤. مەبەستی ئەوەیە ئاخۆ مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە. ئەم مەتەڵە زۆرجار وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کێشانەی، کە هێشتا چارەسەر نەکراون بە نموونە دەهێنرێنەوە. "وەرگێڕ"

١٥. بۆ سەرچاوەی ئەم دەقەی شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" بڕوانە: هارۆڵد پینتەر، ئەسانسێرەکە ، ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب. دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی ٣٦، ساڵی ٢٠٠٩ .

١٦. وشـەی ( ... ) لەلایەن "پینتـەر خـۆیەوە بەکار هاتووە . دیارە مـەبەسـتی ئەوەیە زیاتر- توندوتیـژ و بـازاڕی بێت. مـن نەمــویست ڕیتــمی شــانۆنامــەکــە بە وشــەیەکی تر بشـێـوێنم، بەڵام دەرهێنـەری کـورد دەتوانێت "ڕابـواردن" بەکـار بێنێت بۆ ئەم مەبەستە. "وەرگێڕ"

پەراوێزەکانی شانۆنامەی "خۆڵەمێش":

١. کـەمپی "بوکـەنوۆڵد" یەکـەمین و گـەورەترین کـەمپی ئەڵمـانییە نازییەکـان بوو لە ناوەڕاسـتی ئەڵمـانیـا لە سـاڵی -١٩٣٧- دامـەزرا و جـوولەکـەکـانی ئەوروپا و ڕووسیای تێدا کۆ کرایەوە بە مەبەستی قڕکردنیان.

٢. بڕوانە لاپـەڕە ١٣٣ لـە: Hollis Merritt, Susan Pinter and Politics in Pinter at 70: A Casebook Lois Gordon (ed) London: Rutledge

٣. بڕوانە: Bensky, Lawrence 'The Art of the Theatre in Pinter and the Theatre Ian Smith (ed) London: Nick Hern Books

٤. بڕوانە: Gussow, Mel, Conversations with Pinter London: Nick Hern Books 1994.

٥. بڕوانـە لاپـەڕە ٣٧٦ لـە: Billington, Michael The Life and Work of Harold Pinter (London : Faber and Faber, 1994)

٦. بڕوانە لاپـەڕە ٣١ لـە: Charlotte Delbo, "None of us will return", in Auschwitz and After, tr. by Rosette Lamont (New Haven : Yale University Press, 1995)

٧. بڕوانە لاپـەڕە- ٣٧٤ - ٣٧٥ لـە: Billington, Michael The Life and Work of Harold Pinter (London : Faber and Faber, 1996)

٨. بڕوانە لاپەڕە ١٥٩ـ١٦٠ لە:_

D.Keith Peacock, Harold Pinter and the New British Theatre (Westport, Conn.: Greenwood Press, 1997)

٩. دیارە هـەمـوو فـەرهـەنگەکـان، وەکـو ئینسـایکلۆپێـدیای ویکیـپیدیا و هـەروەهـا هـەمـوو ئەو ماڵپـەڕانەی، کە تایبـەتن بە ناو و ڕەگ و ڕیشـەی ناوی مرۆڤ وەکـو babycentre.com، thinkbabynames.com ئەو ڕاسـتییە پشـتڕاست دەکەنەوە، کە "ڕێبێکا" ناوێکی جوولەکەیە و "دێڤلین"یش ئێرلەندییە. (وەرگێڕ)

١٠. بڕوانە: Hanna SCOLNICOV, "Ashes to Ashes: Pinter's Holocaust Play" , paru dans Cycnos,2008.

## پێڕست


خاکی بێ خاوەن ........ 5

نهێنیی دیالۆگەکان لە شانۆنامەی "خاکی بێ خاوەن"دا ........ 7

بەشی یەکەم ........ 23

بەشی دووەم ........ 63

زمانی چیا ........ 97

"زمانی چیا" و پووچگەراییی تۆتالیتاریزم ........ 99

یەکەم ........ 122

دووەم ........ 127

سێیەم ........ 130

چوارەم ........ 133

خۆڵەمێش ........ 135

شانۆنامەی "خۆڵەمێش" و هۆلۆکۆست ........ 137

پەراوێزەکان ........ 181